# دیوانی شێخ رەزای تاڵەبانی



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

س. پ. ژمارە: ١

www.araspublisher.com

# دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی

کۆکردنەوە و ساغکردنەوەی

شێخ محەمەدی خاڵ        ئومێد ئاشنا



ناوی کتێب: دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی
کۆکردنەوە و ساغکردنەوەی: شێخ محەمەدی خاڵ و ئومێد ئاشنا
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٢٢٣
دەرهێنانی هونەری: بەدران ئەحمەد حەبیب - دلاوەر صادق ئەمین
دەرهێنانی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
خۆشنووسیی بەرگ: محەمەد زادە
سەرپەرشتیی کاری چاپخانە: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم - هەولێر: ٢٠٠٣
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە
٣٩٤ی ساڵی ٢٠٠٣ی دراوەتێ

## وتەی دەزگای ئاراس

دەزگاکەمان لە ساڵانی پێشوودا دوو چاپی جیاوازی لە دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی بڵاوکردەوە. یەکەمیان لەلایەن مامۆستای خوالێخۆشبوو شوکور مستەفاوە ساغ کرابووەوە و شرۆڤەکرابوو، دووەمیشیان لەلایەن بەڕێز د. موکەڕەم تاڵەبانییەوە. هەر یەکێک لەم چاپانەی دیوانی شێخ ڕەزا کەلێنێکی گەورەی لە کتێبخانەی کوردیدا پڕ کردەوە، بەتایبەتیش لەبەرئەوەی کە ئەو بەڕێزانە، دوای ئەرک و ماندووبوونێکی زۆر کارەکانیان بەئەنجام گەیاندبوو، ئەمە وێڕای شارەزایی و باڵادەستییان لە کارەکەدا. هەروەها دەزگاکەمان لەوەوپێش لێکۆڵینەوەیەکی تێروتەسەلیشی لەبارەی شێخ ڕەزاوە بڵاوکردەوە کە نووسەری لێهاتوو ئەحمەد تاقانە نووسیبووی. هیچ دەزگایەک نییە هێندەی دەزگای ئاراس بایەخی بەساغکردنەوە و لێکۆڵینەوەی شیعری شێخ ڕەزا دابێت. بۆیە ئەو کارانەی لەم بارەیەوە پێشێکێشمان کردوون بوونەتە مایەی شانازیمان.

پێش دوو ساڵ یان زیاتر دانەیەکی تری دیوانی شێخ ڕەزامان کەوتەدەست کە لەلایەن هەردوو خوالێخۆشبووان شێخ محەمەدی خاڵ و ئومێد ئاشناوە ئامادەکرابوو. لەراستیدا، بەهۆی دوو چاپەکەی پێشووی دیوانەکەوە نەختێک درێغیمان لە بڵاوکردنەوەی ئەم کارەکەی دواییدا کرد. بڵاوبوونەوەی سێ چاپی دیوانی شاعیرێک لەماوەی دوو ساڵدا لەوانەبوو بووبوایە بەمایەی گلە و گازنی هەندێک لەو نووسەرە بەڕێزانەی دەرچوونی بەرهەمەکانیان لە دەزگاکەمان ماوەیەک دواکەوتبوون. ئەمەبوو هۆی پشتگوێ خستنی چاپی ئەم دانەیەی دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی.

مانگی پێشوو (تشرینی دووەمی ٢٠٠٣) بەڕێکەوت لە ئەرشیڤی دەزگادا، جارێکی تر ئەم دیوانەم کەوتەوە بەرچاو. ئەم جارە سەرنجێکی باشترم لێی دا. بۆم دەرکەوت کەوا ئەم دانەیە ئەگەر ڕێکوپێکتر و دەوڵەمەندتر و فرەوانتر نەبێ لە چاپەکانی پێشوو، لێشیان کەمتر نییە. زۆر شیعر لێرەدا بەرچاو دەکەون کە یەکەم جارە دەبینرێن. ئەمە هاندەرێکی گەورەبوو تا بڕیارێکی کتوپڕ و خێرا بۆ چاپی ئەم دیوانە بدەین. نابێ ئەوەشم لەبیر بچێ کە ئەم ساغکردنەوە و ئامادەکردنەی ئەمجارە، یادگار و بیرەوەرییەکی گرینگی خوالێخۆشبووان: زانای گەورە شێخ محەمەدی خاڵ و نووسەری هێژا ئومێد ئاشنایە کە بەرهەمە زۆر و زەوەندەکانی هەردووکیان لە کتێبخانەی کوردیدا مایەی شانازیی نەتەوەکەمانن، هەردووکیان کۆچیان کردووە و چوونەتە بەر دڵۆڤانیی خوای مەزن. ئێمە پەشێمان بووینەوە لە درەنگخستنی چاپی دیوانەکە.



بەشانازی و خۆشحاڵییەکی زۆرەوە ئەم چاپە تازەیەی دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی دەخەینە بەردەستی خوێنەرانی کوردی، بەو هیوایەی ببێ بەسەرچاوەیەکی نوێ بۆ لێکۆڵینەوە لە بەرهەم و ژیانی ئەم شاعیرە گەورەیەمان. لەهەمان کاتیشدا گیانی شێخ ڕەزا و شێخ محەمەدی خاڵ و ئومێد ئاشنای پێ شادببێ. نابێ سوپاسی هەردوو بنەماڵەی ڕێزداری ئامادەکارانی دیوانەکە لەبیر بکەم و، هیوای سەرکەوتن بۆ هەموویان دەخوازم.

بەدران ئەحمەد حەبیب

هەولێر ٢٤ کانوون (١) ٢٠٠٣

## سەرەتا

نووسینی: ئومێد ئاشنا

یەکەم جارە لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا کە بەم شێوە بەرفراوان و قەوارە گەورەیە دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی بکەوێتە بەرچاوی خوێنەرانی کورد و ماڵی کتێبخانەی کوردیی پێ ئاوەدان بێتەوە. بەش بەحاڵی خۆم بەشانازی و دڵپەسندییەوە ئەم کارە تەماشا دەکەم بەتایبەتی لەوەدا کە نەمهێشت ڕەنجی چەندین ساڵەی مامۆستای خوالێخۆشبوو شێخ محەمەدی خاڵ بەفیرۆ بڕوات و لەو جێگەیەدا کە ئەو بەجێی هێشتبوو بەهۆی باری خراپی تەندروستی و نەمانی ڕۆشناییی چاوەکانییەوە، ئا لەو جێگەیەوە دەستم پێ کرد، هەرچەندە لە سەراپای ژیانی ئەدەبیی خۆمدا ئەوەندە ماندوو نەبووم و بەم جۆرە بەردەوامە کارم نەکردووە، بەڵام بایەخ و پیرۆزیی بابەتەکە ئەو هەموو ماندووبوون و شەکەتبوونەی لە بیر بردمەوە و هەموو ڕۆژ بەگیانێکی نوێ و لە خۆبوردووییەوە دەستم پێ ئەکردەوە.

مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵ کارەکەی هەتا پیتی واو شیعری (ڕووخاندی گەردشی گەردوون لە هەر جێ ئاستانێ بوو) بەجێ گەیاندبوو. واتا یەک بەش لە چوار بەشی ئەم دیوانە و تەنیا لە بەشە کوردییەکەیدا، بۆ چارەسەری ئەم کارە مامۆستا خالید خاڵ بەسوپاسەوە زۆر یارمەتیی دام بەوەی کە هەرچیی بۆ دۆزرایەوە لە شیعرەکانی شێخ ڕەزا لای باوکی بۆ ئامادە کردم، بەڵام ئەمە نەیتوانی کارەکەم بۆ مەیسەر بکات چونکە بەشێک بوو لە دیوانەکە، ناچار گەڕامەوە بۆ ئارشیفی تایبەتیی خۆم و هەموو ئەو شیعرانەی کە لە ناوەندی چەندین ساڵەی ئەدەبی کوردیدا بڵاوکراوەتەوە، ئەمەش چووە پاڵ ئەو سەرچاوانەی باسم کردن، جگە لە دیوانی شێخ ڕەزای ساڵی ١٩٤٦ کارەکەمان بەم جۆرە دابەش کرد و ڕێک خست:

١- دانانی ئەو شیعرانەی کە لە دەستنووسەکەی شێخی خاڵدا نەبوو لە



جێگای تایبەتی خۆیاندا و نووسینی پەراوێزەکانی شێخی خاڵ و ئەوانەی من لە کۆتایی شیعرە کوردییەکاندا هەتا بیر و هۆشی خوێنەر پەرت و بڵاو نەبێتەوە لە نێوان شیعر و پەراوێزەکاندا.

٢- جوێکردنەوەی بەشی بابەتی هەجوەکانی نێوان شێخ ڕەزا و شوکری فەزڵی بەکوردی و فارسی.

٣- تەرخانکردنی بەشێکی شیعرەکانی شێخ ڕەزا و ئەمین فەیزی بەکوردی و لە بەشەکانی تردا بەفارسی و تورکی.

٤- نووسین و پێوەندییەکانی پیرەمێرد بەشێخ ڕەزا و جۆری نووسینەکان بەکوردی و فارسی.

٥- بەشی شیعرەکانی شێخ ڕەزا بۆ هەر یەک لە موفتی زەهاوی، جەمیل صدقی زەهاوی، موفتی دەروێش ئەفەندیی کەرکووک بەکوردی و فارسی و تورکی.

٦- کۆکردنەوەی نوکتە و بەسەرهاتە خۆشەکانی شێخ ڕەزا کە لە دەستنووسەکەی شێخی خاڵدا هەندێکی هەبوو لەگەڵ ئەو نوکتانەی کە لە سەرچاوەی تردا دەستم کەوتووە و، دانانی لە بەشێکی تایبەتیدا کە بەلای منەوە هەرچەندە ئەم نوکتانە زیاتر لە ڕووی پێکەنین و خۆشیی کات بەسەربردنەوە تەماشا کراوە. بەڵام ڕاستییەکەی ئەوانە کۆمەڵێ هەڵوێستی مرۆڤانە و بوێر و چاونەترسانەی شێخ ڕەزان بەرامبەر بەڕووداوەکانی ڕۆژگاری خۆی. واتە هەڵوێستی شێخ ڕەزا بووە، بەرامبەر ژیان و هەموو کێشەکانی ئەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئەم مرۆڤە ئازایە خەم و ئازار و ئاواتەکانی هەموو گەڕان و وێڵبوون بووە بەدوای هەقیقەتدا، ئەو هەقیقەتانەی ئەو لە ژیان و ناوەرۆک و دیاردەکانیدا بینیویەتی و عاشقی بووە. شێخ ڕەزا شیعری کوردیی ئەو ڕۆژگارەی لە دیوەخان و تەکیە و سەرتاق و ڕەفەی کتێبخانەکانەوە هێنایە ناو ژیانی ڕۆژانەی خەڵکییەوە، لە ژیان نزیکی کردەوە و ڕاستەوخۆ

ئاوێتەی ژیانی کرد و شیعرەکانی لەسەر لاپەڕەی دەستنووس و پەراوێزی کتێبەکانەوە بەرزبوونەوە و هاتە سەر زاری کۆمەڵانی خەڵک و بەسەر دەمیانەوە بووە لە کۆڕ و موناسەبە و یەکتر بینیندا بۆ یەکتریان دەخوێندەوە کە بەڕاستی ئەمە دیاردەیەکی نوێ بوو لە شیعری کوردیدا.

وەهام بەباش زانی کە بەشی یەکەمی دیوانی شێخ ڕەزا تەنیا شیعرە کوردییەکان بێت. لەبەر ئەوەی شیعرە فارسی و تورکییەکان هەریەک بۆ خۆیان کەرەسەی دیوانێکی سەربەخۆ پێک دەهێنن. بەتایبەتی من نەمویست تەنیا شیعرە فارسی و تورکییەکان بنووسمەوە. بەڵکو هەستم بەمە کرد پێویستە دوو کاری بنەڕەتی لەو شیعرە فارسی و تورکییانەدا بکرێت.

١- لە نووسینەوەی شیعرەکاندا پێویستە ڕێنووس و شێوەی نووسینەوەی شیعرەکان لەژێر سەرپەرشتیی فارسیزان و تورکیزانی باشدا بێت و دوو شارەزا لە هەریەک لەو دوو زمانەدا بۆ ڕاست نووسینەوە و بۆ لێکدانەوەی شیعرەکان و نووسینی مانای وشە گرانەکان.

٢- وەک لە شیعرە کوردییەکاندا شێخ ڕەزا داهێنەر و وەستا و کارامە و زاڵ بووە، لە فارسی و تورکیشدا بەهەمان جۆر، ئەم شاعیرە خوڵقێنەر و خاوەن ڕێبازی خۆی و دەنگی تایبەتی خۆی بووە، بەم هۆیەوە جوێکردنەوەی شیعرە فارسییەکان بەبەشی دووەمی دیوانەکە و شیعرە تورکییەکان بەبەشی سێیەمی، ئەرک و ماندووبوون و پشوودرێژیی پێویستە، کە ئەو کەسەی کاری تێدا دەکات تەنیا ئەوەندە بەس نییە کە فارسی یا تورکی بزانێت بەڵکو دەبێت یا شاعیر یا ڕۆشنبیرێک بێت لە بواری ئەدەبیاتی فارسی یاخۆ تورکیدا. پرۆژەی من لەم کارەدا ئەوەیە ئەگەر دووکەسی وەها دەست کەوتن و بڕیاری کاریان دا شان بەشانی خۆم ئەوا دەتوانم بەرگی دووەم و سێیەمیش بەئەنجام بگەیەنین و چاپ بکرێت و کتێبخانەی کوردیی پێ ئاوەدان بێتەوە.



خوێنەری بەڕێز

هیچ کارێک بێ خەوش و ناتەواوی نابێ، لە توانای مامۆستای خوالێخۆشبوو شێخ محەمەدی خاڵ و لە توانای مندا ئەوەندە هەبووە. هەر ڕەخنە و ڕاستکردنەوە و پێشنیازێک لە بارەی ئەم بەشەی دیوانەکەوە بنووسرێت خزمەتی دیوانی شێخ ڕەزا دەکات و بۆ چاپی داهاتوو سوودبەخش دەبێت.

درووود بۆ گیانی پیرۆز و نەمری شێخ ڕەزای تاڵەبانی و مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵ کە ئەرکی خۆیان بەرامبەر نەتەوەکەیان بەجێ هێنا ئەگەر منیش توانیبێتم لەم بوارەدا خزمەتێکم بەشیعری شێخ ڕەزا و ئەدەبیاتی نەتەوەکەم کردبێت خۆشحاڵ دەبم.

## پێشەکی

**نووسینی: شێخ محەمەدی خاڵ**

هەموو زانایەکی پێگەیشتوو و دانایەکی تێگەیشتوو ئەزانێ کە دیوانی شیعر باشترین نموونەی بەرزی کۆمەڵ و گەلە، بەڵکو نیوە شیعرێک تای تەرازووی گەلێکە و، بەدووتای ئەم تەرازووە گەل ئەکێشرێ و سەنگ و سووکیی دەرئەکەوێ. گەلی کورد لەبەر سافیی ئاسمانی وڵاتەکەی و بەرزیی شوێنی و جوانیی چاوەندازەکانی و مام ناوەندیی (اعتدال) هەوا و کزەبای بەیانیانی و شنەی شەماڵی نیوەڕوانی و سۆزەبای ئێوارانی و جریوەجریوی ئەستێرەکانی و تریفەتریفی مانگەشەوی و نەرم و شلیی هەتاوی نیوەڕوانی، هەموو یەکێکیان بە ژن و پیاوەوە شاعیری مادەرزاد و وێژەری زگماکن، لەبەرئەوە ئەتوانم بڵێم ئەوەندەی ئەستێرەی ئاسمان شیعر و شاعیرمان تیا هەڵکەوتووە.

داخی گرانم ئەگەر شیعری هەموو شاعیرەکانمان لەکاتی خۆیا کۆ بکرانایەوە ئێستا بەسەدەها دیوانمان ئەبوو، بەڵام بەداخەوە لە هەزارا یەکێکیان شیعریان نەنووسراوە و کۆ نەکراونەوە لەگەڵ مردنی خۆیان شیعرەکانیشیان مردوون و نێژراون بەبێ ناوونیشان چوونە بیابانی نەبوونی، تەنانەت ناوی شیعرەکانیشمان پێ نەگەیشتوون. ئەم دە پازدە بیست دیوانەی کە ئێستا لەناومانا هەن بەچاپکراو و دەستنووسەوە هەر هی شاعیرانی ناوچەی خۆمانن، لە دووسەد ساڵی ڕابردوودا و ئینجا ئەبێ شاعیرانی کوردستانی گەورە لە دەوروبەری باباتاهیری هەمەدانییەوە کە هەزاران ساڵ پێش ئێستا بووە چەند بووبن و چۆن بووبن مەگەر هەر خوا خۆی بزانێ. یەکێک تەماشای باسی شارەزوور بکات لە کتێبی (معجم البلدان)ی یاقووتی حەمەویدا یا تەماشای وتارە بەنرخەکەی خوالێخۆشبوو مستەفا جەواد بکات لەژێر سەرباسی جاوانیدا کە لە جزمی یەکەم لە جلدی چوارەمی گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورددا بڵاوکراوەتەوە تێ ئەگات کە



هەر شارەزوور بەهەزاران شاعیر و نووسەر و وێژەری تیا هەڵکەوتووە. (دائرة المعارف)ی سەدەی بیستەم ژیانی زۆریانی نووسیوە لەگەڵ نووسینی زۆر لە چامە و چەکامە (غەزەل و قەسیدە)یان.

باشە شاعیرە کۆنەکانی دەوری باباتاهیری هەمەدانی گەر فەوتابن لەبەر دووری و بەسەرهاتی ڕۆژگاری بەدکردار، ئەی شاعیرەکانی دەوری خۆمان بۆچی شیعرەکانیان فەوتاون؟ زۆر دوور نەڕۆین ئەوە شێخ ڕەزای تاڵەبانی کە پێچی مێزەرێکە کۆچی دوایی کردووە و، تا ئێستا دووجار دیوانەکەی لە چاپ دراوە، بەڵام بەداخەوە دە یەکێکی کۆکراوەتەوە. ئەوەی کۆشکراوەتەوە هەمووی پڕە لە هەڵە و ساتمە و کەموکوڕی و کورت و کوێری. بێگومان شێخ ڕەزا بەقەد *کەلیم*[1] شیعری فارسی و بەقەد *نامق کەمال* شیعری تورکی و بەقەد *نالی* و سالم شیعری کوردی هەبووە بەڵام بەداخەوە بەشی زۆریان لەناوچوون. کوا شیعرەکانی بەهەر چوار زبانەکە؟ چییان لێ هات؟ بۆچی مەردێک لە خزمەکانی خۆی شیعرەکانی کۆ نەکردۆتەوە؟ یا بۆ خۆی لە دەفتەرێکدا هەمووی تۆمار نەکردووە؟ دیوانم نەدیوە ئەوەندەی دیوانی شێخ ڕەزا بەدبەخت و وێران و هەڵەی تیابێ... ئینجا ئەم هەڵانە دوو جۆرن.

یەکەمیان هەڵەی زۆر زلن وە لەو هەڵانە نین کە بەچەقۆکەی مەلای مەزبوورە بکرێنرێ[2]. وەک ئەم شیعرانە کە لەلاپەڕە ١٣دا نووسراون لە

١- کلیم: بەکوردی دەنووسرێ -کەلیم- شاعیرێکی ئێرانی لە حاشییەکانی سەر سویتیدا پێی ئەڵێن -أبو طالب- شیعرەکانی تا بڵێیت بەرز و بەپێز و سۆزە. تا ئێستا وا بزانم لە چاپ نەدراوە. وێنە -نوسخەیەکی- زۆر چاکم هەیە پێی ئەڵێن نوسخەی سەر خەزێنە.

٢- ئەڵێن ڕۆژێک مەلای مەزبوورە چەقۆیەکی تیژی دەم پانی دەم تیژ ئەکا بەبەر پشتێنەکەیا کە ئەچێ بۆ مزگەوت لێی ئەپرسن مەلا ئەم چەقۆ زلە چییە ئەویش ئەڵێ: هەڵەی کتێبی پێ ئەکرێنم، ئەوانیش ئەڵێن: هەڵەی کتێب بەچەقۆیەکی بچکۆلانە ئەکرێنرێ، مەلاش ئەڵێ: هەڵەی وا زل هەڵئەکەوێ بەم چەقۆیە نەبێ ناکرێنرێ.

پیتی جیمدا کە ئەڵێ:

ئەم دەغڵە کە تەسلیمی ئەکا شێخ بە هەجیجی
نوقسانی ئەکا هەر لە تەغاریّ دە کەویجی
ئەسڵ و نەسەبت دۆمە لە من بووی بە هەجیجی
بێ مروەت و، ئینصاف و، حەرامزادەو و بیجی

کە ئەبوو لە پیتی (یێ)دا بنووسرایە نەک (جیم) چونکە دواییەکەیان (ی)یە. هەروەک ئەم چوارینە فارسییەی کە لە لاپەڕە ١٨٥دا نووسراوە کە ئەڵێ:

گویند کە چۆن وطء کنی عرش بلزرد[3]
عەرشی کە بەیک وطء بلزرد بچە ارزد
مایيم یکی حجرەء تاریک کە دروی
صد بچە بگاییم یکی خشت نلزرد

کە ئەمە هی عوبەیدی زاکانییە وەک پیرەمێردیش ئەڵێ کەچی بەهی شێخ ڕەزا دراوەتە قەڵەم. وە هەروەک ئەم شیعرە کە لەلاپەڕە ٧١دا نووسراوە کە ئەڵێ:

نەجابەت کەی لە تۆدایە لە دوو چاڵی چەتیوت بەم
حەمەی تووڵینە بەم تووڵە لە قووڵینەی هەتیوت بەم

کە ئەمە هی شاعیری جوانەمەرگ ڕەشیدی لاوەیە نەک هی شێخ ڕەزایە، بەو بەڵگەیەی کە لە ژینی ڕەشیدی لاوەدا نووسراوە و بڵاوکراوەتەوە. هەروەها هەڵە زلەکانی تری یا چوارینەیە و تاقە شیعرێکی لێ نووسراوە وەک لە لاپەڕە ١٩٢دا کە بەفارسی ئەڵێ:

مخوانید ایت توحید رهبان کلیسارا
خر عیسی چە داند ذوق حال (خرموسی)را

٣- چوونە لای ژنە بەحەرامی.



شیعرەکەی تری کە ئەڵێ:

رموز عشق عالم سوزرا پیر مغان داند
خبر نبود زحال طو رسینا پور سینارا

هەڵبوێراوە.

یا چوارینە و لەناو تاکەکانا نووسراوە و هەر شیعرێکی کەوتۆتە لایەکەوە وەک ئەم شیعرە کوردییە کە ئەڵێ:

ئەی مادەری گێتی تۆ هەتا ئێستە نەزاوی
زاتێکی وەکو موفتی ئەفەندی زەهاوی

شیعرەکەی تری کە ئەڵێ:

مومکین نییە ئیدراکی حەقائیق بەتەواوی
مومکین نییە ئیدراکی نەکا زیهنی زەهاوی

لەلایەکی ترا بەتاک نووسراوە. یا ئاخر شیعری چامەیەک کە ئەبێ بکەوێتە دوای هەموو شیعرەکانەوە. کەچی کەوتۆتە ناوەڕاستی چامەکە. وەک چامەی (ئەی تەل) لە لاپەڕە ٨٥دا کە ئاخر شیعرەکەی لە ناوەڕاستی چامەکەدا ئەڵێ:

یارب بحق آل علی پایەدار کن
جاه و جلال و حشمت روحی فداهرا

یا لە چامەکەیدا دوو شیعر هەڵبوێردراوە، وەک لەلاپەڕە ٨٧دا کە لەو چامەیەدا شیعری پێنجەمی هەڵبوێراوە کە بەفارسی ئەڵێ:

سرنگون از طارم نیلی فتادی برزمین
همچو نابینا کە ناگە اندرافتد چاهرا

لەگەڵ شیعری دوانزەهەما کە ئەڵێ:

تا أبد این خسرو فیروز فرخ جاه باد
گردش گردون بکام ناصرالدین شاهرا

یا لە چامەیەکدا شیعرێک هەڵبوێردراوە و شیعرێکیش پاش و پێش خراوە، وەک لەو چامەیەی کە لە سوڵحی تاڵەبانی و ساداتی سلێمانیدا وتراوە بەفارسی شیعری چوارەمی هەڵبوێردراوە، کە ئەڵێ:

در جبهەء ایشان نبود قابل انکار
انوار سیادت کە بەعیوق رسیداست

شیعری دووەمی کە ئەڵێ:

کرکوک چرا بر همە افاق ننازد
امروز کە افاق این سە حفیداست

ئەبێ ببێ بەشیعری سێیەم، یا ئاخر چامەیەک هەڵبوێردراوە و وەک ئەو چامەیە کە لە مەدحی شێخ مستەفای حەفیدا وتراوە، کە ئەڵێ:

بندەات شێخ رەزا تو فراموش مکن
ایکە دربارەء ارباب هنر با انصاف

وەک ئەو سێ شیعرەی کە لەسەر لاپەڕەی ١٥٨ەوە نووسراوە کە شیعری چوارەمی هەڵبوێردراوە کە ئەڵێ:

ما بخدمت نرسیدیم ولی میشنویم
قهرمان است درین ناحیەء کردستان

وە ئەو دوو شیعرە فارسییەی کە لە لاپەڕە ١٨٩ەوە نووسراوە کە شیعری سێیەمی هەڵبوێردراوە کە ئەڵێ:

من خداوند شاعران هستم
تو همانا رسول من هستی

پێویستە ئەمەش فەرامۆش نەکەین کە شەوێک ڕەحمەخانی دایکی کاک فایق هۆشیار کە کچی خوالێخۆشبوو پیرەمێردە لەگەڵ دادە پەروینی کچیا هاتن بۆ ماڵمان، منیش داوای دیوانەکەی مەولانا خالیدم لێ کرد کە باوکی کردوویەتی بەکوردی تا ماوەیەک لەلام بێ، ئەویش وتی بەخوا لای



من نییە لای فایقە، بەڵام کتێبێکی ترم لەلایە ئەوەت بۆ ئەنێرم. بەیانی خۆم ناردم بۆ کتێبەکە کە بۆی ناردم بینیم دیوانی شێخ ڕەزایە چاپی دووەم، ناو بەناو پیرەمێرد (بەڕەحمەت بێ) قەڵەمی تێ بردووە. بەڵام بەداخەوە کەمی لێ چاک کردووە. دوای ئەوە هەرچەندە شیعرێکی شێخ ڕەزام دەست بکەوتایە کە لە دیوانەکەیدا نەبووایە لە قەراخی نوسخەکەی پیرەمێردەوە ئەم نووسی یا هەڵەیەکم بەرچاو بکەوتایە خێرا نوسخەکەی پیرەمێردم چاک ئەکرد و بەڕاستی دۆزینەوەی ئەو لەتە دیوانە و بوونی نوسخەکەی پیرەمێرد زۆر هانەهانەیان دام لەسەر ئارەزووەکەی خۆم، کە خزمەتی دیوانەکەی شێخ ڕەزا بوو بڕیارم لەسەر دا و ناوی خوام لێ هێنا.

دووەمیان: هەڵەیە لە پیتێک یا لە وتەیەک یا لە زیاتر لە وتەیەکدا، ئەم جۆرەیان یەکجار زۆرە و بەسەدەها هەڵەی وای تیایە هەرچییەکمان ڕاست کردووە لە کاتی چاپکردنا ناڕاستەکەی ئەنووسین. بەڵام لە پەراوێزا ئەنووسین کە لە چاپی پێشوودا وا نووسراوە تا ڕاستەکەی باش دەرکەوێ، جا لەبەر ئەوەی کە هەڵەی ئەم دیوانە یەکجار زۆرە، حەزم کرد خزمەتێکی ئەم دیوانە بکەم و پێشەکیی بۆ بنووسم و هەڵەکانی بەپێی توانا ڕاست بکەمەوە. زۆر شیعری شێخ ڕەزام بەهەر چوار زبانەکە لە ماوەی بیست ساڵی ڕابردوودا دۆزیومەتەوە لە کەشکۆڵ و بەیاز و پشتی کتێبە دەستنووسەکاندا، لە چاپی پێشوودا نەنووسراون تێکەڵی شیعرەکانی تری بکەم و هەریەکە لە جێی خۆیدا و ئەم شیعرانەی کە گرانن مەبەستیان لێ بدەمەوە و ئەوانەی کە سەرباسیان بۆ دانەنراوە بۆیان دابنێم لەگەڵ زۆر شتی ترا. من لەم بیرەدا بووم ڕۆژێ کتێبێکی دەستنووسی کۆنی نامەخانەکەی خۆمم لە دۆڵاب دەرهێنا کە کردمەوە تەماشا ئەکەم لەتە دیوانێکی زۆر کۆنی شێخ ڕەزای تیایە کە ناوبەناو چەند پەڕەیەکی نەماوە و شیعری کوردیشی تیا نییە بەڵکو شیعری تورکی زۆری تیایە لەگەڵ هێندێ چامە و چەکامەی فارسی و چەند دانەیەک شیعری عەرەبی. شیعرە تورکییەکانیم کە بەراورد کرد لەگەڵ شیعرە تورکییە چاپکراوەکانا بینیم

٩٩ شیعری تیایە کە لە دیوانە پێشووەکەدا نین.

هەروا بیستم کە کاک حەسەن جاف بەڕێوەبەری قوتابخانەی کاژاو زۆر شیعری تورکیی شێخ ڕەزای لەلایە، داوام لێ کرد کە بۆم بنێرێ، کە ناردی ئەبینم دەفتەرێکە سی و یەک پارچە شیعری تورکی شێخ ڕەزای تیایە وە ئەم دەفتەرە لە دەفتەرێکی دی وەرگیراوە کە هی شێخ نەجیبی برازای شێخ ڕەزایە. ئەم شیعرانە زۆربەیان چامەن و هێندێکیان پێنج خشتەکین، ئەوانی کەی یا پارچە قەتعەی سێ شیعری و چوار شیعرین یا چوارینەن یا تاکن وە هەمووی ١٨٢ شیعرە وە لەگەڵ ٩٩ شیعرە تورکییەکانی لەتە دیوانەکەی لای خۆم کردبیە ٢٨٦ شیعری تورکی. ئەمانە جگە لەو شیعرە کوردی و فارسی و عەرەبییانەی کە چارەکە چەرخ (ربع قرن)ێکە کۆم کردوونەوە.

بەڵێ دیوانی شێخ ڕەزا ئەو هەموو ساتمە و هەڵەیەی تیایە لەگەڵ ئەوەی کە خانەوادەی تاڵەبانی خانەوادەیەکی زۆر ناوداری ئاگادارن لە پێشکەوتنی ڕۆژگار لە هەموو ڕوویەکەوە کە یەکێکیان چاپ و چاپەمەنییە ئەمانیش ئاوڕێکیان بدایەتەوە لەم دیوانە و هەموو عێراق و تورکیا و ئێرانیان بپشکنیایە و هەموو کون و قوژبنێکیان سەنگ و سوژن بدایە بۆ دۆزینەوەی تاقە شیعرێکی ئەم شاعیرە بەهرەمەندە، تا ئەمڕۆ دیوانی شێخ ڕەزاش وەک دیوانی شێخی سەعدی و خواجە حافزی شیرازی و قائانی لە چاپ بدرایە. بەڵام بەداخەوە خزمەتێکی ئەم دیوانەیان نەکرد. بەڵکو ئەویش کە کۆی کردۆتەوە نەگەڕاوە بەدوای شیعرەکانیا و هەوڵێکی تیا نەداوە و هەڵەیەکی ڕاست نەکردۆتەوە، چی لەبەر دەستیا بووە بەهەڕەمەیی لە چاپی داوە بەهەموو هەڵە و کەموکوڕییەکەوە. خولاسە ئەوەی شێخ ڕەزا بەم خەڵکەی کرد بەجنێو و پلار ئەوانەی کە دیوانەکەی ئەویشیان لەچاپ دا گەلێ خراپتریان بەدیوانەکەی ئەو کرد، بەڵام ئەوەندە هەیە ئەم هەموو جنێوە ناشیرینانەی کە بەم خەڵکەی داوە بەجۆرێکی وا ئاوێتەی کردووە لەگەڵ شیلەی ئەدەبا هەڵی شێلاوە. ئەگەر لەم گۆشەیەوە لێی وردبینەوە لە



ڕەنگی هەنگوینی پاڵاوتە شیرینتر و خۆشترە بەڕەنگێکی وا کە وێژەری بەڕاستی بەوێژەکەیەوە خەریک ئەبێ وە ناپەرژێتە سەر وردبوونەوە لە جنێوەکانی. ناجی هورمزی بریکاری پارێزگار بوو لە سلێمانی وە نووسەرێکی وێژەیی بوو لە تورکیدا. جارێکیان باسی وێژەی تورکیی خوالێخۆشبوو ئەمین زەکی بۆ ئەکردم ئەی وت: «سێ جار کتێبی -عراق تأریخی- ئەمین زەکیم خوێندەوە ئەوەندە وێژەکەی بەرز و باڵا و جوان و ڕەوان بوو هەموو جارێک لە جوانی و ڕەوانی وێژەکەیا نقوم ئەبووم وە ئاگام لە تەئریخەکەی نەئەما». شیعرە جنێوەکانی شێخ ڕەزاش ئەمەندە وێژەکەی بەرز و باڵایە یەکێک ئەگەر لە کوردیدا وێژەر بێ کە خوێندییەوە ئاگای لە جنێوەکانی نامێنێ.

ئەی وێژەری بەرز و باڵا توخوا ئەگەر تۆزێ وردبینەوە لەم شیعرە کە جنێوێکی زۆر پیسە کە ئەڵێ:

بەسە بۆ دەفعی ئەعدا چاوەکەم قەڵغانەی سیمینت
هەزار مارتین بەقوربانی تفەنگی لوولە چەرمینت

کەچی ئەوی جڵەوکێشی تەماشا بێ، وێژە و داڕشتنەکەیەتی نەک جنێو و هەجوەکەی. توخوا داڕشتنی ئەم شیعرە مەستت ناکات لە مانا و مەبەستا بەڕەنگێک کە جنێوەکەت لەبیر بەرێتەوە.

هەموو گەلێک شاعیری زەمی هەیە بەزۆری، بەڵام ئێمە هەر شێخ ڕەزامان هەیە. لەلایەکی ترەوە ئەم جۆرە ئەدەب و وێژەیە زۆر جیاوازە لەگەڵ هەموو شێوەکانی تر لە ئەدەب. نەخوازەڵڵا ئەم وردەکارییەی کە شێخ ڕەزا کردوویەتیە کارلە جنێودانا.

ئێمە لەم ڕووەوە تەماشای ئەم هەجوانە ناکەین کە ئەم زەلامانە کێن و کێ نین و شایستەی ئەم جنێوانەن یا نا، بەڵکو لەم ڕووەوە تەماشای ئەکەین کە جۆرە ئەدەبێکی تایبەتییە و وێنەی لە هەموو زمانێکدا هەیە و نەبوونی مایەی کەڵێن و کەلەبەرێکی یەکجار گەورەیە لە وێژەی گەلا.

جگە لەمە دیوانەکانی تر هەموو شیعرەکانیان لەیەک ئەچن و ئەڵێی بەگوێچکەی یەکیانا چرپاندووە، بەڵام دیوانی شێخ ڕەزا وا نییە، زۆر شتی تیایە کە هێشتا نەبیستراوە و نەوتراوە لە کوردیدا.

زەمەکانی شێخ ڕەزا، گەلێ جۆرن شتی هێندێکیان بێ پەردەن وەک ئەم شیعرەی کە لە زەمی شێخ حەمید ناوێکا ئەیلێ:

بەسە بۆ دەفعی ئەعدا چاوەکەم قەڵغانی سیمینت
هەزار مارتینِ بەقوربانی تفەنگی لوولە چەرمینت

هێندێکیان لەژێر پەردەی تەنکان، بەم ڕەنگە دوو مانای هەیە بەمانایەکیان زەمە و بەمانایەکیان زەم نییە، وەک ئەم شیعرەی کە ئەڵێ:

بۆ کەرێ ئیعلانی حەربی کرد لەگەڵمان شێخ حەسەن
سەیری کەن یاران چ گۆبەندێکی گێڕا ئەم کەرە

مەبەست لەم کەرە یا ئەو کەرەیە کە شێخ حەسەن ئیعلانی حەربی لەسەر کردووە بەم مەعنایە زەم نییە یا شێخ حەسەن خۆیەتی بەم مەعنایە زەمە. لەم جۆرە زەمانە زۆری هەن لەم دیوانەدا. هێندێکیان لەژێر پەردەیەکی کە دایە وەک ئەم شیعرە فارسییە کە ئەڵێ:

نەتو درپیش مریدان چوشکر شیرینی
بەخودا ای پسر شیخ تو هرجا شکری

واتە: وەنەبێ لای موریدەکانی باوکت شیرین بیت. بەخوا ئەی کوڕی شێخ لە هەموو شوێنێک تۆ هەر شیرینیت. نوکتەکە لەم عیبارەتە دایە کە ئەڵێ: «تۆ هر جا شکری» ئەگەر مەبەست ئەوەبێ کە تۆ لە هەموو شوێنێک شەکری ئەوە مەدحە. وە ئەگەر مەبەست ئەوەیە کە تۆ جاشەکەری ئەوە زەمە. ئەمەش لە نووسینا بەفاریزەیەک جیا ئەبنەوە، بەم ڕەنگە فاریزەکە لە دوای (جا)وە بێ ئەوە مەدحە وە ئەگەر لە دوای (هر)ەوە بێ ئەوە زەمە.

هەندێکیان لەژێر پەردەیەکی ئەستوورایە بەڕەنگێکی وا ئەگەر راڤە نەکرێ کەم کەس تێی ئەگات وەک ئەم چوارینەیەی کە لە زەمی شێخ عەلی



کاکیدا ئەڵێ:

شێخ عەلی خۆ تۆ منت ئاوارە کرد و دەربەدەر
چاکە هەجوێکت بکەم ئەمما موفید و موختەسەر
بۆ حەمەی وەستا فەتاح خۆ تۆ منت ئاوارە کرد
ئەی حەمەی وەستا فەتاح دایکت بەکێری نێرەکەر

کەم کەس ئەزانێ هەجوە موفید و مختەسەرەکەی شێخ عەلی لەم چوارینەیەدا کامەیە. شێخ عەلی نەکەیت بەنێرەکەرەکە هەجوەکە دەرناکەوێ.

لەم زەمەدا ئاماژەش هەیە بۆ قسەیەک کە بڵاوبۆتەوە لە کاتی خۆیا کە شێخ عەلی بەڕەحمەت بێ سووکە نکاحێکی خستۆتە سەر دایکی حەمەی وەستا فەتاح چونکە جوانکیلە بووە وە هەمیشە لە ماڵی شێخ عەلیدا ئیشی کردووە و ئاوی دەستنوێژی شێخی داوە.

هێندێکیان لەمەش نا دیارتر و پۆشیدەترە وەک ئەم شیعرەی کە لە هەجوی شێخ حەمید تاڵەبانیدا وتوویەتی. من لە کاک حەمە بۆرم بیستووە کە ئەڵێ:

کەنییەکەی فەقێ قادر چ رەعنا و زەریفە
بە تاپۆ هی حەمیدە و تصرفی لەتیفە

حەمید ئاغا و لەتیف ئاغا دوو شێخی تاڵەبانین رەعنا و زەریفێ دوو ژنی شێخ حەمیدن، ئەم دوو شێخی تاڵەبانییە یەکی کانییەکیان بووە بەناوی کانی فەقێ قادرەوە کە بەسەر زەمینی ئەوی کەی تریانا ڕۆییوە. کەنی، کچە. ئەبێژرێ کەنی وەرە، هەروەک کورتە (مختصر)ی کانیشە ئیتر خۆت تێ بگە.

بێگومانم ئەگەر لە مەیدانی شیعر و شاعیرێتیدا تەختێکی ڕەوانبێژی دابنرایە لە هەر چوار بازنەکەیدا شێخ ڕەزا لەناو هەموو شاعیرانی کوردەواریدا ئەچووە سەری دائەنیشت و ئەبوو بەشای شاعیران (ملک

الشعراء). بەڕاستی لە کوردی و عەرەبی و فارسیدا کەم کەس هێشووی لە پشتەوە کردووە. ئەو حازر بەدەسەی کە ئەو بوویەتی کەس نەیبووە. لە هەر زەمانێک لەم زەمانانەدا کە دێتە پێشەوە ئەڵێیت شۆڕەسوارێکی شەنگ و شۆخە وا بەسەر پشتی ئەسپێکی کوێتی باڵەبانیی چوار پەل سپیی ڕەسەنەوە بەئارەزووی خۆی لە دەشتێکی تەختی پان و پۆڕی نەرمانا دەمێ بەڕەوت و دەمێ بەنەرمەغار چەرخە و مەقەستە ئەکا و دەمێ بەتاو دێت و ئەچێ و لنگ ئەدا و دەمێ جاریش لە پڕ بەتاو دێت و ئەڕوا وەک برووسکە لەچاو ون ئەبێ و تەماشاکاران بێ پەروا ئەبڵەق ئەبن و واقیان وڕئەمێنێ، وە چەپڵەڕێزانی بۆ ئەکەن و ئافەرینی ئەکەن.

ئەگێڕنەوە ئەڵێن زانایەکی گەورە لە شێخ ڕەزا ئەپرسێ ئەڵێ: شاعیرێکی زۆر بەرز و ڕەوان لە کوردا کێیە؟ هەروا لە فارسی و عەرەبی و لە تورکیدا کێن؟ شێخ ڕەزاش ئەڵێ: «شاعیری وا لە کوردیدا مستەفا بەگی ساحێبقڕانە و لە فارسیدا فیردەوسی و لە عەرەبیدا موتەنەبی و لە تورکیدا نامیق کەمال، لە هەر چوار زبانەکەشدا کاکی خۆتە».

بەڵێ شێخ ڕەزا هەروەک شیعری زەمی هەیە شیعری مەدحیشی هەیە بەڵام چونکە شیعری مەدح بەتێکڕایی کەمترە لەناو شاعیرەکانیا شیعرە زەمەکانی شێخ ڕەزا زۆر ئەنوێنن، بەڵکو هەر ئەم دەبینرێ وە شیعرەکانی تری نایەنە بەرچاو. بەهەمان حاڵ شێخ ڕەزا شاعیرێکی زۆر هەڵکەوتوو بووە چ لە زەم و چ لە مەدحا بەرەنگێک کە لەیەک بەرزتر و باڵاترن، بەڵکو ئەوەندە بەرز و باڵان لە شیعر و لە شاعرێتیدا سەرۆکایەتیی شیعری لە چەرخی خۆیا وەرگرتووە، بەتەرازووی ئەدەب شاعیرانی کێشاوە و پلەی بۆ داناون.

شاعیری بەناوبانگ ئەمین فەیزی بەگ ئەگێڕێتەوە ئەڵێ: من و شێخ ڕەزا لە بەغدا بووین، لەو ماوەیەدا دوو پیاوی گەورە لەلای سوڵتان عەبدولحەمیدەوە دەربەدەر کرابوون بۆ بەغدا وە لەوێ دەستبەسەر بوون. یەکێکیان کازم پاشای برای سوڵتان عەبدولحەمید و ئەوی تریان (نظام



العلماء) کە دانایەکی گەورەی شیعە بوو. ئەمین فەیزی ئەڵێ: ڕۆژێ شێخ ڕەزا پێی وتم با بچین بۆ لای ئەم دوو پیاوە گەورەیە بۆ بەخێرهاتنیان، یەکەم جار چووین بۆ لای کازم پاشا لە دیوەخان دایاننایین، تا کازم پاشا هات بۆ لامان. شێخ ڕەزا پێی وتم من بەتورکی نیو شیعری بۆ ئەڵێم تۆش نیوەکەی تری بۆ تەواوکە. وتم باشە، ئیتر شێخ ڕەزا نیو شیعرەکەی خۆی پێ نەوتم وە منیش لێم نەپرسی... کازم پاشا کە هات شێخ ڕەزا وتی:

دولتک صادقەسی چوق یشا پاشا[٤]

ئەمین فەیزیش کتوپڕ ئەڵێ:

کیسمە اولماز سنا مانند و معادل حاشا[٥]

کازم پاشا زۆری پێ خۆش ئەبێ وە بەو بۆنەیەوە هەردووکیان ئەناسێ و سەرەتای ناسیاوییان لەم دوو نیوە شیعرەوە دائەمەزرێ. ئینجا لەوێوە ئەچن بۆ لای (نظام العلماء) شێخ ڕەزا بەئەمین فەیزی ئەڵێ: لێرەش من بەفارسی نیو شیعری بۆ ئەڵێم، تۆش نیو شیعرەکەی تری بۆ تەواوکە. کە ئەچن شێخ ڕەزا ئەڵێ:

انتظام همە عالم بە نظام العلماست[٦]

ئەمین فەیزیش ئەڵێ:

این سخن مظهر تصدیق جمع حکماست[٧]

لەوێ کە هەڵئەستن شێخ ڕەزا بەئەمین فەیزی ئەڵێ: ئافەرین ئەمین فەیزی، بەڕاستی کە من مردم هەر تۆیت جێگام بگریتەوە. لەمەوە دەرئەکەوێ کە شێخ ڕەزا ویستوویەتی ئەندازەی شاعیریی ئەمین فەیزی

٤- هەر بژیت ئەی پاشا بۆ خۆت و ڕاستی و دڵسۆزیت بۆ دەوڵەتت.
٥- کەس نییە کە ببێ بەوێنە لەو دڵسۆزییەدا.
٦- ڕێکیی هەموو جیهانی بەجەنابی نظام العلما.
٧- ئەم قسەیە جێی بڕوای هەموو تێگەیشتوویەکە.

تاقی بکاتەوە بۆیە نیوە شیعرەکانی خۆی پێ نەوتووە. جارێکیان چەند شاعیرێکی کەرکووکی ئەچن بۆ لای شێخ ڕەزا، لای دائەنیشن، کۆڕێک ئەگرن لەناو خۆیانا بەشیعر وتن، شێخ ڕەزا شیعرەکانیان پەسند ناکا و بەم شیعرە تێیان ئەگەیێنێ کە پایە و پلەیان لە شاعیرێتیدا چەندە ئەڵێ:

چونکە شاعیر زۆر بووە لەم عەسرەدا

بۆتە حەشری نێرەکەر لەم حوجرەدا

هەروەها جارێکیان ئەحمەد پاشای بابان لە ئەستەمووڵ شێخ ڕەزا بانگ ئەکا بۆ نانخواردنی نیوەڕۆ. هەر لەگەڵ ئەودا هەشت نۆ کەس لە گەورە پیاوانی ئەستەمووڵیش بانگ ئەکا. ئەحمەد پاشا بەشێخ ڕەزا ئەڵێ: چەند کەسێکم لە پیاوماقووڵانی ئەستەمووڵ بانگ کردووە پێت ناڵێم کێن، هەمووشیان ئەناسیت، کە هاتن ئەگەر دەستبەجێ سەر و شیعرت بەسەردا هەڵدان، خەڵاتێکی زۆر باشت ئەکەم. بەرێکەوت یەکەم کەس کە دێت شێروان زادەی بەغدادی ئەبێ، کە دێتە ژوورەوە کتوپڕ شێخ ڕەزا ئەڵێ:

رایت عدل برافراشت زنو، شیروانی

افرین باد براین شیوهء نوشیروانی

واتە بەیداخی دادی سەرلەنوێ هەڵدا شێروانی، ئافەرین بێ لەو شێوەی نەوشێروانییە. بەم ڕەنگە بەرو دوا هەر کەسێ دێ شیعرێکی جوان و ڕەوانی پیا هەڵئەدا. ئەحمەد پاشا خەڵاتێکی باشی شێخ ڕەزا ئەکات، شیعرەکان لای ئەحمەد پاشا ئەمێنێتەوە، داخەکەم نازانین ئەم شیعرانە چییان لێ هاتووە.

ئەگێڕنەوە ئەڵێن: چەند وێژەرێک دەچن بۆ دیدەنیی شێخ ڕەزا، پێیان ئەڵێ: ئەمرۆ تۆزێ ماتم، تکا ئەکەم هەریەکەتان چەند شیعرێکی شاعیرێکی کۆنم بۆ بخوێنێتەوە. هەریەکەیان چەند شیعرێکی جوانی شاعیرێکی بۆ ئەخوێنێتەوە. یەکێکیان زۆر تەعریفی غەزەلێکی نالی ئەکا وە لە یەکەم شیعرەوە دەست ئەکا بەخوێندنەوەی ئەڵێ:



ئەی سەروی بڵندقەد و برۆتاق و مەمک جووت

کابرا لێرەدا ئەوەستێ هەرچەند ئەکات نیو شیعرەکەی تری بۆ نایەت، شێخ ڕەزاش زۆر بەئارەزووەوە چاوەڕوانی نیوە شیعرەکەی ئەکات. کابرا کە هەر بۆی نایەت. شێخ ڕەزا ئەڵێ: نیو شیعرەکەم بۆ بخوێنەرەوە کە ئەیخوێنێتەوە شێخ ڕەزا ئەڵێ:

فەرقی نەبوو ئەم شیعرە لەگەڵ میز و لەگەڵ گووت

شێخ ڕەزا برایەکی بووە لە خۆی گەورەتر ناوی شێخ قادر و شاعیرێکی باش بووە بەڵام هەر بەتورکی وە هەر لە (تصوف)دا شیعری وتووە. ڕۆژێ نیو شیعری تورکی ئەڵێ لە ئەحواڵی گیانی خۆیا زۆری پێ جوان ئەبێ بەڵام هەرچەند ئەکات نیوە شیعرەکەی تری بۆ نایەت. نیوە شیعرەکەی ئەمەیە کە ئەڵێ:

می او می، ساقی او ساقی، حال او حالت دگل

واتە: مەی هەر مەیەکەی جاران و مەیگێڕ هەر مەیگێڕەکەی جارانە بەڵام چۆنێتی و مەستییەکەی جاران نییە. شێخ قادر بەشێخ ڕەزا ئەڵێ: ڕەزا ئەم نیوە شیعرەم وتووە هەرچەند ئەکەم نیوە شیعرەکەی ترم بۆ نایەت، بزانە تۆ تەواوی ناکەیت؟ ئەمیش ئەڵێ: نیوە شیعرەکەی تۆ چییە؟ کە بۆی ئەخوێنێتەوە کتوپڕ بۆی تەواو ئەکات، بەڵام لە پەردەیەکی گاڵتە و قەشمەریدا ئەڵێ:

گوت او گوت، تفرک او تفرک، الت او الت دگل

واتە: قنگ هەر ئەو قنگەی جارانە و تف هەر تفەکەی جارانە بەڵام هۆکار ئالەتەکە ئەوەی جاران نییە. کە لەگەڵ وا ئەڵێ، شێخ قادر وەک بەرداشێک بماڵن بەسەر سنگیا هەرچی هەست و هۆش بێ لە سەریا نامێنێ. گۆزەڵەیەکی پڕ ئاوی لە تەنیشتەوە ئەبێ پڕی پیا ئەکا کە بیماڵێ بەسەری شێخ ڕەزادا. شێخ ڕەزاش خێرا ڕا ئەکا و شێخ قادر بەدوایەوە ناچار خۆی ئەکا بەژوورەکەی شێخ عەلی کاکیا ئەڵێ:

شێخ هاوار لە دەست شێخ قادرە بۆزە کوشتمی بەگۆزە

## باووباپیرانی شێخ ڕەزا:

شێخ ڕەزا کوڕی شێخ عەبدولڕەحمانی کوڕی مەلا ئەحمەدی کوڕی مەلا مەحمودی زەنگەنەیە. ئەم مەلا مەحموده له ساڵی ١١٣٠ کۆچی ١٧١٧ی زاییینی لەدایک بووه، پاشان له مزگەوتەکان له لای مەلا باشەکان خوێندنی تەواو کردووه. بوو بەئیمام له دێی ڕەمەزان مامک له ناوچەی زەنگەنە. له ساڵی ١١٦٠ کۆچی ١٧٤٧ی زاییینیدا شێخ ئەحمەدی هیندی له هیندستانەوه هاتووه بۆ زیارەتی بەغدا، پاشان ڕێی ئەکەوێتە دێی ڕەمەزان مامک، ماوەیەک لەوێ ئەمێنێتەوه، مەلا مەحمود ئیجازەی تەریقەتی قادریی لێ وەرئەگرێ، پاشان شێخ ئەحمەدی هیندی لەوێوه ئەچێ بۆ سورداش بەدەستی موریدێکی خۆی ئەکوژرێ و لەوێ ئەنێژرێ. مەلا مەحموود پاش چەند ساڵێک چەند موریدێک له گەڕەکی تەکیە پەیدا ئەکات. ئەم موریدانه ژوورێک و هەیوانێکی تیا دروست ئەکەن. مەلا مەحمود هەموو ساڵێک بۆ دیدەنی موریدەکانی هاتووه بۆ لایان. ساڵی ١٢١٥ی کۆچی ١٨٠٠ی زاییینی که دێ بۆ لایان لەوێ نەخۆش ئەکەوێ و ئەمرێ وه لەو ژوورەدا ئەنێژرێ.

له ساڵی ١١٩٤ی کۆچی ١٧٨٠ی زاییینی مەلا ئەحمەدی کوڕی مەلا مەحموود لەدایک بووه. ئەمیش وەک باوکی خوێندوویەتی تا بووه بەمەلایەکی باش. له ساڵی ١٢٥٧ - ١٨٤١ی زاییینیدا کۆچی دوایی کردووه له ژوورەکەی باوکیا نێژراوه. له ساڵی ١٢١٢ی کۆچی ١٧٩٧ی زاییینی عەبدوڕەحمانی کوڕی مەلا ئەحمەد لەدایک بووه. له ساڵی ١٢٧٥ی کۆچی ١٨٥٨ی زاییینی کۆچی دوایی کردووه. شێخ عەبدولڕەحمان وەک باوک و باپیری زانایەکی زۆر باش بووه.

شێخ عەبدوڕەحمان سێ کوڕی هەبووه، شێخ عەلی و شێخ قادر و شێخ ڕەزا. شێخ عەلی له ساڵی ١٢٤٨ی کۆچی ١٨٣٢ی زاییینی لەدایک بووه، له ساڵی ١٣٣٠ی کۆچی ١٩١١ی زاییینی کۆچی دوایی کردووه. وا



دەرئەکەوێ که شێخ عەلی وەک شێخ ڕەزا و شێخ قادر هەوەسی له شیعر وتن نەبووه. بەڵکو ئارەزووی زانین و زانیاری بووه. لەبەر ئەوه دوای دەستکردنی بەخوێندن بەشەش حەوت ساڵ چووه بۆ مەدرەسەی زانای بەناوبانگ موفتی زەهاوی له بەغدا وه لەلای یەکێک له فەقێ بەرزەکانی موفتی دەرسی خوێندووه، مانگی ڕەمەزان دێ، یەکەم شەو موفتی ئەیەوێ چەند ئامۆژگارییەکی خەڵکەکە بکات و چەند فەرموودەیەکیان بۆ بخوێنێتەوه، مەبەستیان بۆ لێ بداتەوه و ئەنێرێ بەشوێن شێخ عەلیدا که سی شەوی ڕەمەزان هەموو شەوێ قورئانیان بۆ بخوێنێ. شێخ عەلی که دێ بەتەریقییەکەوه ئەڵێ: بەخوا قوربان قورئانم لەبەر نییە. بەڵام خوا یار بێ بۆ شەوی ئەم جێژنه حازر ئەبم بەڕەنگێک که له هەر لایەکەوه بفەرموون له قورئان بۆتان بخوێنم. شەوی جێژن ئەچێتە خزمەتی موفتی و ئەڵێ: قوربان بەم مانگه هەموو قورئانم لەبەر کردووه له کوێوه ئەفەرموون تا بۆتان بخوێنم. موفتی زۆر ئافەرینی ئەکات و دای ئەنێ و دەست ئەکا بەقورئان خوێندن لەبەر. بەو بۆنەیەوه شێخ عەلی بەڕەحمەت بێ هەموو قورئانی لەبەر بووه تا مردن. هەروەک فەرموودەیەکی زۆری پێغەمبەریشی لەبەر بووه. خوا له هەموو لایەکیان خۆش بێ و پەروەردەی بەخشش و میهرەبانی خۆی بدا بەسەریانا.

شێخ ڕەزا له ساڵی ١٢٥٣ک- ١٨٣٧ی زاییینیدا له دێی قرخ له ناوچەی چەمچەماڵ لەدایک بووه. له تەمەنی حەوت ساڵیدا لای باوکی دەستی کردووه بەخوێندن پاشان چەند کتێبێکی سەرەتایی لای شێخ عەبدولغەفوری مامی خوێندووه. هەروەک ماوەیەکیش لای مەلا باشەکانی کەرکووک خوێندوویەتی ئەمجا چووه بۆ کۆیه و له مەدرەسەی زانای بەناوبانگ جەلی زاده مەلا ئەسعەدی باوکی حاجی مەلا عەبدوڵڵا دائەمەزرێ و لەگەڵ حاجی مەلا عەبدوڵڵای کوڕی مەلا ئەسعەد و شاعیری بەناوبانگ کەیفیدا پێکەوه فەقێ ئەبن، له مزگەوتی گەورەی کۆیه. هەرسێکیان له ژوورێکا ئەبن پێکەوه موتاڵا ئەکەن و دەرس ئەخوێنن و

گوێ لە دەرسی یەکتر ئەگرن پاشان زویری ئەکەوێتە ناوەندی شێخ ڕەزا و کەیفییەوە. هەردوولا شیعری زۆر سخت و خراپ بەسەر یەکا هەڵ ئەدەن و بەئەندازەیەک کە شێخ ڕەزا بەکەیفی ئەڵێ:

شاعیر چو توی لب لبانت ریدەم
وز فرق سرت تا بدهانت ریدەم

کەیفی لە وەڵامی ئەم شیعرەدا بەشێخ ڕەزا ئەڵێ:

فرقی نەچنان بود میان سروکیرم
ای ریدی بەکیرم گوزری گوت بەکیرم

کەیفی بەم شیعرە زویربییەکەی ناوەندی خۆی و شێخ ڕەزای کرد بەشەڕە جنێوی کۆڵانەکان. لەبەرئەوە حاجی مەلا عەبدوڵڵا خەبەری دا بەباوکی، مەلا ئەسعەد کەیفی دەرئەکا لەسەر شێخ ڕەزا.

وا دیارە شێخ ڕەزا چەند ساڵێک لە کۆیە ماوەتەوە و خوێندنی هەر ئەوە بووە کە لەوێ خوێندوویەتی. بەڵام خوێندنێکی باشی خوێندووە. (نحو، صرف، بلاغە)یەکی زۆر چاکی تیا وەرگرتووە، لەو ماوەیەدا بێگومان گوێی لە زۆر دەرسی تریش گرتووە لە هەموو عیلمەکانا. ئەم جۆرە هەڵکەوتووانە وەک موسەجیلە وان هەرچێکیان بەرگوێ کەوت خێرا وەری ئەگرن و لە بیریان ناچێتەوە*.

* لێرەدا مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵ پێشەکییەکەی تەواو نەکردووە سەبارەت بەژیانی شێخ ڕەزا و سەفەرەکانی بۆ تورکیا، ئەستەمووڵ بۆ قاهیرەی میسر چۆنیەتی ژیانی ئەدەبی و ڕۆشنبیری شێخ ڕەزا لەو دوو جێگە گرنگەدا ڕادەی ڕێزلێگرتنی لەلایەن کاربەدەستان و زانا و ئەدیبەکانی ئەو دوو وڵاتەوە. تەنانەت باسی کۆچی دوایی شێخ ڕەزای نەکردووە. لێرەدا پێویست بوو کە من ئەمە تەواو بکەم. بەڵام پێش ئەمە پەراوێزەکانی ئەو پێشەکییەی مامۆستا خاڵ دەنووسینەوە بەپێی ژمارەی ئەو پەراوێزانەی خۆی دایناوە و ئاماژەی بۆ کردووە.



**ژیانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی:**

وەک پێشتر باسم کرد مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵ لەوێدا باسەکەی سەبارەت بەژیانی شێخ ڕەزا تەواو نەکردووە و لە ژیانی شیعریدا کە سەرەتای خوێندنی بووە لە کۆیە لای مەلا ئەسعەدی باوکی مەلا عەبدوڵڵای جەلی زادە. بەپێویستم زانی قۆناغەکانی ژیان و سەفەرەکانی شێخ ڕەزا، ساڵی لەدایکبوون، ساڵ و ڕۆژی کۆچی دوایی دیاری بکەم، ڕۆژێک ئەم مەسەلەیە نەبێتە کێشە و دەربڕینی بیروڕای جیاواز لەم بارەیەوە.

لە سەرەتادا هیچ گومان لەوەدا نییە کە شێخ ڕەزا ساڵی ١٢٥٣ھ، ١٨٣٧ی زایینی لە دایک بووە، وەک بنەماڵەکەی خۆی لە چاپی دووەمی دیوانەکەیدا نووسیویانە کە ساڵی ١٩٤٦ی زایینی لەلایەن شێخ عەلی تاڵەبانییەوە کۆکراوەتەوە و چاپ کراوە. ئینجا بەپێی ئەوەی کە ڕۆژنامەی (الرقیب) کە ساڵی ١٩١٠ لە بەغدا دەرچووە خاوەنەکەی عەبدوڵلەتیف تنیان) بووە هەواڵی کۆچی دوایی شێخ ڕەزامان بۆ ڕوون دەکاتەوە ئیتر هیچ گومان لەمەدا نامێنێ. ڕۆژنامەکە لە ژمارە ٨٣ی ١٢ی موحەڕەمی ساڵی ١٣٢٨ی کۆچی ١٩١٠ی زایینی هەواڵی کۆچی دوایی شێخ ڕەزای تاڵەبانی بەم جۆرە بڵاوکردۆتەوە:

«وەفاتی شێخ ڕەزای تاڵەبانی عەسری ڕۆژی ٩ی موحەڕەمی ساڵی ١٣٢٨ی کۆچی کە ڕۆژی پێنج شەممە بەرامبەری ڕۆژی ٢٠ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩١٠ی زایینی بوو. لە گۆڕستانی شێخ عەبدولقادری گەیلانی بەخاک سپێردرا. لە تەکیەکەی خۆیدا کە کەوتۆتە مەیدان، تازییەیەکی گەرمی بۆ دانرا. لە خوا لێبوردن و خۆشبوون و ڕەزامەندی داوا دەکەین و بۆ براکان و ڕۆڵەکان و بنەماڵەکەشی ئارام، بەڵکو پاداشتی خۆایان بەرکەوێت». ئەمە بوو هەواڵی ڕۆژنامەکە ئێستا کە گومان لە ڕۆژ و مانگ و ساڵ و ساتەوەختی کۆچی دوایی شێخ ڕەزادا نەما، بەپێویستی

دەزانم کە گومان لە تەمەنی شێخ ڕەزادا نەمێنێ.

شێخ ڕەزا لە ١٢٥٣ی کۆچیدا لەدایک بووە وە لە ساڵی ١٣٢٨ی کۆچی بەرامبەر ١٩١٠ی زایینی کۆچی دوایی کردووە، ئەگەر ١٢٥٣ لە ١٣٢٨ دەربکەین دەکاتە ٧٥ ساڵ هەروەها ئەگەر ٧٥ ساڵ لە ساڵی ١٩١٠ی زایینی دەربکەین دەکاتە ساڵی ١٨٣٧ی زایینی، کەوابێت ئێستا ئەم ژمارانەی دەینووسین بێ موناقەشە و گومان ساڵی لەدایکبوون و کۆچی دوایی شێخ ڕەزایە کە حەفتا و پێنج ساڵ ژیاوە. شێخ ڕەزای تاڵەبانی ژیانی بەساڵی زایینی ١٨٣٧- ١٩١٠یە، بەساڵی کۆچی ١٢٥٨-١٣٢٨.

لێرەدا سوپاسی مامۆستا عەلی خورشید دەکەم کە زۆر خۆی ماندوو کردووە و بەڕێک و ڕاستی بەسەرهاتی ژیانی شێخ ڕەزای تۆمار کردووە لە گۆڤاری کاروانی ژمارە ٦٤ی ساڵی ١٩٨٨ کە دەقی نووسینەکەی لێرەدا تۆمار دەکەین، کە ئەمیش زۆربەی زانیارییەکانی لە مامۆستا عەلائەدین سەجادی وەرگرتووە کە لە کتێبە بەنرخ و پڕ بایەخەکانە و دوو جار چاپ کراوە، جاری یەکەم لە ساڵی ١٩٥٢دا، جاری دووەم لە ساڵی ١٩٧١.

«شێخ ڕەزا کوڕی شێخ عەبدوڕەحمانی کوڕی شێخ ئەحمەدی کوڕی مەلا مەحمودی کوڕی یووسف ئاغایە لە بنەماڵەی کاکەسووری قەراخییە لە خێڵی زەنگەنە، مامەکانی بەشێخی تەریقەتی قادری ناوبانگیان دەرچووە.» کە شێخ عەبدولکەریم، فەتاح، غەفور، محەمەد ساڵح، محەمەد عارف، عەبدولعەزیز بوون، براکانیشی: شێخ عەلی، شێخ عەبدولقادر، شێخ عەبدولواحد، شێخ حەسەن بوون، باپیرە گەورەیان کە شێخ مەلا مەحمودە، شاعیری تەصەوف بووە. مەسنەویاتەکانی شاعیری تەصەوفی گەورەی فارسی جلالەدینی ڕۆمی شەرح کردووە. شێخ مەلا مەحموود ڕابەری تەریقەتی قادری بووە، بەهۆی شێخێکی گەورەوە پێگەیشتووە و بووە بەشێخی بەرماڵ، ئەو شێخەش شێخ ئەحمەدی هیندیی لاهورییە. شێخ ڕەزا لە ساڵی ١٨٣٥ی زایینی لە دێی قرخ لە



چەمچەماڵ لەدایک بووە. لە تەمەنی حەوت ساڵیدا لای شێخ عەبدولغەفوری مامیشی خوێندووە. ئینجا چووە کۆیە لە مەدرەسەی زانای بەناوبانگ جەلی زادە مەلا ئەسعەد و شاعیری بەناوبانگ کەیفی جوانڕۆییدا پێکەوە لە مزگەوتی گەورەی کۆیە فەقێ بوون. هەر سێکیان لە ژوورێکدا دەرسیان خوێندووە و موتاڵایان کردووە. پاشان ناخۆشی کەوتۆتە نێوان شێخ ڕەزا و کەیفییەوە، لە ئەنجامدا کەیفی کۆیەی لەبەر ئەم ناکۆکییە بەجێ هێشتووە. شێخ ڕەزا لە مزگەوتی گەورەی سلێمانیش خوێندوویەتی. لە تەمەنی بیست و پێنج ساڵیی خۆی بەخوێندنی عیلمی عەرەبی و ئەدەبیاتی فارسی و تورکییەوە خەریک کردووە. دواتر ئەکەوێتە سەر کەڵکەڵەی وڵاتانگەڕی و ئەچێتە پایتەختی دەوڵەتی عوسمانی تا سەر بەرێتە ناو قاپیی ژیانەوە.

لە ساڵی ١٨٦٠دا بەحەڵەبدا چووە بۆ ئەستەمووڵ. دوو ساڵێک لەوێ ئەبێ و پاشان ئەگەڕێتەوە بۆ کەرکووک. لە ناوچەی هەولێردا ئەبیستێت کە باوکی مردووە. پاش شەش مانگێک دوای مردنی باوکی لەگەڵ شێخ عەلی برایدا تێک چووە، ئەچێ بۆ کۆیە بۆ لای شێخ غەفوری مامی کە گوایە کچی خۆی بداتێ. بەم هیوایە زیاتر لە شەش مانگ لە کۆیە ئەیهێڵێتەوە. بێگاری پێ ئەکا و کچەکەشی ناداتێ. ئەویش تۆراوە و گەڕاوەتەوە بۆ کەرکووک بەدەردەسەری و پەژارەیی لەو ناوچەیەدا ڕادەبوێرێ تا لە ١٨٦٦دا بۆ جاری دووەم دەشت ئەگرێتە بەر و ئەچێ بۆ ئەستەمووڵ. لەم کاروانەیدا ئەرزەڕۆمیش ئەبینێ. ماوەیەکی زۆر لەوێ ئەمێنێتەوە و بەشیعر و ئەدەب خۆی لە (صدر الأعظم) نزیک ئەخا، لەوێشەوە ئەکەوێتە بەرچاوی ئەهلی (باب العالی) دەنگ و ئاوازەی لەو ناوەدا دەنگی داوەتەوە، هاتوچۆی هەموو دیوەخانێک ئەکات و، بەهۆی (صدر الأعظم)ەوە ئەچێ بۆ حەج لە ڕێگەی میسرەوە حەج ئەکا و ئەگەڕێتەوە بۆ ئەستەمووڵ (ئەوەندەی من ئاگاداربم ماوەیەک شێخ ڕەزا لە میسر ماوەتەوە لە قاهیرە دەرسی فارسیی بەکوڕانی خدێویی میسر وتووە و فێری زمانی

فارسیی کردوون. ئەمە لە پێش ئەوەدا کە بچێ بۆ حەج. ئەمەندەی لە ئەستەمووڵ بووە هاتوچۆ و تێکەڵیی گەرمی لەگەڵ ئەحمەد پاشای باباندا هەبووە، شیعرەکانی ئەم ڕاستییە ئەسەلمێنن.

لە ساڵی ١٨٨٤دا ئەگەڕێتەوە بۆ کەرکووک و ئەستەمووڵ بەجێ ئەهێڵێ. لەلایەن حکومەتی عوسمانییەوە مانگانەیەکی کەمی بۆ بڕاوەتەوە، خۆیشی وردە وردە بەبەریەوە خەریکی کشتوکاڵ بووە لە دەرەوەی کەرکووک. ژیانێکی ڕەندانە و ئەدیبانەی ڕابواردووە. زۆر جار هاتوچۆی وەسمان پاشا و مەحموود پاشای جاف و پیاوە گەورەکانی ئەو ناوەی کردووە. خانمی وەسمان پاشا، عادلەخان هەمیشە دیاریی بۆ ناردووە و یارمەتیی بۆ داناوە. لە ساڵی ١٨٩٨ هەندێکیش ئەڵێن ١٩٠٠ بەتەواوی کەرکووکی بەجێ هێشتووە و چۆتە بەغدا، لەوێ لە تەکیەی تاڵەبانی دانیشتووە. لە بەغداش لەگەڵ ئەربابی قەڵەم و ئەدەبدا کاتی بەسەر بردووە. پێوەندیی لەگەڵ بنەماڵەی سەلیم بەگی بابان و سەید عەبدوڕەحمانی نەقیبی بەغدادا زۆر خۆش بووە.

لە بارەی مێژووی کۆچی دوایی شێخ ڕەزاوە مامۆستا عەلی خورشید کەوتۆتە هەڵە و ساڵی ١٩٠٩ی داناوە. ئەمیش وەک وتمان زۆربەی نووسینەکەی لە مامۆستا سەجادییەوە وەرگرتووە کە ئەویش تووشی ئەم هەڵەیە بووە. مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵیش لەم بارەیەوە شتێکی نەنووسیوە، وەک پێشتر ڕوونم کردەوە شێخ ڕەزای تاڵەبانی لە ٢٠/١/١٩١٠ لە بەغدا کۆچی دوایی کردووە.

مامۆستا عەلائەدین سەجادی لە مێژووەکەیدا نووسیویە:

«شێخ ڕەزا پیاوێکی کەڵەگەت چوارشانە، ناوچەوان پان و چاوی نەختێ مۆژ و مۆر و زەق بووە. برۆکانی پڕ و پێکەوە بەستراو بوون، لووت و چەناگەی تۆزێ پان، ڕیشێکی سپی ئەهێشتەوە زیاتر لە سێ پەنجە، کە چەناگە و سەرگۆنا و تەوێڵی خستبووە ئەندازەیەکەوە. مێزەرێکی سپیی



کوردانەی شێخانی لەسەر ئەنا کە سەر گوێچکەی دائەپۆشی، دەنگی نێر و قسەکردنیشی خاو بووە».

لەسەر ڕاسپاردەی خۆی ئەم چوار دێرە شیعرەی خۆی لەسەر گۆڕەکەی نووسراوە:

یا رسول الله چه باشد چون سگ أصحاب کهف
داخل جنت شوم در زمرەیی أحباب تو
او رود در جنت و من در جهنم کی رواست
او سگ اصحاب کهف و من سگ اصحاب تو

مانای ئەم دوو بەیتە:

«ئەی فرستادەی خوا، چی ئەبێ وەکو سەگی یارانی ئەشکەوت بچمە بەهەشتەوە لەگەڵ دەستەی خۆشەویستانی تۆ؟ کەی ڕەوایە ئەو بچێتە بەهەشت و من بچمە جەهەنم؟ ئەو سەگی یارانی ئەشکەوتە و من سەگی یارانی تۆ»

مەبەست لە یارانی ئەشکەوت داستانێکە لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە کە چەند کەسێ لە دەس دەقیانووس ڕایانکردووە و خۆیان کردووە بەئەشکەوتێکا و لەوێ سێ سەدە خەویان لێکەوتووە، کە لە خەو هەستاون و یەکێکیان بەدزییەوە چووە بۆ نان کڕین، لەوێ بۆی دەرکەوتووە کە ئەو دەورانە گۆڕاوە، دەربارەی ژمارەیان بیروڕا زۆرە، سەگێکیشیان لەگەڵدا بووە*.

* سورة الکهف (١٨/٩-٢٦)

## پیتی ئەلف

١

### دلبەری بێ وەفا

ڕۆژێ نەبوو ئەم دلبەرە بێ ڕەحمە وەفا کا
جارێ نەبوو ئەم کافرە شەرمێ لە خودا کا
حەیرانن ئەطیبا لە عیلاجی مەرەزی من
لوقمانی[١] ویسالّت مەگەر ئەم دەردە دەواکا
کارێ کە غەم و دەردی فیراقت بەمنی کرد
سەرما بەهەتیو با بەدەواری شڕی ناکا
دێوانەیە شەخسێ کە بەغەیری لەبی لەعلی
وەک شاهی سکەندەر تەڵەبی ئاوی بەقا کا[٢]
تاب و تەبی ئاتەشکەدەیی[٣] هیجری وەکو شێت
نەزدیکە منیش واریدی سەحرایی فەنا کا
لەم ڕێگەیە تەقدیری[٤] ئەزەل وابوو کە ئێمە
پامالّی جەفا بین و، ڕەقیب سەیر و سەفا کا
ڕۆح و دڵ و دین هەرسێ ئەکەم بەزل و نیساری[٥]
کامی دڵی من ئەگەر لە لەبی لەعلی ڕەواکا
سەر دانێ لە ڕێی عەشق، ڕەزا لازمە عاشق
بۆ یار سەر و مالّی سوپەری تیری قەزا کا

٢

### عەشرەتی جاف[١]

خزمینە مەدەن پەنجە لەگەڵ عەشرەتی جافا
مێروولە نەچێ چاکە بەگژ قوللەیی قافا
کێ بێ لە دلێرانی عەشایر[٢] کە نەچووبێ
وەک تیری قەزا نووکەڕمی جافی بەنافا



خوێنڕێژ و شەڕەنگێز و عەدوبەند و تەنومەند
کامیان[٣] گەنە وەک شێرە لە مەیدانی مەسافا
چونکە ڕەسەنن[٤] ورد و درشتیان هەموو جەنگین
مەی سارییە نەشئەی چ لە دوڕدا چ لە سافا
وا بێ خەم و پەروا دەچنە عەرسەیی هەیجا[٥]
تۆ ناچییە سەر دۆشەکی بووکی لە زەفافا
یبغون[٦] الی الامر صغاراً وکباراً
یسعون الی الحرب ثقالاً وخفافا
وەسمان بەگیان ئامیرە وەختی کە بلّێ دەی
دێنە جەوەلان هەروەکو حاجی لە طەوافا
خواهم[٧] زخدا انکە شود دشمنی جاهت
کۆتی لە دەسا ، دەس لە ملا، مل لە تەنافا
ڕەحمێ[٨] بکە با شێخ ڕەزا بێتەوە گوفتار
حەیفە بڕزێ تیغی مجەوهەر لە غیلافا

٣

### بەم شیعرانە شێخ ڕەزا داوای تووتنی بۆندار ئەکات لە حاجی ئەسعەد ئاغا

تۆ کەم نەزەری دەرهەقی من ئێستێکە ئاغا
من ماومە هەوای سوحبەتی تۆم هەر لە دەماغا
تا ڕۆژی قیامەت[١] بەخودا زیندووە نامرێ
بابێ کە بمێنێ کوڕی وەک تۆی لە وەجاغا
بۆ تووتنەکەی بیشەمە و شاور و شێتنە[٢]
شێت بووم و نەهات، وەختە دلّم دەرچێ لە داغا
جاران چ بەجاغ و چ بەبار بۆت دەهەناردم
نانێری ئەمێستا نە بەبار و نە لە جاغا[٣]

ڕێی نەوتەکە[٤] باجگیری ئەگەر زۆرە دەفەرمووی
ڕێی خاسە بەشەو خاڵییە با بێ بە بولاغا
نەمزانی فەلەک گۆبەنی هەر بۆ منە یاخو
سەد دەستی وەکو دەستی منی کردووە[٥] بەزاغا
یارەب گوزەران کا بەسەفا وەختێ عەزیزت
پەیوەستە لە دەوری چەمەن و[٦] گەردشی باغا
بۆ چوونە تەوافی حەرەمی شاهیدی مەقصوود
عالەم هەموو مەئزوونە ڕەزا هەر لە یەساغا

٤

**بۆ مودیری قزڵجە**

لە تەرەف کێرەوە بەریدی سەبا
بۆ مودیری قزڵجە نامە دەبا
بۆ جەنابی مقرب الخاقان[١]
میر عەلی بەگ لە ئەنجەبی نوجەبا
میرم ئایا چلۆنە عیللەتەکەت
باز بە خارشتە بن گونت عەجەبا
ئیحتیاجت بنووسە عەیبی چییە
مەحرەمی ڕازی تۆم بەعەهدی صیببا
سەد تڕت دا بە کودەکی[٢] لە گونم
ئەی تڕت ڕەعد و وەی تست ڕەشەبا
دوو دەمانتان[٣] چرووکە بونیادی
بۆ قەباحەت (بەنم دەکیل) هەبەبا
عەبدوڕەحمان بەگی برات فەرمووی
ئابڕووی خانەدان کە عەلی ئەیبا



خاڵە کوێرەش[٤] سەراحەتەن ئەیوت
کە عەلی بەگ بووە بەدێڵە بەبا
لە ئابائت[٥] ئیبا مەکە میرم
هذه ارثکم اخاً وأبا
گەر بە کێری قزڵجە تێر ناخۆی
وەرە شێخ ڕەزا بەڕەشتا با

٥

**دەستێکی هەیە**

دەستێکی هەیە مەستییە فەندی لە کەرەمدا
میوانی ئەزیزی هەیە دایم لە حەرەمدا
ئەلحەق ژنەکەی موشفیقە دەرهەق بەغەریبان
سەد گانی بەڕۆم[١] داوە هەزاری بەعەجەم دا
هێند کێری هەتیوان بەکوزیا[٢] چووە دایکی
دەستێکی شکابوو بەمناڵی لە شەکەمدا
بەر زەربەیی کام کێری قەوی کەوتووە ئاخۆ
بەو دەردە چووە ساعیدی ڕەشیدی لە ڕەحمدا
حەتتا کە مەجیدی کوڕی تەبعی جەوادە
سەد گانی بەیەک لەحزە بەبێ پوول و درەم دا
گەوواد و تەرەسی مولحید و بێ دین و مونافیق
مەردوود نییە میسلی لە مسقۆف و عەجەمدا
بۆ سەددی ڕەهی قافڵە وەک تەپڵی سکەندەر
ئاوازی دەهۆڵی کوزی دایکی لە حەرەمدا
ئەو کێرە زلەی کێ بوو لە کێلانی فەتاح بەگ
مشتێکی کوتایە کوزی، مشتێکی لە دەم دا

٦

نیـمـە بۆ تەسـویری ئەبرۆت پەیرەوی مـانی دەکا
شانە بۆ زنجیـری زوڵفت عـەنبەر ئەفشانی دەکا
قـووتی ڕوحە لێوەکەت یاقـووت وەها ئاودار نییە
مـەنعی بازاڕی عـەقـیق و لەعلی ڕوممانی دەکـا
خـاڵی سـەرلێـوت نگین و خـاتەمی نادر ظهـور
موهری دەستی ئاصەفە حوکمی سولەیمانی دەکا
دڵ لەنەشئەی عەکسی مەستی چاوەکەت لایعقل-ە
بۆ کـەبابی جـەرگی مـن لێــوت نمەکـدانی دەکـا
بەرگی سەرتاپام پەلاس بێ گەر بەشەرتێ تۆم ببێ
تاری ئەو بەرگە لەلام سەد شاڵی کرمـانی دەکا
سەد هەزار جار دەخیلم حەرفی بەدکار مەشنەوە[1]
هەرچی دەربارەم بڵێ بێ پیـرە شـەیتـانی دەکـا
گـەر لە پەردەی نازەوە ئاوازی تۆ بگرێتـە گـوێ
بولبـولی شیـرین زوبان مـەیلی غـەزەلخوانی دەکا
کەس نییـە ئەو شۆخە حاڵی کا لە سۆزی ئاتەشم
وا ڕەزا دیسـان لەعـیشقی هەر غـەزەلخوانی دەکا

٧

**چوارینە لە هەجووی شێخ حەمەعەلیدا...**

سـا بی زگی خـۆت هەڵـمـەدڕە و مـەمـرە لە داغـا
ئەم قـەومـە هەمـوو مـردن و تۆ مـای لە وەجاغـا
لەولاوە ڕەگــێـکت لە زەهاو هەڵـئـەـنیـشـێ
لەم لاوە ڕەگــێـکت لە کنی سـاوجــەبولاغـا



٨

**چوارینە لە هەجووی قازیی کۆیەدا**

شـێخ ڕەزا بێت و لەسـەر تۆ هەجـووی قـازیی کـۆی بکا
سـەیری کـە چی بکا ، دۆم بێ و کـلاش بۆ خـۆی بکا
چونکە غـەدری کرد لە لامیع شـەرت بێ قـازی وا بگێم
هەر گـەن و گـوویێ لە زگـیـایە بەجـاریێ ڕۆی بکا

٩

**جاشکترین**

جـاشک ترین مکایل وەعـدی بەسـەر نەهێنا
عـومـری گـەیشـتـە هەشـتـا وازی لە کەر نەهێنا
لە نـەسلی کـــەر نەبوایە ژنی ئـەهێـنـا ، بەڵام
وازی لە یەکـسـمـخـانی خـاتووزەڕکـەر نەهێنا
گـیـسکە گـەڕەی بردە چۆڵ تا کـەرێکی پێ بگرێ
لە نەگـبـەتی ئەو جـارەش کـاری بەبەر نەهێنا
نـەیـزانـی تـەڕبـەهـارە ولاخ تـیـــا دەتـوورێـنێ
خۆی کردە پەندی شارێ، قەت وای زەرەر نەهێنا
عـەمـبـازی بوو تراندی بەبەر کـۆشـیـا تووراندی
تـا ، ڕیخـی دەرنـەهـێنـا (تـەئریـخ)ی دەرنـەهـێـنـا

١٠

لە سـەگـم پرسی عـەجـەبا قـەومـتـە حـوسنی پاشـا
توورە بـوو کلکی لەقـان و وتی: «حـاشـا حـاشـا
ڕاسـتی گـەرچی سـەگـیـشم بەخـودا خـۆم دەکـوژم
ناوی مـن بێنی لەگـەڵ ئیـسـمی خـەبیـسی پاشـا»

١١

له سه‌خا و له که‌ره‌مدا
له فه‌ساحه‌ت له ئه‌ده‌بدا
یه‌که بازه له سه‌فه‌ردا
یه‌که تازه له حه‌زه‌ردا
تاقه عه‌یبی که هه‌بێ
هه‌ر ئه‌وه‌یه تاقه که‌سه
له هه‌موو خاکی عه‌ره‌بدا
له هه‌موو شاری عه‌جه‌مدا

**تاکه‌کان**

١٢

کافی کلک و کافی کوون و کافی که‌ر تێکه‌ڵ کرا
ئیسم و ناوو شۆره‌تی که‌رکووکی لێ ته‌شکیل کرا

١٣

داخڵی فه‌رجه له‌سه‌ر قنگ کێر به‌گون ده‌عوا ده‌کا
نانی کونه‌ماسی ده‌خوات و پاسی جرتاوا ده‌کا

١٤

ئه‌حمه‌قم نه‌مکرد هه‌تا ڕیشم نه‌بوو گانێ بده‌م
مسته‌فا به‌گ چاکی کرد تاڕیشی هات هه‌ر گانی‌دا

١٥

**وه‌ڵامی مسته‌فا به‌گی باوه‌جانی بۆ شێخ ڕه‌زا**

کاتێک وه‌ک پاسناو بیکوتمه ژێرت
وه‌ک چه‌قچه‌قه‌ی ئاش هه‌ڵپه‌ڕێ کێرت



١٦

کێ دیویه‌تی ئه‌ی شیخ عه‌لی ماڵی خه‌زوور بۆ زاوا
تۆ له کوێ ته‌کیه له کوێ بزنه‌گه‌ڕی مه‌زناوا

١٧

سێ ئیسم هه‌ن بێ موسه‌مما هه‌روه‌کو ئاوی به‌قا
ته‌یری عه‌نقا ، شاری جابولقا ، پڵاوی خانه‌قا

١٨

ماری ڕه‌شه خنکاوه له گێژاوی خه‌لادا
کێرمه له قنگی کاکه حه‌مه‌ی حاجی مه‌لادا

١٩

مه‌یلی ئه‌شعارم هه‌یه ، تیغی زبانم موو ده‌کا
هه‌ر که‌سێ جارێک بگێم پڕ به‌شارێ گوو ده‌کا

٢٠

یه‌هوودی به‌چه‌یه‌کم گرت و لێم برد و تیا خووسا
که تێم نا چاوی نووسا بانگی کرد: یا حه‌زره‌تی مووسا

٢١

ده‌ماری مردووه کێرم له ماری مردوو ده‌کا
له ساق و ساعیدی میهته‌ر نه‌سیمی جادوو ده‌کا

٢٢

شێخ سه‌تار ئێمه‌ی به‌زاند بۆ مه‌لای گون سه‌نگه‌لا
دینی پێغه‌مبه‌ر به‌ئاشکار خۆشه یا من یا مه‌لا

٢٣

**بۆ ئەمین فەیزی**

بەغەیرەز میهری تۆ گەر بێ لە دڵما
زرەی زنجیری زاڵم بێ لە ملما

٢٤

**حەمادی - بەشێخ ڕەزا دەڵێت:**

دانەی دەمت نەماوە و لە گەف ناکەوی هێشتا
پیرەکەری چەنەباز ئەڵێم بکەم بە لەشتا

٢٥

**وەڵامی شێخ ڕەزا**

عەمرم گەیی بەهەشتا کێرم بەکارە هێشتا
تەصدیقی گەر نەفەرمووی هەستم بەرم بە ڕەشتا

٢٦

هەر لە دەنگی کەڕەنا و شەیپووری جەنگیز خان دەکا
وردە ئاهەنگی پیاوی پیر کە وەختێ گان دەکا

٢٧

چونکە شاعیر زۆر بووە لەم عەسرەدا
بۆتە حەشری نێرەکەر لەم حوجرەدا

٢٨

لە بۆ مەغبووری و لێڵی دوو سێ تێلام لە زێ وەردا
وەکو شەخسێ کە چەند کێرێ لەسەر چەشمەی قوزێ وەردا

٢٩

کووپە هەیئەت، ڕوو قەرە، سینەک سفەت، دینار پەرست
ئەسکەمل مل، مەشرەب ئۆغلان، کاری پاپازی دەکا



## پیتی بێ

٣٠

**لە فیراقی قادری وەستا خدر**

بۆ نەسووتێ جگەر و بۆچی نەبێ دڵ بەکەباب
بۆچی نەڕوا لە تەنم ڕۆحی ڕەوان میسلی شەهاب
بۆ لە سەرچاوەیی چاو هەڵنەقوڵێ ڕەشحەیی[1] خوێن
بۆچ لە فەوواریی مۆژگان نەتکێ قەترەیی ئاب
بۆ لەبەر ناڵە نەبێ حەڵقەیی حەڵقم بەسروود
بۆ لەبەر گریە نەبێ چەشمەیی چەشمم بەسەراب
موئنیسی ڕۆژ و شەوم باعیسی ئارامی دڵم
ڕۆیی و من لە غەمی کەوتمە نێو بەحری عەزاب
بەوقووعی سەفەری[3] قادری وەستا خدر
خانەیی عەیشمی تاڵ کرد فەلەکی خانە خەراب
چەنگ و نەی لێ مەدە ئەی موتریب کە لەبەر فیرقەتی ئەو
ڕنەکی ڕۆحە لە گوێم نەغمەیی ئاوازی ڕەباب
ساغری مەی[4] مەدە ساقی کە لەبەر دووریی ئەو
تاڵە وەک ژەهری هەلاییل لە مەزاقم[5] مەیی ناب
کاری کردن نەبوو ئەم کارە کە گەردوونی دەنی
کردی، ڕووی ڕەش بێ وەکو بەختی من و پەڕی غوراب
ئەی ڕەزا ڕەنگە لەبەر فیرقەتی ئەو موئنیسە تۆ
قەت نەبی خاڵی وەکو کوورە لە سۆزی تەپ و تاب

٣١

**دەردی حەبیب**

دەمکوژێ حوکمە دەزانم بەخودا دەردی حەبیب
وەرە سا بەشقی خوا دەس لە یەخەم بەردە طەبیب

وەرە دەستێک بخەمە گەردنی بلوورینت
تاوەکو سفرە لە داخا بدڕێ ورگی ڕەقیب
تالعم نەحسە ئەترسم کە بەئازاری فیراق
بمرم و ڕۆژێ نەبێ دەوڵەتی وەسڵم بەنەسیب
چاوی فەتتانی[1] تۆ ئەو ساحیرە جادووگەرەیە
کە بەیەک عیشوە[2] ئەدا عابیدی سەد ساڵە فەریب
تا لە تۆ دوورە دڵی غەمزەدە[3] ئەی ڕاحەتی جان
مەشریق و مەغریبە مابەینی لەگەڵ سەبر و شەکیب
بێ فراز نابێ نەشیب ئەم قسە تەحقیقە وەلێ
من لەڕێی عەشقی تۆ نەمدی بەخودا غەیری نەشیب[6]
غەیری زوڵفە لەسەر سەفحەیی ڕووت سابیتە یا
طینەت[7] و طیبە[8] کە مەمزووجە لەگەڵ زینەت و زیب[9]
شێخ دەگۆڕێتەوە گەر چاوی بەزوڵفت بکەوێ
خەرقە و[10] سەبحە[11] بەزوننار و چەلیپا و صەلیب[12]
تاقەتی تاق بووە بێچارە لەژێر باری فیراق
بکە ڕەحمێ بەڕەزا، چاکە تەڕەحوم بەغەریب

٣٢

شێخ سەعید سەردارە شێخ مەعروف هەتا حەزکەی نەجیب
بۆ جەوانمەردی و شەجاعەت بەینی بەینەڵڵا نەقیب
گەر ڕەقیب نەبوایە مابەینی ئێمە کەی تێک دەچوو
کێر بەکوز داکی موفەتین گوو بەڕیش بابی ڕەقیب



## پیتی تێ

٣٣

### ئێستریکی ڕووت و قووت

میر بەسەد منەت هەناردی ئێستریکی ڕووت و قووت
دەستوپا سست و سەقەت ئەندامی هەروەک عەنکەبووت
خاوەنی ئالیکی نالێم پێ نەداوە موتلەقا
داویەتی ئەمما وەکو بیستوومە قووتی - لا یموت
پووش لەلای حەلوایە حەتتا گەر پەڵوشەی چنگ کەوێ
بای ئەدا، لوولی ئەدا، قووتی ئەدا، مانەندی حووت
گەرچی ناتوانێ ببزوێ هێند لەڕ و کەم قووەتە
دەنکە جۆیەکی نیشان دەی تا قیامەت دێ لە دووت
پشتی ڕیش و شانی زامدار و جەدەو بوو ناعیلاج
چەند قرۆشێکم هەبوو بۆم دا بەنەوت و ئەنزەرووت
سەی فەتاحی مەیتەرم ڕۆژێ بەحوججەت لێی نەوی
کلکی دەرهێنا لە بن ئەمجا بەئاستەم گوێی بزووت
گەر قەڵەو بێ ئەم ئەجننە لێرە تەسخیر ناکرێ
غەیری چەند دەروێشی ڕەففاعی بەزۆری جەلجەلووت
مەسڵەحەت وایە هەتا نەیخواردووم بینێرمەوە
زۆر ئەترسم دەفعەیێ قووتم بدا بمکا بەقووت
ئەم مەتاعە چاکە هەر لایق بە حاجی ئەحمەدە
جووتی پێبکا هەروەکو جووت هەردوو لنگت کرد بەجووت
لایقی شانی من و شایانی شەئنی تۆ نەبوو
چاوەکەم چیت پێ بڵێم چارم نییە غەیری سکووت

## ٣٤

تەخمیسی شێخ ڕەزا لەسەر غەزەلێکی خواجە حافیزی شیرازی

**لە هەجووی مەعروف ئەفەندی باشکاتبی بیدایەتی هەولێر**

مەعروفی بێ دیرایەت گووت کردە ناو بیدایەت
چیت پێ بڵێم قورمساغ هەردوو گونم بەدایەت
گونمی بەترِ شەهید کرد کێرم ئەکا ڕیعایەت
زان یار دلنوازم شکریست با شکایت
گرنکتەدان عشقی خوش بشنو این حکایت

مەعروف کە حیزی وەک ئەو نەبوو لە نەسلی ئادەم
ئازاری مەقعەدی بوو بۆم ڕاکێشا لە سەردەم
مردم ئەوەندە سواربم خۆم کوشت ئەوەندە پیادەم
بی مزد بودر منت هەر خدمتی کە کردم
یارب مبارکی سرا مخدوم بی عنایت

خاشاکی دەوری دەبری لێم بوون بەماری هەیجا
کێرم بەسەد مەشەققەت ڕۆیی گونم نەگونجا
کێرم لە پەشمی پاشی دانەی کونی ترنجا
در زلف پرِ شکنجش ای دل مپیچ کانجا
سرها بریدەبینی بی جرم و بی جنایەت

ڕووم کردە سەمتی سمتی یەعنی مەکانی مەعهوود
ئەرزێکی پڕ نەجاسەت دەشتێکی شەهووەت ئالوود
ڕانیم فەرەس چەپ و ڕاست ڕێگەم نەبردە مەقسوود
ازهر گرف کەرفتم جز وحشتم نیفزود
زینهار ازین بیابان وین راهو بی نیهایت

دەرمانە سمتی ئەمما نەرمانە وەک بەری دەست
کاروانی کێر بەناویا ئەڕوا هەمیشە سەربەست
هەرمەنزڵێکی سەد میل هەرمیلێ سێ سەدو شەست



این راه بی نهایت صورت کجا توان بست
کش صد هزار منزل ببیش است از بدایت

باوکی پیاوێکی چاک بوو زاتێکی زۆر موقەدەس
خۆی پوشت و داکی خۆگێ هەتا خودا بڵێ بەس
بۆ نەختێ ئاوی شەهوەت جەرگی بووە بەقەقنەس
رندان نشنە لب را ئابی نمید هند کس
گویی ولی شناسان رفتند ازین ولایت

## ٣٥

کاتێک مەعروف ئەفەندی کارەکە بۆ کابرا جێبەجێ دەکات شێخ ڕەزا ئەم بەیتە شیعرەی بۆ دەنێرێت:

مەعروفی پڕ درایەت گوڵی باخی هیدایەت
چیت پێ بڵێم چاوەکەم ڕەحمەت لە باب و دایەت

## ٣٦

**هەجووی مودیری تەحریرات**

گیزەر دەوائیر ئەقلامی ئەرقەسیندە دەوات
مەداری ئەهلی قەلەمدر مودیری تەحریرات
نەگوفتە مەن حەزەر کون زوتیغی ناطقە ئەم
فأن ناطقتی آفە من الآفات
لەبەر عەباکە (جەب)م کردی ئەی فەقیری خودا
ئەوە عەباکەتە کێرم بەقنگی خۆت و ئەبات

## چوارینە

٣٧

**بەبۆنەی کوشتنی ناصرەدین شاوە**

ئەهلی عیبرەت ماوە گەر بێن با سەیری ناصر شا بکەن
دوو لە سی کەم شەهی کرد و (کش)ێکی ڕێ نەهات
(هات)ی وا سەیری نەهاتیی کەن کە سەد تیپ و سوپا
پاسەوانی بوو لە نێو بەستا پیادەیێ کردی (مات)

٣٨

**لە هەجووی شێخ ئەحمەد ناوێکا**

مـزەی ئەوەندە نەبوو ئاشـەکـانی جـێـشـانەت
ببێ بەقـووتی شـەوێکت ریامـە جێ شـانەت
بەبێ سـەبەب لە سلێـمـانی شـاربەدەر نەکرێ
نەکەوتە دەستیعەدووت مەکتەبە و کتێبخانەت

٣٩

**شێخ ڕەزا لە هەجووی شێخ ڕەشیدی ئامۆزایا ئەڵێت:**

ڕەشـــە ڕەشـــاشی کـــەری ڕەش بەڕەشت
تا ڕەشت مـــاوە ڕەش و ســـوور بەڕەشت
چڵ و چێـــوی چەمی ڕەشنەش بەڕەشت
بـە لـەشـت هـەم بـەبـەشـت هـەم بـەڕەشـت

٤٠

بەسە بۆ دەفعی ئەعدا چاوەکەم قەڵغانی سیمینت
هەزار مـارتین بەقـوربانی تفـەنگی لوولە چەرمـینت



٤١

تەڵاق گـەر بێ بەدەمـیـا ئەو زلەی چوارپەل قـەوی
بۆی ئەنێـرم سێ زەلام تا بیکەنە پەلای قـەڵات

٤٢

ئەسپەکەت دەرکرد لە دەستم وای درێغ بۆ ئەسپە کوێت
سنگەکەی ماوە کەریم خان پێم بلێ بیکوتمە کوێت

٤٣

خورووی نامرێت بەکێری من تلێشی ناوگەڵی داکت
بلێم چی سەد هەزار لەعنەت لە خۆت و شیری ناپاکت

٤٤

کێر ئەگەر مەیلی کونی کرد سەرەکەی بگرە لە مشت
هەمەجا خانەیی عەشق ئەست چ مەسجد چ کەنشت

٤٥

«ئەی سەروی بڵند و قەدد و برۆ تاق و مەمک جووت
فەرقی نەبوو ئەم شیعرە لەگەڵ میز و لەگەڵ گووت»[1]

(١) لە کۆڕێکدا شاعیرێک دەیەوێ شیعرێکی نالی بۆ شێخ ڕەزا بخوێنێتەوە، نیوە دێڕی بەیتی یەکەم دەڵێت و هەرچەند دەکات ئەوانەی تری بۆ نایەت، بەشێخ ڕەزا دەڵێت بۆی تەواو کات، شێخ ڕەزاش بەم جۆرە بۆی تەواو دەکات.

## پیتی دال

٤٦

### سەرگوزشتەی خۆی و هەجووی شێخ غەفور

ئەو ڕۆژە کە تۆرام و لەکەرکووک سەفەرم کرد
مانەندی عەقاریب لە ئەقاریب حەزەرم کرد
گەردوون سنەکی کردم و هێنامیە کۆیە
میوانی لە کن مامە غەفوری لەجەرم کرد
خواستم کە بڕۆم بۆ سەفەری ڕۆم بەسەیاحەت
نەیهێشت و دووسەد ئەهلی عەمامەی لەسەرم کرد
دانیشێ نەچێ من کچی خۆم مارە دەکەم لێی
ئەو تالیبی دنیایە ئەوا موعتەبەرم کرد
چرووسا لەبەرم جوببە و فسا لە سەرم فێس
نە فێسی لەسەر نام و نە جوببەی لەبەرم کرد
شەش مانگە بەم قسانە گلی دامەوە لای خۆی
نەمزانی ملم بشکێ تیاچووم زەرەرم کرد
وەڵڵاهی دەکەم دەرهەقی ئەو بەڵکو زیاتر
ئەو کارە کە دەربارەی ڕەشیدی پسەرم کرد
کارم تەڕ ئەبێ ئەموت ئەگەر لوتفی ببێ مام
ئەی لایقی ڕیشی بەخودا کاری تەڕم کرد
بۆ موجتەهیدان گەرچی جەوازی نییە تەقلید
من موجتەهیدم هاتم و تەقلیدی کەرم کرد
ئەی گووی خلە بەم لوتفە کە ئەو کردی لەگەڵ من
لەم مەرحەمەت و لوتفە ئەوا من گوزەرم کرد
هەرچەندە وتم وەختێ کە دیم نەخوەتی قەلبی
یارەب لەگەڵ شێخ عەلی بۆچی شەڕم کرد



هەر دەچمەوە لای گەرچی بڵێ هاتەوە دیسان
ئەو خوێڕییە بێکارە کە من لێرە دەرم کرد
هەرچەندە ڕەزا باعیسی بەدنامییە عەودەت
لەم سووکی و بەدنامییە سەرفی نەزەرم کرد

٤٧

### لە باسی باب و باپیری تا دەگاتە خۆی

خودا وەختێ حەزکا بەندەیێکی خۆی بکا خۆشنوود
لە ڕێگەی دوورەوە بۆی دێ بەپێی خۆی شاهیدی مەقصوود
لە هیندستانەوە شەش مانگەڕێ تا خاکی کوردستان
خودا شێخ ئەحمەدی هیندی ڕەوان کرد بۆ مەلا مەحموود
مەلا مەحموودی زەنگنە یەعنی قوتبی دائیرەی ئیرشاد
لە دەوری مەرقەدی هەر دەنگی یاهوو دێت یا مەعبوود
لەپاش ئەو ئەرشەدی ئەولادی شێخ ئەحمەد لە جێی دانیشت
بیعەینی وەک سولەیمان جێنشینی حەزرەتی داوود
بەڵێ بابی وەها ئەڵبەت دەبێ فرزەندی وا بێنێ
ئیلاهی سەد هەزار ڕەحمەت لە قەبری والید و مەولوود
بەڕەحمەت چوون ئەوان با بێینەوە سەر باسی ئەوڕەحمان
فیدات بم ئەی نەتیجەی دوو دەمانی ئەحمەد و مەحموود
نەتیجەم مەقسەدە تاڵی موقەددیم شەرتی تەحسیلن
ئەوانەی بۆ ئیجاد کرد خودا تا ئەم ببێ مەوجوود
ئەمێستاش شێخ عەلی نەجلی کەبیری صاحیب ئیرشادە
ئەمیش وەک باوک و باپیری لە زومرەی ئەولیا مەعدوود
ڕەزاش لەو نەسلەیە بیبەخشە یا ڕەبی کە قەت نابێ
گوڵی بێ خار و بەحری بێ بوخار و ئاگری بێ دوود

٤٨

**کەش و فشکردنی بەگ**

لە بەگ وابوو کـە من مـاتم کـشی کـرد
کـە من هەسـتـام و ئەو دابوو فـشی کـرد
گەهێ سەیرانی سەرگون بوو گەهێ کێر
حەقـیـقەت مستەفا بەگ گەردەشی کرد
دەبوو بـاوکی سـەگی ناونـایە ئـەمما
بەگی ناونا قـورمـساغ یاغنشی کـرد

٤٩

**سەروو نەی**

سەرو و نەی چین کە لەگەڵ قامەتی تۆ بێنە نەبەرد
شەککەری خواردووە نەی سەروو سەری داوە لەبەرد
گـەر دەلیلی وەکـو نوقـتـەی دەهەنت نەبوایە
منیش ئینکارم ئەکرد وەک حوکەما جەوهەری فەرد
لێـی دەپارێمـەوە ئەی ڕوحی ڕەوانم توخـوا
چیـیـە دەرمـانی دڵم پێم دەڵێ: لاچۆ دڵە دەرد

٥٠

**تاکەکان**

گەرچی میرانی خدر بەگ موددەتێک قورعەی نەدا
پار لە خۆشناو قورعەیانکێشا و گەلێکیانپێوە کرد

٥١

وەختێ ناجی ڕووت کرا وەک شێری نەڕ جەنگی ئەکرد
گـاهگاهێکیش لە ترسـان وردە ئاهەنگی ئەکـرد



٥٢

حەیدەری کـەڕڕارە یاخـۆ خـالیـدی ئیـبنی وەلیـد
ڕۆستەمێکە ڕۆژی دەعوا بەینی بەینەڵڵا حەمیـد

٥٣

قـوربانی پەلی بم کـە پەلی هەمـپـەلی پەل کـرد
خۆی و سەگەکەی هەردوو بەجارێ شەق و شەل کرد

٥٤

گـوو بەڕیشی تەنکی عەبدوڕەحمان بەگی قایمقام
ئەو کە بەینێک بێزیان بوو، بازیان مەغرووری کرد
تاڵەبانی بوو کـە سفـرە و نان و خـوانێکی هەبوو
دای بەسەریا هەروەکو خەپلەی قنگی خاپووری کرد

## پیتی ڕێ

٥٥

### کوڕێکی بولغار

ڕۆژی یەک شەممە کە مەشهورە بەڕۆژی پازار
من بەغار کەوتمە دومبالی کوڕێکی بولغار
کوڕ چە کوڕ لێوی وەک لالەیی حەمرا ڕەنگین
کوڕ چە کوڕ چاوی وەکو نەرگسی شەهلا بیمار
ئەهلی ئینصاف بەخوا ڕەنگە چەنەی بشکێنێ
گەر کەسێ بێت و بکا قامەتی تەشبیە بە چنار
لەهەمووی سەرفی نەزەر، سمت و سورینێکی هەبوو
نازک و نەرم و لەتیف میسلی تەلاَی دەستەوشار
خڕ و مەخرووت و مودەوەر سپی و نەرم و دوونیم
هەروەکو کۆمەڵە بەفرێ کە شەقی کەی بەمشار
کە بەدیقەت نەزەرم کردە سوورێن و کەفەڵی
هەردوو چاوم پەڕییە تەوقی سەرم وەک سەگی هار
دامەنم گرت و وتم (مەرحەمەت ئێت ئەڵماسم
بۆیلە یاندر مەبەنی ئاتەشی عەشقن ئێلەزار
چشمی جادوویی سیاهت هەمە بەندەست و فریب
هەمە نازەست و گریشمە هەمە خوا بەست و خومار
بەنی صەدید ئێتدی سەنن دیدەیی ئاهو ڕەوشن
ئەی سەنن دیدەلەرن ئاهوەکەی شێری شکار
ساعەتێک چاک لە سەر و سوورەتی نەحسم فکری
پێی وتم: گێت ئیشتە حاجی بەبە یاغمەمی وار
صاچمە لاقردیلەرن حاصلی یوق ئەقچە گێتر
ئاقچەسز ئێتمە ساقن ئارەزووی بۆس و کەنار



من کە یەک پارەیی جلقم لە ئەزەل شک نەدەبرد
پێم وت ئیشتە کەمەرمەدە دولیدر یوز دینار
سۆیلەدم چەشمی حەقارەتلە بەنە باقمە گوێزم
مەردومی کین مەشەو ئەز مەردوومی مەردووم ئازار
بەن بویوگ زاتی شریفەم وەکەلا خواجەسییەم
طانیور بەندە نزی جوملەیی شاهو خونکار
ئەلغەرەز هێندە درۆم کرد و فسوونم بۆ خوێند
کەوتەدووم هەروەکو دووی گورگ کەوێ بەرخی هەژار
موختەسەر خۆشە قسە بردمە مەنزڵگەهی خۆم
گرتم و خستم و لێم برد و گونم کرد بە چوار
مۆڵەتم ساتێ نەدا ئەو شەوە تا وەختی سەحەر
کاری خێرم بەمەزەندە گوزەری کرد لە هەزار
وەختی سبەینێ کە داوێنی فەلەک ئەتلەسی بوو
هەر لە جێ ڕاستەوەبوو دامەنی گرتم وەکو خار
چنگی وەک پەنجەی شاهین لە یەقەم قایم کرد
دەستی کردە جەزع و ناڵەو و هاوار هاوار
زەفتییە و ئەهلی مەحەللە هەموو جەم بوون لەسەرم
پرسییان ما الخبر ئەی زاهیدی سالووس شیعار
پێم وتن لەم کوڕە بولغارە بپرسن کە لە من
چی دەوێ؟ بۆچی دەناڵێنێ وەکو هەوری بەهار
چاکی کرد پەردەیی ناموسی وتی: سیکتی بەنی
وێرمەدی پارە بەنی بۆیلەمی قانوونی کیبار
دێدلەر حاجی ئەفەندی چوچوقن حەقنی وێر
سڕ کە فاش اولدی دەها فائدە ئیتمز ئینکار
یوقیسە پارە ئەگەر مهلتن اوچ گوین اولسون
هەقنی اوچ گویندەر وێرمەیەسن ئەی غەددار

هەتا ئێستا لە هەموو چاپەکانی دیوانی شێخ ڕەزادا ئەم شیعرە و شیعری ستایشی ئەحمەدی پاشای بابان پێکەوە دانراون بەڵام دوو شیعری جیاوازن هەروەک ئەمین فەیزی و حوزنی موکریانی بەجیاواز و ڕاست نووسیویانە.

٥٦

**ستایشی ئەحمەد پاشای بابان**

ئەمە سێ ڕۆژە کە سەرگەشتە و حەیران دەگەڕێم
کێم هەیە غەیری وەلی نیعمەتی فەرخوندە شیعار
یەعنی هەم نامی نەبی حەزرەتی ئەحمەد پاشا
فەخری دین کانی حەیا بەحری کەرەم کۆهی ویقار
مەدحیئیحسانی بکەم، حیلمی بکەم، عەدلی بکەم
بەخوا خارجە ئەوصافی حەمیدەی لە شومار
کەفی زەڕبەخشی کەوا مەنبەعی دوڕ و گەوهەرە
میسلی بەحرێکە نەساحلی بێت و نەکەنار
تەبعی جەواد و کەریم هەروەکو قائانی دەڵێ
(زەر بە قنطار همی بخشد و اوشتر بە قتار)
تاوەکو دەور بکات و بگەڕێ چەرخ و فەلەک
تاوەکو دێت و دەچێ بێت و بچێ لەیل و نەهار
بەمرادی بگەڕێ شەمس و قەمەر چەرخ و فەلەک
زەفەر و فەتحی قەرین بەختی موعین تالعی یار
ڕەئیی ئەو باعیسی تەنزیمی ئوموراتە وەلێ
بۆ کورەی عالەمی ئیمکان بووەتە قوتبی مەدار



٥٧

**ئازایی عەشرەتی تاڵەبانی**

بارەکەڵڵا ئافەرین ئەی عەشرەتی نەصرەت شیعار
مەردی مەیدان شێری جەنگاوەر، هوزەبری کارزار
چوار عەشیرەت کاکەیی و وەند و جەباری و داودە
ئیتیفاقیان کرد و هاتن چوارسەد و پەنجا سوار
هەر بەئەوەڵ حەملە چەندتان کوشت و چەندتان سەر بڕی
چەند کەلاکیان لێ بەجێ ما بوونە طەعمی موورومار
ئێستەکەش لەو دەشتە شەڕیانە لەسەر لاشەی ڕزیو
کەرگەس و شاهین و گورگ و مامەڕێوی و کەمتیار
بەینی بەینەڵڵا عوبەیدی فیلەتەن کارێکی کرد
هیچ کەسێک نایکا مەگەر حەیدەر بەزەبری زولفەقار
هەر سوارێ فیرقەیەکی ڕاڕفاند و دایەپێش
کەوتە سەر کوێخا مەخول عەبدلوەهابی نامدار
لێی خوڕی وەک شێری غەڕڕان: سا مەڕۆ ڕاوەستە بۆم
ئەی تلیشی دایەڕێزوارت بە ڕیشی یادگار
چەکمەیێ سووری لە پێدا بوو بەجارێ زەردی کرد
تس لە ملیۆن تێپەڕی کرد تڕ گەیشتە سەد هەزار
یەک لەیەک ئازاترن تەعریفی کامێکتان بکەم
دەک فیدای دەست و تفەنگتان بم سولالەی شێخ ستار
شاسوارێکی وەکو تۆمان هەبێ باکمان چییە
تۆش لە هەققەتدا سوارێکی وەکو ئەسفەندیار
ئەم قسانە گشت مەجازن گەر حەقیقەتتان دەوێ
بەزلی نان و هیمەتی پیرانە بۆتان کەوتە کار
جائیزەم مەتلوبە ئەم مەدحەم بەخۆڕایی نییە
هورتومانیش بێ ڕەزام، گەر هیچ نەنێرن یا ستار

٥٨

### هەتیوێکی سنەیی

دوێنێ شەو بۆ دەفعی حاجەت چوومە حەمامی غەفوور
سادە ڕووێکی تیابوو سمت و ساقی وەک بلوور
دەسبەجێ هەروەک موهەندیس دامە بەر مەدی نەزەر
هەر لە تەوقی سەریەوە تا نووکی پەنجەی خوار و ژوور
چۆن بەحەسرەت گورگی برسی سەیری دووگی مەڕ بکا
سەمتی سمتیم گرتە چاو و تێی دەفکریم دوور بەدوور
عاقیبەت شەوق و هەوەس پەردەی حیجابی پارە کرد
خۆم کوتا دێوانە ئاسا بۆ سەرا پەردەی حوزوور
هەر کە فەرمووی مەردومی شاری سنەم، یار بابلم
هاتە گەردش بێ تەوەقوف وەک عەموودی لەندەهوور
لێک گەیشتین هەر لە ئەووەڵ فرسەتا چووینە خەلا
تێم کوتا و هێنام و بردم تاکو ژارم کردە ژوور
ئافەرم وەستا شەفێ بۆ خۆت و نەسلێکی هەتە
ڕەبی ئاوابێ سنە دوور بێ لە ئافات و کودوور

٥٩

### وەڵامی وەستا شەفێی سنەیی بۆ شێخ ڕەزا

بەم چەنەبازیتە تەحقیقە کە زۆر دووری لە نوور
قەت بەڕووسووری لە دیوانی خودا ناچیە حوزوور
بەو شەریکی، پاکی شەیتانیتە لایق دۆزەخی
تۆ لە ئەهلی ئەنبیا و ئەولیایان دووری دوور
بەدرەوشتیی خۆ دەکەیتە خولقی خەلقی پڕ گوناه
تەوقی لەعنەت بۆ دەخەیتە گەردنی خۆت ئەی کەفوور





**ڕوونکردنەوەیەکی پێویست:**

لە بارەی ئەم شیعرەی شێخ ڕەزای تاڵەبانییەوە بەڕێز شێخ چالاک تاڵەبانی ڕوونکردنەوە و ڕای خۆی نووسیوە. بەپێویستم زانی بۆ ئاگاداریی خوێنەران منیش لێرەدا بینووسمەوە چونکە بەلای منەوە ئەمە سوودێکی مێژوویی هەیە. «لە سەردەمی عەباسییەکانەوە هەچ مەزەب و کۆمەڵێک و تاقمێک و دەستەیەک هەڵی دابێت، لەجیاتی ناسین و تێگەیشتن و لێکۆڵینەوە و لەیەککگەیشتن ریسوا کراون. تۆمەتی گەورەیان خراوەتەپاڵ بۆ ئەوەی پەرەنەسێنن و گەشەنەکەن وەکو: یەزیدی، مەزدەک، بابەک، قەڵخانی، کاکەیی، هەقە... هتد. مێژوو دەری خست و سەلماندی کە ئەو هەموو توومەت و بوهتانە ناشیرینانە بۆ کاکەیی هەڵبەسترابوو، هیچ بنەمایەکی ڕاستی نییە. بەداخەوە شێخ ڕەزای بلیمەت ئەبوایە نەکەوتایەتە داوی ئەو بوهتانانەوە کە لە شیعرەکەیا باسی کردووە، بەلای منەوە ئەگەر ئەمرۆ شێخ ڕەزا لە ژیاندا بوایە خۆی داوای لێبووردنی لە کاکەییەکان دەکرد. بەندە وەکو نەوەیەکی ئەم بنەماڵەیە داوای لێبووردن لە کاکەیی ئەکەم تەنها لەبەرئەوەی کە شێخ ڕەزا پێی وتوون ئەمڕۆ بۆمان دەرکەوت کە وا نییە و ڕەوا نییە. بەڵام ئەگەر داوای لێبووردن بکەین لە هەموو ئەوانەی شێخ ڕەزا غەدری لێ کردوون ئەوا ئەبێ دیوانەکەی بڵاو نەکەینەوە. بەهەرحاڵ گەردنی ئازادکەن شێخ ڕەزا چی بەمامی خۆی شێخ غەفور نەکرد کە نموونەی مەلایەکی زانا و خواناس و خاوەن تەکیە و مێژوویەکی پاک بووە. لێرەدا دەرئەکەوێت بۆچی شێخ عەلیی گەورە هەمیشە ناڕازی بوو لە شێخ ڕەزای برای، ئەمەیە ڕاستیی کێشەکە نەک وەکو هەندێک ئەڵێن لەسەر میراتی بەگژ یەکا چوون».

٦٠

### هەجووی کاکەیی

بابان باشندە بیر باتمان یشیل وار
امام القوم فی تقسیم شەلوار
هەتانە هەروەکو بیستوومە بەزمێ
لە ساڵێکا شەوی یارانی دیندار

عەموودێکم هەیە وەک تووڵی داوود
کوتامە ژێری کوڕەکەی دایە ڕێزوار
تسێکی کەند بەڕیشی سەیید براکە
تڕێکی دا بەیادی باوە یادگار
دەبەستن حەلقەیی وەک عەقدی پەروین
لە جێگایەکی خاڵی (لیست دیار)
بەچۆکا دێ قوتەی مل نێرکە کاردوو
وەکو بولبول دەخوێنێ وەعز و گوفتار
دەخوێنێ مەرسیەی مالۆسی مەرحووم
یەکانەی گون ڕەش و گا حۆلی شاخدار
وەکو باران بەکلکی پیرە سەگدا
بەڕیشی دادەچۆڕێ ئەشکی خون بار
لە پاش ئیکمالی ڕەسم و ماتەم و شین
وەڕین دەس پێ دەکا وەک کەلبی هەوشار
معاذ الله دەڵێ یا ایها القوم
درۆیە حەشر و نەشر و جەننەت و نار
لە گوێ مەگرن قسەی ئاخونی شیعە
بەئاشووبن مەلای سەر لنگە دەستار
غەرەز لەم جرت و فرت و فاک و فیکە
ئیتاعەی ئەشقیایە و دەفعی ئەشرار
حولولی مەزهەبێکە بێ گرێ و قۆرت
تەناسوخ ڕێگەیەکە ڕاست و هەموار
بحمدالله نەما کاک ئەحمەدی شێخ
زەهاوی مرد و گۆڕی گوم بوو چاومار
ئەگەر بێ شێخ عەلیش -دفع البلا- بێ
ئیتر دنیا دەبێتە عەینی گوڵزار



بمێنێ یا نەمێنێ چی لە دەس دێ
بەتەنها شێخ ڕەزاکەی هەرزە گوفتار
ئەگەر مشتە و مشاریش بێ زمانی
عەلاج ئەکرێ بەمشتی پڕ لە دینار
بەدیناری عەلاج کەن یا بەسمتی
بلوورینی کوڕێکی سادە ڕوخسار
ئەزیزان مەزهەبی یارانی جەم جەم
لەسەر سێ ڕوکنە ئەووەل تەرکی ئازار
دووەم ئیکرامی ضیف و شەرتی -ثالث-
لە هەردوو عومدەتر کیتمانی ئەسرار
ئەمانەش جوملە پەشمن ئەسلی مەقسەد
چوار پێت بڵێم ئەی پیری هوشیار
شکستەی جەوز و تووڵی سەوز و کەلبەی
بەرازی بۆز و کەللەی خووکی مردار
ئەگەر دەرچێ لەسەر ئەم دینە ڕوحت
دەچێتە قالبێکی شۆخ و نازدار
زەعیف بێ خوانەخواستە ئیعتیقادت
بەئایین و بەئەرکان و بەئەتوار
نەکەی تەرسێ بەڕیشی خەلفە باپیر
نەدەی گانێ لە ڕێگەی باوە یادگار
شیاکەی گاوە حۆل نەگری لە ڕیشت
نەچیتە ژێر کولێنی دایە ڕێزوار
قەپۆزت دانەپۆشێ بەر سمێڵت
بەسەر ملتا نەیێ وەک باڵی کەمتیار
لە قەبیلەی مستەفا ڕوو وەرنەگێڕێ
لە ڕێگەی شەرعدا دەمرێ گوناهکار

له پەشمی ڕیخناکی بەر سمێڵت
نەڕێسن سەرکەلە و دەستبەند و هەوسار
کە مردی ڕۆحی ناپاکت بەچوستی
لە ئینسانی دەچێتە شکڵی سەگسار
وەرن یاران شەوی میعادە ئەمشەو
لە پێ دەرپێ فڕێ دەن خزم و ئەغیار
شەرواڵی زەرد و سوور وەک خەرمەنی گوڵ
لەسەر مافووری زەڕ ڕۆی کەن بەخەروار
شەرواڵی خامەک و زەربەفت و خارا
لەسەر یەک دای بنێن وەک ماڵی توججار
کەنیز و خانم و خاتوون و خادم
فەقیر و مونعیم و دەروێش و سالار
نەدیم و نۆکەر و ئاغا و ئەفەندی
لە دەوری دانیشن وەک خەتتی پەرگار
لە نەزمی بەزمی جەم ساقی بگێڕێ
شەراب و لێ بدا موتریب لە مزمار
نەبیز و شەربەت و نوقڵ و مەزە و نەی
دەف و تەمبوور و ساز و بەربووت و تار
دەبێ ئەم بەزمە هەر بەم نەزمە بڕوا
هەتا دوو حصە ڕابووڕێ لە شەوگار
کە دنیا بوو بەڕووی قەیماسی زەنگی
سەرەی بەشکردنی شەڵوارە ئەمجار
بەقورعەی مەعدەلەت یەک یەک بەشی کەن
مەپرسن لە ئەقرەبا و قەوم و کەس و کار



مەپرسن دایک و پوور و خوشک و خوارزا
لەژێر کورکەی بەرن بێ قەول و گوفتار
بەقەولی باوەباوە و میرە میرە
میسالی کێرە کوز هەروەک کون و مار
بەشەرعی مەزدەک و ئایینی بابەک
دخولی جائیزە ئەسمێ کونادار
(فیا سادتی للوط والنیک
لقد علمتکم تقسیم شلوار)
چرا پف لێ کەن و شێرانە هەستن
شەقێ هەڵدەن لە پەردەی عیسمەت و عار
سەرو دەرپێ بەرن بێ فەرق و تەمیز
دەمودەست ساحیبی دەرپێ بکەن دیار
شەرواڵی هەرکەسێ بەر هەرکەسێ کەوت
ئیتر فەرقی نەکا بیگرێتە بەر کار
کە ئەم وەعزەی تەواو کرد پیرە ئاخون
ئیتر هەر پف لە شەمعە و تف لە حەیتار
ئیتر هەر ئەتکی دین و کەسری نامووس
ئیتر هەر تەرکی شەرم و عیففەت و عار
ئیتر هەر لنگ ئەبێتە لام ئەلف لا
ئیتر هەر کێر ئەبێتە باسکی هاوار
ئیتر هەر گوومەزی سمتە ئەسوورێ
بەسوورەی سەرخڕا وەک چەرخی دەووار
ئیتر هەر لێپەڕینە و لێخوڕینە
بەرەو ژوور و بەرەو ژێر و بەرەو خوار
ئیتر هەر دایکە پیرە و هەڵئەنیشێ
بەکەللەی کێرەوە وەک ورچی سەردار

ئیتر هەر پاوانەی زیوە و زڕەی دێ
لەبەر کوت پێوەدان ئەخشێ لە دیوار
ئیتر هەر خەپلەی کوزە وەک چاوی کازر
بەمەترەق دەیکوتن ساداتی ئەبرار
ئیتر هەر ناوگەڵی خوبانی بیکرە
لە خوێنا سوور دەبێ وەک بەرگی گوڵنار
ئیتر هەر کێرە وەک پەیکانی گۆشتێن
بەژێر بنیا دەچێ وەک پەڕی سووفار
ئیتر خوا نەسیبی دوشمنت بێ
برینی نێزە و نوزەی بریندار
منالی لەو شەوە پەیدا بێ لایان
دەبێتە سەیید و ڕێزداری موختار
لە وەسفی کاکەیی گەر سەرفی عومرم
بکەم ناکەم بەیانی عوشری میعشار

٦١

**هەجووی تاڵەبانی**

تاڵەبانی زۆرن ئەمما هەر دووانیان دێنە کار
ڕۆژی دەعوا شێخ حەمید و ڕۆژی حەلوا شێخ ستار
قالە مل حیزی پیاوی و قالە مل سیسی کوڕی
ڕاست و چەپیان گرتووە وەک ڕۆستەم و ئەسفەندیار
هەر کە وتیان جەنگە ئەمرۆ چاو ئەگێڕن بۆ کولێن
ئەم دەبێتە مامە ڕێوی و ئەو دەبێتە کەمتیار
شێخ عەلی خۆ تۆ منت ئاوارە کرد و دەربەدەر
چاکە هەجوێکت بکەم موفید و موختەسەر



بۆ حەمەی وەستا فەتاح ئێمەت هەموو ئاوارە کرد
ئەی حەمەی وەستا فەتاح دایکت بەکێری نێرەکەر

٦٢

شێخ ڕەزام و بەفەساحەت لە جیهاندا مەشهوور
پسەری پیری نەزەر کردەیی قوتبی لاهوور
شیعری من وەهبییە کەسبی نییە هوشیارەوە بە
خۆت لە من لادە لە سۆراغی قنگت بەم (مەخموور)

٦٣

هەمەوەندی تەڕ و تووشی لە جیهان دەرچوو بەغار
ئێستە کوێخا دوومەڵانە هەڵی داوە لە بنار

٦٤

سەرپەتی خۆی لێ پەتی کرد تا -موان-ی نایە سەر
قوولەڕەش هێندەی وشی تا ئاوی لێ هێنایە دەر

٦٥

**بۆ مام ڕەسووڵ سیامەنسووری**

ئافەرم ڕەسووڵ نەوەی شالیار
سەفرای قوزشکێن وەک کێر کالیار
کاروانەی کێرت لە عام مەشهوورە
کێرت بەجێ کێر گشت سیامەنسوورە

## پیتی زێ

٦٦

کوزی (گازێ) ئەگەزێ کێر وەکو گاز
بەری عەرسەی پانە وەک دەشتی حیجاز
قیتکەیەکی هەیە وەک کێوی دەماوەند ئەعلا
پڕ لە هێلانە کەو و قشقرە و کۆتر و باز

٦٧

بۆم دەنێرێ نیسکو نۆک و سووتەنی و خاکە و خەڵووز
لازمە بۆ گۆڕی حاجی هەر بخوێنم (قل اعوذ)
حاتەمیش ڕاستت دەوێ ناگاتە حاجی بۆ سەفا
ماهی ئەنوەر کەی دەبێتە نەییری عالەم فرووز

٦٨

هەروەکو ئەشکم بەڕەنگی سووری خۆی خوێنینە کوز
داستانی شاهنامەی خەسرەو و شیرینە کوز
ئینشقاقی هەروەکو کاڵەک لەبەر شیرینییە
هەر کەسێ نەی چەشتبێ نازانێ چەند شیرینە کوز



## پیتی سین

٦٩

کەسێ بیبێ حەیا و شەرم و نامووس
ئەبەد ناکا ڕەفیقی تاقمی لووس
ئەگەر سەد ساڵ بدەی ڕەنج و نەیانگێی
قسەی وات پێ دەڵێن نەیگرتبێ قامووس

## پیتی شین

٧٠

کێر کە هەستا نە لە بێگانە دەپرسێ نە لە خوێش
گورزی خۆی هەر دەوەشێنێ چ لە پاش و چ لە پێش
هەمە کێرێکی قەوی هێند بەکونی تەنگا چووە
سەروچاوی هەموو زامدارە پەراسووی هەموو ڕێش
تا ملی غەرقە لە چەرما وەکو سیواکی مەلا
پرچی ئەفشانە لەسەر پشتی ملی وەک دەروێش
پاڵەوانێکی قەوی قۆڵە لە میل بازیدا
مەحکەمە ڕیشە و بێخی وەکو شاخی گامێش

٧١

چایەکەی مامە غەفورم زەردە وەک میزی نەخۆش
ئیحتیاج ناکا بەئاگر هەر بەدوو تڕ دێتە جۆش



## پیتی غەین

٧٢

شێخ محەمەد عەلی و چەند نەفەرێ چووینە ئوچاغ
گشت بەکەیف و بەنیشات و بەسروور و بەدەماغ
گەرچی چەند ڕۆژێ بوو تەعلیمی تفەنگبازیی دەکرد
ڕۆستەم ئاسا چووە پارێز لە یەکێ تیتلە بیجاغ
هەر کە ئەنگاوتی وتم: دەک دەس و بازووت نەڕزێ
هەر کەسێ پێت نەڵێ ڕۆستەم تەرەسە و قوڕمساغ

## پیتی قاف

٧٣

### ستایشی شێخ ستار

سوپای غەم دەورەیان دام دەس بەمەترەق
لە پاش تەشریفی تۆ دایانمە بەر شەق
(تعالی الله) لە جەللادی فیراقت
دەڕێژێ بێ موحابا خوێنی ناحەق
مەپرسە بۆ لە هیجرانت نەمردم
کە من سەگ مەرگم و گیان سەخت و دڵڕەق
کە زینیان خستە سەرپەشت ماینە ڕەش کوێت
گەڕا چاوم لە تاوان زەرد و ئەبڵەق
لە شەوقی تۆ وەکو مەنسووری حەللاج
خرووسی تەبعی من ئەیگووت: أنا الحق
لە بەزمی خەسرەواندا یەک زەمانێ
مورەخخەس بووم وەکو دەستووری موتڵەق
ئەمێستاش تاقەتم تاقە و پەرێشان
خرووسم نەخرەسە و حاڵم موفەششەق
لەبەر هەیوانی مزگەوت ئێستە بێ تۆ
وەها دێم و دەچم وەک حاجی لەقلەق
ئیلاهی عومر و جاهت بەرقەرار بێ
عەدوت سەرنگون بێ و خۆت موەففەق
سمێڵی شێخ ستار (حبل المتینة)
کەلامی شێخ ڕەزا وەحیی موسەددەق



٧٤

سەد ساڵە ڕەنج ئەدەی هێشتا ڕووتتری لە سڵق
کێرێکی سیس و دوو گونی چرچ و قنگێکی فلق

٧٥

لە گەشتی شێخ ئەوا هات حاجی لەقلەق
دەهاوێژێ دوو دەستی وەک دوو مەترەق

## پیتی کاف

٧٦

بەم حاڵە ئەگەر دەفعەیەتر بچمەوە کەرکووک
مەعلوومە بەمەردی نەڕواوە لە سەرم تووک
بۆچ بچمەوە کەرکووکی قوڕمساغ کە لەگەڵ من
ئەهلی هەموو ناسازە وەکو ئاوی حەمامووک
پێم خۆشە لەبەر جەوری برا و لۆمەی ئەقوام
سەد جار لەغەریبی بکەوم موفلیس و مەفلووک
ڕۆژێ بەمرادی منیش ئەڵبەت دەگەڕێ چەرخ
ئەم میچە قەراری نییە گاهێ جکە، گەه بووک
شاهی کە نەبێ ڕادەبوێرین بە فەقیری
بۆ ئەهلی قەناعەت لە پلاو خۆشترە داندووک
شەش مانگە زیاتر کە لە پاش مەرگی پدەر من
مەغدوور و مەزڵووم و جەفادیدە و مەهتووک
تا ساکنی کۆیێ مامە غەفوورم وەکو غەفوور
کیسەم پڕە دایم لە زەڕ و لیرەی مەسکووک

٧٧

سەر بەیەشماغی شڕ و شاقەڵی چڵکن مەهتووک
سووڕ ئەخۆن سەرخۆش و ڕیسوا بەقۆڕیات و نەتووک
تێگەیشتن کە مەلایان چەن بلێی تۆ بە وەزن سووک
کەبابی گۆشتی بزن فاکیهەی بەری خڕنووک
لە من بپرسە سەفای شارە حیزەکەی کەرکووک

٧٨

لە -بخت النصر-ەوە گاندانە پیشەی ئەهلی کەرکووک
کە (الناس علی دین الملوک لیس متروک)



## پیتی لام

٧٩

هەر مەتاعێ کە تەڵەب کەی لە سولەیمانیدا
هەیە ئیللا کوزی بیکر و کونی ناموستەعمەل

## پیتی میم

٨٠

با نەکەم هەجوی حیماری ڕەگی جەرگی ببڕم
هەروەکو جاوی نەشۆراو کوزی دایکی بدڕم
شەهووەتم هاتۆتە جونبوش وەکو دەریای عومان
لازمە ماچە کەرێ میسلی حیماری بکرِم

٨١

گەرچی فەقیر و موفلیسە مامە شێخ سالّحم
نەمدی کەسێ وەکو ئەو ساحێبی کەرەم
میوانی بووم نان و کەرەی نایە بەردەمم
ئێستاش بەبێ موداهەنە مەمنوونی ئەو کەرەم

٨٢

بەم جووتە گونەی من کە دەڵێی عەنتەری نێرم
لێم لادە نەوەک بتخەمە بەر حەملەیی کێرم

٨٣

تڕی ئەولادی ئەم عەسرە بەکێرم
کە من مردم مەگەر گوو بکەن بەخێرم

٨٤

مودەتێکە نێربازی و ئێستە مەیلی مێ دەکەم
ئارەزووی گانی کچێکی کوز پڕی دەرپێ دەکەم

٨٥

موخالەفەم نییە من ساعەتێکی میقاتم
غولامی حەلقە بەگوشی جەمیعی ساداتم



٨٦

ئەم قەحبە فەلەک لە داخی مردم
موحتاجی ڕەشی ڕەشیدی کردم

٨٧

گەلێ سمتی سپیم دەس کەوت و نەمتوانی پیا کێشم
درێغ بۆ میتراقی کێرەکەی چەند ساڵ لەمەوپێشم

٨٨

شانازی ئەکەیت کەوا من گونتم
بەڵێ من بەڕۆژ تێبڕی کونتم
شەو تا بەیانیش دەس لە مل ژنتم

٨٩

هێند بەتەعریف و کینایەت لە بنی سنگت بەم
بەگ ئەفەندی بەسەراحەت لە کونی قنگت بەم

٩٠

نەجابەت کەی لە تۆدایە لە دوو چاڵی چەتیوت بەم
حەمەی -توڵینە- بەم تووڵە لەتووڵینەی هەتیوت بەم

٩١

ئەسبابی‌تەرەب زیر و بەمە، ئەی‌بەگی جافان
بەزمێ بگرین چاکە، لە من زیر و لە تۆ بەم

٩٢

یا رسول اللە دەزانی تۆ کە شەیتانە عەدووت
هەم لە تۆ مەعلوومە خۆ من ئوممەتی تۆم هەرچی هەم

کەی ڕەوایە سەروەرا، بۆ تۆ کە خیر الانبیای
دوشمنی خۆت شاد بکەیت ئوممەتیشت دڵ بەغەم

٩٣

مامە حەمەی بێ لووت و فەم
لەسەر قنگت براوە دەم
لە بابی بابی بابت بەم
استغفرالله العظیم

٩٤

مەلا عەباسی ئیمام قاسم
من بۆچی تۆ چاک ناناسم



## پیتی نوون

٩٥

### ئالی بەبە

سائیل بەغینا، نائیل ئەکا، بەخششی کەمتان
ئالی بابان یاخوا نەڕزێ دەستی کەرەمتان
هەرچەند بەمەسەل خەنجەری ئەڵماسە زبانم
نابڕێ سەری موویێ لە ئەدای شوکری نیعەمتان
گیرفانی گەدای کردووەتە کانی جەواهیر
ئێکسیری نیساری زەڕ و شاباشی درەمتان
ئێوەن بەحەقیقەت مەلیکی میللەتی کوردان
شایانە زیارەت بکرێ خاکی قەدەمتان
ئینکاری حقووقتان لەسەر ئەم میللەتە ناکرێ
ئابایی فەرەیدوون، فەڕ و جەمشیدە حەشەمتان

٩٦

### شێخ عەلی تاڵەبانی

بێگانە هەموو ساحێبی جاه و جەبەڕووتن
بێچارە برای شێخ عەلی موفلیس و ڕووتن
ئەی شێخ عەلی چاکە وسووقت بە برا بێ
باوەڕ مەکە بەم خەڵقە کە وەک توولە لە دووتن
قەومێ کە لە عەهدی پدەرت حەلقە بەگۆش بوون
تەحقیقی بزانە بەخودا جوملە عەدووتن
ڕەحمیان نییە دەربارەی تۆ خزم و ئەقاریب
موشفیقترە بێگانە لەمانە کە عەمووتن
نادان و قورمساغ و نەزانن کە ئەمانە
گاهێ لە سەما گاه لە سەیری مەلەکووتن

ئەم تەکیە نشینانە چ دەروێش و چ سۆفی
هەرچەندە بەدڵ موشتەغیلی زیکر و قونووتن
وەک حاجی مابەینی سەفا و مەروە بەتەعجیل
بۆ لوقمە ئەمانیش بەمەسەل یونس و حووتن
جومعانە بڕاوە بەخوا موفلیسە لامیع
نە پوولی حەمامی هەیە نە پارەیی تووتن

٩٧

**ئەم سادە ڕوخانە**

ئەم سادە ڕوخانە لە مەلاحەت کە تەمامن
دەورەت دەدەن و تەفرە مەخۆ قەت مەڵێ ڕامن
گەه دۆست و وەفادار، گەهێ دوژمنی خوێنخوار
دڵ نەرمێ دەبن گاهو گەهێ سەخت کەلامن
عاجز مەبە نەک بۆ تۆ وەفایان نییە بۆ کەس
مەعلوومە کە ئەم تاقمە وەک تاسی حەمامن

٩٨

ئەگەر بەرزنجەیی غەدریش بکەن هەر نەیسە ساداتن
خدر ئاغای ڕەباتی داکی خۆگێ ئێوە بۆ هاتن
خەزووری شێخ حەمید ئاغای ڕەباتیی کۆنە قەڵتاغ شڕ
لە ئەسڵ و مەعدەنا ئەجدادی ئێوە دۆم و خەڕاتن

٩٩

موتەلەووین میزاجی گۆنا گوون
موتەسەریف کە دیدە بوو قەلەموون
موتەسەریف جیگارەکەی لە دەما
دێ و دەچێ وەک مریشکی چیلکە بەقوون



١٠٠

وەختی شەڕ شێرن لە بۆ دوژمن
لە سیلما شیری پاکن بۆ خۆیان
وا بوو عاداتی ئەجدادی کیرامیان
ماوەتەوە بەم جۆرە بۆیان

١٠١

جەوهەری مەحزە لە هەردوو لاوە وەک تیغی دەبان
داکی کچی پاشای ڕەواندز بابی کوڕی پاشای بەبان
شێخ ڕەزاش هەجووی بکا ئیعتباری بۆ نییە
چاک خراپ نابێ بەشیعری شاعیرێکی قەڵتەبان

١٠٢

بەڕەمز و ئیشارە قسەم پێدەڵێ بەگی جافان
بزن قنگی نەخورێ چی دەوێ لە نانی شوان
بەکێری گەورە بەرم من لە مەقعەدت تا بن
ئەگەر قوەت بدەیتە خۆت تڕت دەبێ بەدووان

١٠٣

بەسە ئەم شیعرە بۆ وەسفی حوسنی ئەهلی بەبان
سەگەنێریان لە دوون وەک سەگەمێ جوملە بەبان

١٠٤

پیر بووە ناجی ئەفەندی بووە پشتی بە کەمان
چرچ و ژاکاو و مەلەووەس وەکو کێری پاش گان

١٠٥

بوسەم ئەوێ ئەی نیگاری نازەنین
لایضیع الله أجر المحسنین

١٠٦

تۆ هەتە تیغی دەبان و من هەمە تیغی زبان
فەرقی ئەم دوو تیغە هەروەک ئاسمان و ڕێسمان

١٠٧

گەر نەکا مەخموور ئەفەندی تەرکی تریاکی لەعین
فێری سێ نەزمی دەکا پژمین و کۆکین و تڕین

١٠٨

هەمەوەند لەشکری ڕۆم و عەجەمی داوە بەگان
بەری حەملەی چۆن دەگرێ لەشکری گاوان و شوان

١٠٩

خەڵکی کەر بوون شێخ حەمید چوون بۆ کڕن
مارفی زاوام دێ و دەچێ وەک وشکەڕن

١١٠

لە هەرلایەکە ڕاستت دی سەلامی لێ بکە قوربان
گوریسی ناو هەمانە پێم ئەڵێ ڕاستی قوربان

١١١

دوو جانەوەر لە نەسلی جانی ئیبن جان
ئەمینی حاجی کەریم و ئەمینی بابە جان

١١٢

وام ئەزانی ئێوە ساداتن مەعاشتان نابڕن
داخی داخانم جەباری خۆ لە ئێوەشیان بڕی



## پیتی واو

١١٣

**موراد ئاغای ئاکۆ***

ڕوخاندی گەردشی گەردووم لە هەر جێ ئاستانێ بوو
سووتاندی چەرخی دوون پەروەر لە هەر کوێ ئاشیانێ بوو
وەکو - طي السجل للکتب - پێچایەوە گەردوون
لە هەر میهمان سەرا ئاساری سفرە و نان و خوانێ بوو
بەحاتەم گەر بکەی تەشبیهی ئەم ئاغایە بێ ئەقڵی
کە فەرقی ئەم لەگەڵ ئەو ئاسمان و ڕێسمانێ بوو
درێغ بۆ خانەدانیی حارس ئاغای سەروەری ئاکۆ
کە جێگەی عەیش و عەشرەت و مەنبەعی ئەمن و ئەمانێ بوو
لە جوود و بەخشش و ئەنعامی خۆی و قەوم و ئەتباعی
وەکو شانامە و ڕۆستەم لە هەر جێ داستانێ بوو
کەیومەرسی دووەم جەمشیدی سانی خوسرەوی -ثالث-
سلەیمانی زەمان ئەسکەندەری ساحێبقڕانێ بوو
شەوی وەک زولفی یارە وروودی حەسوود و بەختی من تاریک
لەگەڵ دیجوور و یەڵدا وا حیساب کە تەوئەمان-ێ بوو
بەنامەردی شەهیدیان کرد وەکو حەمزە و عومەر، دوژمن
موراد ئاغا کە ڕۆژی جەنگ و دەعوا قەهرەمانێ بوو
کەسێ ئەم سەروی ڕەعنایەی لە پێ خست گەردنی بشکێ
چ زێبا سوورەتێ یا ڕەب چ شیرین نەوجەوانێ بوو

* لە ساڵی ١٢٩٣ی هیجری بەرامبەر ١٨٧٩ی زاینی، تەقیەدین و عومەر پاشای دیاربەکر عەشیرەتی ئاکۆیان تالان کرد. موراد ئاغای حارس ئاغا و محەمەد ئاغای عەبدوڵڵا ئاغایان گرت و بەندیان کردن. لە بەندیخانەی کەرکووکدا موراد ئاغا مرد. لەسەر داوای قادری وەستا خدر شێخ ڕەزا ئەم شیعرەی نووسی.

مورادیان بۆیە ناو نابوو لە وەختی بەخششی و ئەنعام
لەبۆ بابی موراد دەستی کەریمی نەردەبانێ بوو
لە حەق شێخ و مەلا و دەروێش و سۆفی سائیل و سەییاح
وەکو حاتەم شەفیق و دڵنەواز و میهرەبانێ بوو
ئیتر نەتبێ لە موڵکی ڕۆم ڕەزا ئومێدی ئاسایش
لە پێش ئەم کارەدا ئومێدی تۆ بەو پارچە نانێ بوو

١١٤

**سولەیمانی کە دار الملکی بابان بوو**

لە بیرم دێ سولەیمانی کە دار الملک-ی بابان بوو
نەمەحکوومی عەجەم نەسوخرەکێشی ئالی عوسمان بوو
لەبەر قاپی سەرا سەفیان دەبەست شێخ و مەلا و زاهید
مەتافی کەعبە بۆ ئەربابی حاجەت گردی سەیوان بوو
لەبەر تابووری عەسکەر ڕێ نەبوو بۆ مەجلیسی پاشا
سەدای مۆزیقە و نەقارە تا ئەیوانی کەیوان بوو
دریغ بۆ ئەو زەمانە ئەو دەمە ئەو عەسرە ئەو ڕۆژە
کە مەیدانی جریدبازی لە دەوری کانی ئاسکان بوو
بەزەربی حەملەیە بەغدای تەسخیر کرد و تێی هەڵدا
سولەیمانی زەمان ڕاستت دەوێ باوکی سولەیمان بوو
عەرەب ئینکاری فەزلی ئێوە ناکەم ئەفزەلن ئەمما
سەلاحەدین کە دنیای گرت لە زومرەی کوردی بابان بوو
عومومی شەهرباران و سەلاتینی فەرەنگستان
لەروعبی سەتوەتی ئەو شێرەدا گشتی هەراسان بوو
قوبوری پڕ لە نووری ئالی بابان پڕ لە ڕەحمەت بێ
کە بارانی کەفی ئیحسانیان وەک هەوری نیسان بوو
کە عەبدوڵڵا پاشا لەشکری والیی سنەی شڕ کرد
ڕەزا ئەو وەختە عومری پێنج و شەش طفلی دەبستان بوو



١١٥

**لە وەختی زەرفێندا**

ئەی مەلا قەت تۆ لە زەرفێندا وەها خێرا نەبووی
یا لە حیزی بەختی من یا مۆرەکەت مووی پێوە بوو
حاڵ لە سێ خاڵی نییە توخودا بەڕاستی پێم بڵێ
مووی سمێڵت یا بەرت یا کلکی یابووی پێوە بوو
وا دەزانم مووی ڕزیوی پێستی دەباغخانە بوو
چونکە ئاساری کەتیرە و جەوت و مازووی پێوە بوو
پەشمی پاشت بوو مەزندە چونکە وەختی ڕۆژهەڵات
دیقەتم کرد دەوروپشتی زەرفەکان گووی پێوە بوو
مووی سەگی گڕویش وەها نابێ بەتەخمین سەد هەزار
رشک و ئەسپێ و کێچ و کەهلە کرم و کەرنووی پێوە بوو
ئەلغەرەز دوو پشکی ڕۆحم چوو لە ترسان ئەو شەوە
هێندە دووپشک و هەزارپێ و مار و مێرووی پێوە بوو
قاوەچی ڕووی سینیبیەکەی هەرچەند بەنینۆک هەڵکڕاند
قەلعی ئاساری نەکرد هێشتا بەشی تۆی پێوە بوو
زۆر نەمابوو بۆنی سەرگێن بمکوژێ وای تێ دەگەم
تووکی بن کلکی کەر و بارگیری مردووی پێوە بوو
داوەکەی موویین و گروینت بەکاری هیچ نەهات
گەرچی هەر لایێ دووسەد ئەفسوون و جادووی پێوە بوو
دامەنێ بۆ باز و شاهێن داوی پەشمین ئەی کەرە
کەر کە داینا داوی پەشمین هەر بەپاشووی پێوە بوو

١١٦

**نینۆكی شێخ ڕەزا و كلكی حەسەن هەمزە**

حەسەنی هەمزە لەسەر شەم كە چییە تەفسیری
دەست بەشمشێر لەگەڵم ساحێبی دەعوا دەرچوو
من وتم ناخوێنی شێرە، وتی كلكی شێرە
لەسەر ئەم لەفزە بە سێ شۆڕش و غەوغا دەرچوو
گرەوم كرد لەگەڵی چووم و كتێبم هێنا
ناخوێنی من نەبوو، كلكی حەسەن ئاغا دەرچوو

١١٧

جەنگ گاهی جووكل و مەحموود بەگ شێروانە بوو
ئافەرین مەحموود بەگ لەم جەنگەدا شێر، وا نەبوو
وەقتێ قاسید هات و لێم پرسی چلۆن بوو ئەم شەڕە
وردە وردە بۆی بەیان كردم كەچی شێرڕ وا نەبوو

١١٨

لازمە بۆ شێخ سبەینان گورگەخەو
تا بڵێن شێخ عابیدە و نانوێ بەشەو

١١٩

سەلاحەدین كە ئیسلامی گەیاندە پایەیی ئەفلاك
ئەمە وا بوو ئەوەند بوو ئەو لە زومرەی كوردی خۆمان بوو

١٢٠

نان و دۆشاوی ئەمان وابوو بەیاپراخ و پلاو
بووی بەگەورەی ئەهلی نۆدێ، كاكەلاو



١٢١

شد عددی بازی ماسی و دوو
قادری وەستا خلە ڕیشت بەگوو

١٢٢

سلێمانی هەتانە ناوی نابەم وەک كونی بێچوو
وەكو داینێی لەسەر بەرگی شەقایق جێ سمی ئاهوو

١٢٣

ڕەفیقم بوو جوانێكی جوانڕۆ
كە چوو ماڵیم بەسەر خۆمدا جوان ڕۆ

١٢٤

ئەی مەلای مل زەعیفی خورماتوو
نەعرەیە، بەركەش، ئەی خەری ما، توو

## پیتی هێ

### ١٢٥

شاری کۆیە کە لەبالەب بوتی توشنەلەبە
گەر فەلەک لێی بگەڕێ مەنبەعی عەیش و تەرەبە
دڵبەرانی بەمەسەل هەروەکو ئەشعاری منن
کامی لێ دەگری دەبێژی ئەمەیان مونتەخەبە
غارەتی عەقڵی منی کردووە زینا سەنەمێ
عاریزی ڕەشکی قەمەر قامەتی نەخڵی ڕوتەبە
نەوزەڕ ئاسا فەرەیدوون سیفەت و سەلم ڕەوش
شەیدە مانەند سیاوەش، وەش و خوسرەو لەقەبە
عاریز و غەبغەب و ڕوخسار و زەنەخدان و لەبی
نازک و توحفە و زێبا و بەدیع و عەجەبە
دڵبەر و زەڕکەمەر و جیلوەگەر و عیشوە فرۆش
سەروی سیمین و بەدەن و شاهید و شیرین لەقەبە
زاڵم و دڵشکەن و دۆستکوژ و خەسم نەواز
عیسەوی دین و موغ ئاین و فەڕەنگی مەزەبە
سێوی داناوە لەژێر لێو کە ئەمەم گۆی زەقەنە
زیوی خڕ کردووە وەک گۆکە ئەمیشم غەبەبە
لالەڕوو، شێفتە موو، غالیبە بۆ عەرەبەدە جۆ
ڕووی وەکو ماهی فەلەک زولفی وەکو زووزەنەبە
خواستی لێی ماچێ ڕەزا کافرە نەیدایە وتی
ئەی خوا لەم کوڕە شێخ زادەیە چەند بێ ئەدەبە



### ١٢٦

#### هەجوویماینە کوێت

ماینە کوێت جاران کە دەتگوت ڕەوتی ڕەوتی ئاهووە
ئێستە هەستانی لەسەر ئاخوڕ بەیاهو یاهووە
قەت لە یەک قاسناغ کەمی جۆ نادەمێ هێشتا لەڕە
ساڵی دوانزە مانگ سواری نابم و هەر ماندووە
عومقی چاڵی مەقعەدی بێ شک مەسافەی قەسر ئەبێ
درزی دەروازەی کوزی لۆچلۆچ بەسەریەکدا چووە
گەر بەئاوزەنگی پەراسووی ئەم سەرەو سەر هەڵدڕم
هێندە نابزوێ بزانم ماوە یاخود مردووە
خاوەنی پێشووشی نازانێ کە تەئریخ و سەنەی
چەندە ئەمما من لە پیرانی قەدیم بیستووە
وەختێ نادرشا هجومی کردە سەر ئیقلیمی ڕۆم
تازە گوایە ئەو لە کوز داکی خرووجی کردووە

### ١٢٧

#### وەزنت لە چیای قافەوە*

وەزنت لە چیای قافەوە لەم قافیە ناوە
یا شیعری غەزەل غەزەلە بەڕیسەی پەتی خاوە
شابیستەی نەقدێکی بەراوردی عەرووزە
لام وابێ کە بەلای تۆوە نەقدم ناتەواوە
ئەوزانی شیعر هەریەکە مەربووتە بەبەحرێک
لەم شازدە بحوورەی بەعەرووز ناوی نراوە

* شێخ ڕەزا ئەم شیعرەی بۆ ئیسماعیل کوڕی دەروێش ئاغا کە نازناوی حوزنی بووە نووسیوە لە وەڵامی شیعرێکدا کە شاعیر بۆ شێخ ڕەزای ناردووە. ئەم شاعیرە لە ساڵانی ١٨٤١ هەتا ساڵی ١٩١٧ ژیاوە.

بەدڵێکی فراوان وەرە حاسڵ کە قەناعەت
لای ئەهلی ئەدەب ڕەخنە وەکو غەمزەی چاوە
ئەی (حوزنی) قەبوڵ کە لە(ڕەزا) کەشفی هەقیقەت
تۆش وەک منی هەر تالیبی عەفوین لە خوداوە

تاڵەبانی زادە - ڕەزا ١٣٢٦هـ، ١٩٠٨ز

### ١٢٨

#### هەجووی شێخ غەفوری مامی

مامەکەم قەحبەژنە دەوڵەتی شەددادی هەیە
تالعی ڕاهبەر و بەختی خودا دادی هەیە
یەک دوو دێی داوەتێ سوڵتان ئیطعامی طەعام
هەر یەکێکی بەقەدەر خەزنەیێ ئیرادی هەیە
چ فرۆش و چ زروف و چ زیاع و چ عەقار
لە هەموو جنسە مەتاعێ سەد و هەشتادی هەیە
ئەم هەموو گەنج و خەزێنەی هەیە هێشتاکو تەرەس
نە هەوای جود و نە مەیلی کەرەم و دادی هەیە
ڕەسمی ئابائی کیرامی بووە ئاساری سەخا
نە لە ئابائی حەیا و نە لە ئەجدادی هەیە
گەر سەر و ڕیشی پیاوانەیە باوەڕ مەکە پێی
باتینی جوولەکەیە زاهیری زوهادی هەیە
خۆی بەهەر سوورەت ئومێدی کەرەمم پێیە وەلێ
ڕقی زۆرم لە ڕەشیدی کوڕی گەووادی هەیە
ڕەنگی کەر، دەنگی بەقەر، هەیئەتی دەڵ، خووی چەقەڵ
چاوی کوێر، مەخزەنی کێر، مەقعەدی پڕ بادی هەیە
زیکر و ئەورادی لەسەر کێر و زەکەر مونحەصیرە
سەیری ئەو حیزە قوڕمساغە چە ئەورادی هەیە



تف لە کوز داکی لە کن خۆی کوڕی هێناوەتە دەر
گوو بەڕیشی باوکی لەکن خۆی ئەمیش ئەولادی هەیە
ئەمە گشت باوکی کە سەرمەشقی لە بۆ داداوە
سەربەخۆ سالیکی ڕەهرەو نییە ئوستادی هەیە
لە گروهی حەرەم کارەکەر و دایک و خوشک
فاتم و عاسم و ئامان و پەریزادی هەیە
شەو و ڕۆژ چەپڵە بەکوز لێ دەدەن و هەڵدەپەڕن
فەرجیان تاب و تەبی کوورەیی حەددادی هەیە
بێ حەیان جوملە خصوصەن ژنە سۆزانییەکەی
ڕەوشتی دێڵە سەگ و قەحبەیی بەغدادی هەیە
من لە کەرکوکەوە دێنێتە کن ئەم قەحبە ژنە
لەگەڵم خەصمە فەلەک نییەتی بێدادی هەیە
کوونی و حیزییە مانەندی ڕەشید، تەبعی ڕەزا
هێند لەبەر جەوری فەلەک خاتری ناشادی هەیە

### ١٢٩

#### کاکە جاف کوڕی کەریم ئاغا

شیرین وەکو خوسرەو پسەری هورمز جافە
چاو مامزە، لێو قرمزە، ئیمان سزە، جافە
چاوی ڕەشی فەتتانی وەکو شەبرەوی عەیبیار
دین و دڵ و ئیمانی دزیوم دزە جافە
بورهانە لەسەر قودرەیی حەق ئایەتی حوسنی
بۆ دەعوەیی ئیسپاتی خودا موعجیزە جافە
ئاشووبی جیهان فیتنەیی ئافاقە نیگاهی
یەک نەفسە جیهانێ لە دەسی عاجزە جافە

بۆ کەشمەکەش و عەرەبەدە موژگانی سیاهی
وەک لەشکری تەیمور و سوپای جەنگزە جافە
تەنیا نەڕەزا بۆی بووەتە بەندەیی
فەرمانی لەسەر شاه و گەدا نافیزە حافە

١٣٠

**کەڵەشێری نەقیب***

ئەو بەهەیئەت کەڵەشێرە کە بەهەڵمەت شێرە
کەرەمت کردووە بیستوومە دەسا بینێرە
دوو مریشکیشی لەگەڵدا کە فریشکی نەکەوێ
خرتی چەند ساڵەیە ئەڵبەت بەمریشکان فێرە
بارەکەڵڵا حەسەن ئاغای کوڕی مەحموود ئاغا
کەفی فەییازە دڵی واسیعە چاوی تێرە
نەوەکو شاری سولەیمانییە کۆیە بەکەرەم
نەوەکو تاوق و کەرکووکە نەوەک هەولێرە
ئەو هەموو شیعرە کە ناردم کەڵەشێرێکی نەنارد
جەددی ئەعلایە نەقیب زادەیە خۆی بێ خێرە
دۆستان ئەم کەڵەشێرە وەکو تەعریفی ئەکەن
بۆ ڕەزا لازمە ئەم نێرەکەیە ئەو نێرە
هەدیەیەکی کە لە طەرەف دۆستەوە بێ شوکری دەکەم
پێی ڕەزامەندم ئەگەرچی تەرەفێکی کوێرە

* شێخ ڕەزا جارێک داوای کەڵەشێرێک لە نەقیب زادە (سەید نوری نەقیب) دەکا بۆی نانێرێ لەو وەختە خەبەر ئەچێت بۆ شێخ ڕەزا کە حەسەنی مەحموود ئاغا کەڵەشێرێکی چاو کوێر لەگەڵ دوو مریشکی حازر کردووە ئەیەوێت بینێرێت. ئەمجا شێخ ڕەزا ئەم شیعرەی بۆ ئەنووسێ.



قافیەی تەنگە، نەزیرەی مەکە شاعیر زینهار
ئەوی لەم قافیە بۆت ماوەتەوە هەر کێرە

١٣١

**دەوڵەمەندی ساحێب پارە**

خەبەر چوو بۆ میرە سوورە
قوربان شێخ ساڵح مەغدوورە
خۆشی خۆشی پێ کەوت وتی
ئاگرە سوورە لە خۆم دوورە
کەسی فەقیری بێ چارە
گەر عەیبی هەبێ دیارە
دەوڵەمەندی ساحێب پارە
سەد عەیبی هەبێ مەستوورە
ئاگر ئەگەر لە ماڵی چێ
ئەڵێن ئاگر نییە نوورە
نە نوورەیلێ نە سوورەیلێ
شاپڵێتەیلێ دەرقوونەیلێ
قسەی جوولەکەی مەشهوورە

١٣٢

**ماڵ مودیری**

ماڵ مودیری کە خەڵکی هەولێرە
هەروەکو مووی خایە بێ خێرە
سوورەت و سیرەتی لە پیاو ناچێ
ئەو قوڕمساغە مێیە یا نێرە
من بەمەخفی کە چووم و تێی فکریم
بەزمی غەوغایە مەقعەدی کێرە

ديم حوسێن كردی قەسدی قەتڵی فەتاح
وەكـو یونس كـە دەس بەشـمـشـێـرە
حەرەمی موحتەرەمی كە لەعلی خان
خەرمەنی عیسمەتی گەرای كێرە
ڕاوی ڕێوی هەمــوو لە بۆ كـەوڵە
گـورگ لە بۆ بەرخـە دێتە ناو بێـرە
بەهری ئاودانی مـەزرەعـەی فـەرجی
جـووتەگـون جـوتـە، كـێـریش ئاودێرە
وتم ئەی بێ حـەیـا تۆ ناترسی
لە خـوای ڕۆژ و مـانگ و ئەسـتـێـرە
وتی یاشـێخ ئەمـان مـەكـە مـەنعی
ئەهلی قـۆنیـان بەقـوونی ئەو فـێـرە
نیـیـە باكم گـەر ئەو خـەبیـسـە بڵێ
ئەوە ئەشـعـاری لامـیـعی كـوێرە

١٣٣

كاتێک سمایلی مەلا خالید لە سەفەر هاتەوە شێخ ڕەزا ئەم شیعرەی نووسیوە:

هاتەوە ئاشـووبی دەوران مـەردی مـەیدان هاتەوە
شـێـری یەزدان لەندەهۆری ئیـبنی سـەعدان هاتەوە
بۆ قـڕانی لەشكری ئەعدا لە ناكاو میـسلی بەرق
ئەسغەری صاحێبقران و لەعلی خەفتان هاتەوە
هەوری میحنەت، باڕەشی غەم، سەیلی ماتەم بوو تەمام
بەرقی تابان، میهری ڕەخشان، ڕەعدی غەڕان هاتەوە
پاڵەوانی پایتەختی سەفدڕی شێرزاد خان
تاج بەخشی كیشوەری مەغریب ئەلوب خان هاتەوە



سەعدی سەفدڕ مالیكی ئەژدەر هۆزبری پڕ هونەر
بێژەن و گیو، تووس و نەوزەر، پووری دەستان هاتەوە
حەمدولیلا باز لە بۆ قەتڵی سەری تووران‌یان
ڕۆستەمی مازندەران سامی نەریمان هاتەوە
ژێردەستی ئەسعەد ئاغا بووین وەكو مووری زەعیف
بۆ خەلاصیمان سمایل وەک سولەیمان هاتەوە
دۆستان لەب توشنە بوون ئاگاهـ لە فەیزی لوتفی هەق
جۆی نیل، دەریای قولزەم، بەحری عوممان هاتەوە
پێی ئەكا ئەتک و سیاسەت هەركەسێ خۆی حەز بكا
قاتڵی ڕۆحی حەمە و جەللادی وەسمان هاتەوە
لامیعی شاعیر بەهەر مەجلیسێ بچێ خەڵكی ئەڵێن
بولبولی دەستان سەرا، مورغی غەزەڵ خوان هاتەوە

١٣٤

**هەجووی حەمەی وەستا فەتاح**

هەزار ئەفسوون و جادووی پێوە ئاوێزانە ئەم ڕیشە
عیلاجی گەر ببێ یا گووزە یا گوێزانە ئەم ڕیشە
بەتەحریكی تەڵێكی سەد هەزار نەفسی بەكوشتن دا
ڕەئیسی حیلەكاران شای قوماربازانە ئەم ڕیشە
بەبای سەرسەڕ لەشوێن خۆی ناجمێ ڕیشەی ئەمەند سەختە
بەبێ حیكمەت نییە گەر جار بەجار لەرزانە ئەم ڕیشە
بەزاهیر سافە وەک زیوی سپی ئەمما لە باتیندا
ڕەش و پیس و مولەووەس وەک بنی قازانە ئەم ڕیشە
بەمەكرێ ئەمرەتێنێ حەز بكا هەر لێرە تا موكری
پەناهم دەی خودایا خاوەنی زۆرزانە ئەم ڕیشە

که سەیرم کرد دەزانم شێخ لە من مەسروورە یا عاجز
حەمەی وەستا فەتاح بۆ حاڵی من میزانە ئەم ڕیشە
هەزار هەوسار و دەسبەند و گوریسی لێ دروست ئەکرێ
بەسەد باتمان خوری گەر دەسکەوێ هەرزانە ئەم ڕیشە

١٣٥

**عیللەتی قائیم مەقام**

ڕەببی قەت تووشمان نەهێنی عیللەتی قائیم مەقام
ئێمە تابی حەرب و زەربی کێری پاشامان نییە
هەر کەسێ بیگێ دەڵێ ئەی ئافەرین سەد ئافەرین
دوژمنی ساداتە قەت باکی لە دان و مان نییە
دوو هەزار کێری پیا ڕۆیی نەخارا مەقعەدی
ئێمە میرم مەترەقی وەک سەنگی خارامان نییە
بیکوژن کێرخۆرە ناموس و حەیای کوردانی برد
قەت لە کوردانا دەڵێی پیاوێکی ئازامان نییە

١٣٦

**هەجووی سنەیی**

سوپەری ئەهلی سنە بۆ شەڕی بێگانە ژنە
خۆبەخۆ شەڕ دەکەن و ئەسلەحەیان هەر بەتنە
ڕقی هەڵسا سنەیی دێ لە سولەیمانی ئەدا
ئافەرین ئەهلی سنە ئەم ڕقەتان هەر لەکنە
ئەهلی ئێمە کە چووە شاری سنە، حوکمە ئەگێ
بەدوو شاهی و قەرەپوولێ ژنی کامیان مەزنە



١٣٧

**شێخەکە**

دەردی لۆقەی گرت لەناکاو شێخە توهمەت کارەکە
ئەو قەیافەت حیزەکەی هەیئەت وەکو کەمتیارەکە
قۆخ وەهای لێ کرد لەجێی قۆخ کاشکی پۆخی دەخوارد
شێخەکەی دەم چەوتەکەی لچ گێڕەکەی لێو خوارەکە
کوردە بێ ناموسەکەی گۆرانە قورمساغەکەی
حیزەکەی، بێ دینەکەی، کەر بابەکەی، بێ عارەکە

١٣٨

**واقەواقی دڵ**

واقەواقی دڵمە بەدەستی فیراقەوە
وەک ڕێوی کە هەردوو گونی بێ بەفاقەوە
ئیمان لەتەوقی سەرمەوە وەک واشە دەرپەڕی
سمتی کە دەرپەڕاند و سەری نا بەتاقەوە
موتریب لە عەشقی یاری عێراقی بەحەسرەتم
بۆم هەستە وردە وردە لە پەردەی عێراقەوە

١٣٩

**ویلایەتی بەغدا**

گەر بڵێم بەغدا لە جەننەت خۆشترە هێشتا کەمە
چونکە سوکنای غەوس و کەرخی و ئیمامی ئەعزەمە
ئەی برادەر شاری بەغدا بێ حەسادەت بێ هەمە
زۆر ئەمین بە لەم حیسابە پێت بڵێم کورتە و کەمە
بۆ ویلایەت هیچ وڵاتێ هەروەکو بەغدا نییە
حاکمی عەدل و عەدالەت زۆر ئەمین و بێ غەمە

١٤٠

**مەستی ئەفەندی**

لێرە گایان ژنەکەی مەستی ئەفەندی بە سەرە
ئێستە بۆ بەسرە دەچێ بعد خراب البصرة
هێندە گەوادە گەر ئەولادی لە پێش چاوی بگێی
ڕیشی ڕادەگرێ کە ها کێر و گونی پێ بسرە
عەینی بەغدادییە بەخۆی چونکە لەبەرئاوی مەنی
مەقعەدی بەحرە، گونی قایغە، کێری جیسرە

١٤١

**بەرخە نێرێ**

قەومەکان بەو زاتە وا حوکمی لەسەر بەحر و بەڕە
بەرخە نێرێ گەر نەنێرێ هەر کەسێ خاوەن مەڕە
دێم بەگژیا ئەیدڕم گەر (في المثل) شێری نەڕە
با نەقەومێت و نەزانن ئەم هەموو شۆڕ و شەڕە
گشت لەسەر بەرخی شەل و کاوڕی لەڕ و بزنی گەڕە

١٤٢

بەمارف بەگ بڵێن قەتعی معاشی من نەکا چاکە
زمانی من کە بۆ ئەعدا وەکو مارێکی زوححاکە
هیجا مەزموومە توخوا لێم گەڕێن با تۆبە نەشکێنم
(ولاتلقوا بأيديكم) غەرەز بۆ دەفعی ئیهلاکە
مەعاشی مانگی کانوون و شوباتم تابەکەی نادا
کە ئازاری ڕەزا عەینی سمووم تەحسیلی تریاکە



١٤٣

یا حەرفی نیدایە ئەحمەق تەرخیمە
مونادای مەفعول مەعریفەی میمە
کەر و مەکتەبلی هەردوو مەفعولن
فیعل و فاعلی هەردوو مەجهولن
حیمار لە هەرحاڵ ئەو ساڵە و ساڵە
بەڵام مەکتەبلی دائیم بە فاڵە

١٤٤

بەدە ئاب و هەوای قەلعەدزە
کە سەگیشی لە عومری خۆی وەڕزە
ملی ئەهلی لەبەر لەڕی و چڕچی
هەروەکو کێری پیری پشت لە کوزە

١٤٥

تۆ کە خۆت مەیلی جنێوبازی دەکەی شێخ صالح
بۆ دەکەی سەرزەنشتی من کە ڕەزا هەججاوە
غایەتی بەندە، جنێوم بەدوو سێ کەس دابێ
تۆ هەتا ئێستا بەقوربان بەهەزارت داوە

١٤٦

حەمەی وەستا فەتاح سەد بارەکەڵڵا لەم سەروڕیشە
کە گوێدرێژێ بەتەنها چۆن ئەبا ئەم بارە قامیشە
لە سەد باتمان خوری زیاتر نەبی کەمتر نییە وەزنی
سەرت چۆنی هەڵئەگری من سەرم سوڕماوە لەم ئیشە

١٤٧

شێخ ڕەزا پیر بووە ڕووی مەجلیسی یارانی نییە
تاقەتی کەشمەکەش و گەردشی شارانی نییە
دەس بەگۆچان دەگەڕێ ئێستە لەبەر زیعفی وجود
مەترەقە سەر زلەکەی قووەتی جارانی نییە

١٤٨

پیریی بەتەنیا ڕەحمەتە
پیری و فەقیری زەحمەتە
پیرێکی وا گەورەم هەیە
دەرهەق بەمن کەم هیممەتە

١٤٩

شێخ موستەفا لە زمرەی ئەولادی مورتەزایە
هەر کەس کە خەسمی ئەوبێ دەیگێم لەلام غەزایە
حاجی ڕەسوڵی زادە مەفعولی شێخ ڕەزایە
ڕەزا بەنارەزایی وەک ماری بێ ڕەزایە

١٥٠

پیر کە کۆکی و نەتڕی دوورە لە مردن هێشتا
وردە ئاهەنگی دوای کۆکە نیشانەی ئەجەلە
پیر کە کۆکی و تڕی دەنگی وەک بارە زەلە
شاهیدی موعتەبەرم عیززەتی مەئمووری تەلە



١٥١

ئەو مریشک و کەڵەشێرە کە وتم بینێرە
دووی لە ڕێ مرد و یەکێکی بەنەخۆشی لێرە
شەو هەموو دەس بەدوعا بووین لەوەختی سەحەرا
کەڵەشێر ئەمری خودای کرد و وتم وای شێرە

١٥٢

هەر کەسێ ناوی مەلا ئەزیزە
بن گونی دایم بەگیزە گیزە
بەخۆی گەوواد و ژنەکەی حیزە
خواردنی گووە و شەربەتی میزە

١٥٣

دەوری وەسمان بەگ لەکۆیە ژن نەما نەیگێن بەبە
نیسبەتی کۆیە لەگەڵ من نیسبەتی ئیبنە و ئەبە
ئەلغەرەز سۆزانی و زانی لە کۆیی چاترن
موختەسەر چاکە قسە، کوونی بە، کۆیی مەبە

١٥٤

بووم بەمیوانی سەعید ئاغای وێڵە
هەر بنی ناخوونێکی سەد فێڵە
لە سەر و سوورەتی عەجەب ماوم
ئەم قورمساغە گەماڵە یا دێڵە

١٥٥

**بۆ شێخ عەلی برای**

فەرمووتە ئیجتیناب بکە لەو جەنابەتە
شێخم ئەگەر بزانی جەنابەتە جەنابتە
پیر بووی و تەرکی ڕەوڕەسمی کۆدەکیت نەکرد
هەروا ئەزانی ئەووەڵی عەهدی شەبابەتە

١٥٦

لەخەو هەستاوم خواربوو گوێزەبانە
هەڵی دا ئاگری جووعم زەبانە
دەهات دەنگی ترم هەروەک تەرانە
سەحەرگاهان کە مەخمووریی شەبانە

١٥٧

تۆیش لە من بووگی وە شاعیر ئەی حەرامزادەی سنە
بووچە شانێ ناحەفێنی مەسرەفی چەس ئەوتنە
عیززەت ئاهەنگی لەکوێ بوو ئەی کوڕی وەستا شەفێ
وردە ئاهەنگێ کە فەرمووت هاوەڵای وەستاژنە

١٥٨

**وەڵامی وەستا شەفێ**

شاهم شیعری خۆت وەرگرە کەم دەماغ و سەرسەری
ئەگەر من گەووادی سنەم تۆ پوشت و گەوواد و کەری



١٥٩

**شێخ هۆمەر**

هەر لەناکاو زرمەیەک هات، کێی کوڕە؟ شێخ هۆمەرە
شێخی چی مردووت مرێ، بۆچی نەتگوت جاشەکەرە!!

١٦٠

موخبیر خەبەری داوە لەسەر موفتی کۆیە
حەسرەتکەشی شیری سەگە بۆ کەوچکە دۆیە

١٦١

تۆ بەتیری عیشقی شۆخێ جەرگی پێکاوت هەیە
ناو زکت مەجروحە بۆیە زەردە لیکاوت هەیە

١٦٢

لووتی وەک مەمکەکەنوو، چاوی دەڵێی کونگەبووە
بەدفەساڵی وەکو نووری، نە دەبێت و نە بووە

١٦٣

هەر کەسێ ئەسڵ و میزاجی فیتنەیی و بەدگۆییە
دەستی حیزیشی هەبێ ئەمجا بەتەحقیق کۆییە

١٦٤

لە ترسی ئافرەتەکانی ئەمێستە واقی وڕە
حسێن ئەفەندی دکتۆر ئەڵێی مریشکی کڕە

١٦٥

شێخ حەمید گەرچی قەبیلەی ئێمەیە
ئەحمەد ئاغای یەعقوبە ئۆغڵی ئێمەیە

١٦٦

لەسەر شاه و گەدا ئەم فیعلە فەرزە
کەسێ ئەلفێکی بێ بینێ لە هەمزە

١٦٧

ئاخ لە دەس شۆربای سلەیمان چاوەش و قاوەی خلە
ئەو دەڵێی ئاوی گەڕاوە ئەم دەڵێی نەوتی گلە

١٦٨

هەتیوی لووس و بێ مووم من لە عومری خۆم گەلێ گاوە
لە سەمتی سمتی حەمادیم نەبرد، ئەم حەسرەتەم ماوە

١٦٩

**حەمادی وەڵامی ئەداتەوە**

ئەمێستا کە دەبێ تۆ دوودەکی بی لادە لێم یا شێخ
بڕۆ شەخسێ پەیاکە بیکوتێتە بن گونانت مێخ

١٧٠

گیر نەبوو دەستم لەبەر لووسی بەسمتی خڕتەوە
زۆر نەمابوو گەردنم بشکێ بەگون خۆم گرتەوە

١٧١

کوڕەکەی قوتبە کە پشتی ملی دوو گەز پانە
جلەکەی لێی بەشکم من جلە یا کورتانە

١٧٢

گەر لە ناموست ئەترسی های وەتەنگی تنتەوە
وەختێ بۆ تەکیە ئەچی دەس بگرە پشتی قنگتەوە



١٧٣

ئەم بەیتەی شێخ ڕەزا لە وەڵامی بەیتێکی وەستا شەفیێی سنەیی داوەتەوە کە دەڵێت:

شەرمەکەم یا شێخ بلێم هەی نامە ناو دوو لنگتەوە
مێکوتی گەورەم کوتایە دۆڵیانی دنگتەوە

١٧٤

چەند هەتیو خۆی تاس و لووس دا چوون بەپیری شێخەوە
کاشکی موویێ بوومایە من بەکێری شێخەوە

١٧٥

بۆ کەرێ ئیعلانی حەربی کرد لەگەڵمان شێخ حەسەن
سەیری کەن یاران چ گۆبەندێکی گێڕا ئەم کەرە

١٧٦

من نەنانم خواردووە ئەمڕۆ نەگانم کردووە
وەک ژنی سەرکاسە، یاران بۆچی ژانم کردووە

١٧٧

شێخ عەلی ئەتواری باوکت تێک مەدە
(قل هو الرحمن آمّنا بە)

١٧٨

عەشرەت ئازاش بێ کە ناموسی نەبێ بێ فایدەیە
عەشرەتی بێ غیرەت ئەمڕۆ عەشرەتی داودەیە

١٧٩

ئاشی سمتی تۆ بەئاوی کێری ئێمە ناگەڕێ
ئاشبەتاڵی بۆ بکە گەر تاقەتی دانت هەیە

١٨٠

هەتیوی خوێڕی و مەحبووبی سادە
کە دەستت کەوت سواری بە و پیا دە

١٨١

حەرامزادە و داکی خۆگێ لەبەر تەکیە زۆرە
خلە و بلە و فشە گاڵتە و عەزە دەم بۆرە

١٨٢

کەنیەکەی فەقێ قادر چ ڕەعنا و زەریفە
بەتاپۆ هی حەمیدە، تەسەڕوفی لەتیفە

١٨٣

قامەتی بێ شک نەمامی عەرعەر یا سەوسەنە
دەک فیدای ناز و گریشمەت بم پەریزادەی سنە

١٨٤

چاوی عیبرەت دانەوێنن هەر لە سورقاوشانەوە
ئاوی سووری ئێمەیە ئەڕژێتە ناو زێتانەوە

١٨٥

کاکە: قادرە بۆزە
دەستی شکاندم بەگۆزە

١٨٦

ئیدعای عیلم و ئەم سەر و سەکوتە
سیکتری کەن هەر بەشی سۆکتە



١٨٧

حیزە هەر شوێنێ ئەووەڵی سینە
سلێمانی، سەقز، سیتەک و سنە

١٨٨

تەعەجوب گرتمی لەوەی بەربوو لەو نەحسی قیرسیچمە
دوو لێفەی دا بەیەکدا خاڵە مەحموود وتی لچمە

١٨٩

**شیعری شێخ ڕەزا بۆ مەلا حەمدوونی شاعیر:**

حەمدوون پیاوێکی کوێرە
قوونی مەقعەدی کێرە
کەرکووکیانی پێ فێرە

١٩٠

**مەلا حەمدوون وەڵامی شێخ ڕەزا ئەداتەوە:**

شێخمە مەحبووبمە نووری هەردوو چاومە
دەفعە دەفعە بۆ تەبەڕوک لێمی مەگرن گاومە

## پیتی ی - ێ - یێ

١٩١

### کەڵەشێری کرماشانی

کەڵەشێرێ بەڕەزا لازمە کرماشانی
زیرەک و چابوک و دەم گەرم و دڕ و شەڕانی
کەڵەشێرێ کە قەپی گرت لە بناگوێی کەڵەشێر
پڕ بەدەم بیپچڕێ وەک سەگی هەورامانی
کەڵەشێرێ کە ئەگەر شێری نەڕی بێتە مەساف
ڕای ڕفێنێ بەشەقێ میسلی کەری تاڵانی
بۆ حەواڵەی دوبری ئەو کەسە خۆم ئەیزانم
دوو گونی پێوە هەبێ وەک دوو جەڕەی لەیلانی
بە درێژی وەکو مەولان بەگەکەی میری بەیات
بەجەسامەت وەکو کوێخا زلەکەی بیبانی
جینسی خۆی جووتە مریشکێ بەری حەملەی بگرێ
نەکو سوێی بێتەوە بێچارە لەبەر بێ گانی
ئەی نەقیب زادە بنێرە کەڵەشێرێکی وەها
بۆ ڕەزاکەی سەگەکەی قاپیەکەی گەیلانی

١٩٢

### ستایشی کاک ئەحمەدی شێخ

مەربووتە حەیاتم بەسولەیمانی و خاکی
خۆزگەم بەسەگی قاپیەکەی ئەحمەدی کاکی
ئەو قودوەتی ساداتە کە سوککانی سەماوات
شەڕیانە لەسەر سەجدە لەبەر مەرقەدی پاکی
ئەو مەرقەدی والایە کە وەک عەرەشی موعەللا



مەحفووزە بەزوواری مەلەک دەوری شوباکی
بۆ دەست و عەسا نازگەکەی، داخە دەروونم
قوربانی عەسای دەستی بم سۆل و سیواکی
دونیا لە دوای حەزرەتی شێخ ژێر و زەبەربێ
وەک تاجی کەی و جامی جەم و تەختی زوحاکی
دەرحەق بەحەفیدانی ئەدەب لازمە زینهار
قوربانی حەفیدانی دەبم بابیی و داکی
بەم حاڵە پەرێشانەوە باز ئەشهەدو بیللا
شیعرت تەرەب ئەنگێزە ڕەزا شاعیری چاکی

١٩٣

### هەر بلووکێکی عەجەم

هەر بلووکێکی عەجەم حاکمی غەمزەکەنە بێ
موختەسەر پەروەرشی ڕۆحی بەئاوی سنە بێ
نائیبی گیانە بلانە مەکە بۆ خۆم ئەگەفم
مونشی باشی شەکەتم نازری مەمتۆ قنەبێ
عەینی سەرکار و تفەنگدارە لە بۆ ڕۆژی مەصاف
شیر و قەڵغان و قەمەی سمت و سورێن هۆ جەنەبێ
صەفی پێش خدمەتی ئەبرۆ بەخەتی وسمەکشاو
دەست و پێی نۆکەر و ئەجزای هەموو غەرقی خەنەبێ
ژنی ئەهلی سنەیە شوبهەیی پێ ناوێ ئەگەر
نرخی شەو شایی-یەکەو شەرتی سەرو هەم بنە بێ
دەعوەتی خان و بەگی شاری سنە ڕەفزە ڕەزا
بازیانیشی لە بۆ سوورەیی سەر ئاسنە بێ
نامەوێ لەززەتی ئەو خاکە جەهەنەم لە سەفای
سا دووسەد مەرتەبە وا گووی خلە لەو مەسکەنە بێ

١٩٤

### سوحبەتی شێخ عەلی

شێخ کە هام سوحبەتی شامار و نەدیمی حەمە بێ
شێخ کە دۆستی مچە ڕێژاوی و ئەحمەدی جەمە بێ
شێخ لەبەر جەلبی دڵی ئایشە کوڕانیی ژنەکەی
شیر بکێشێت و لە ڕووی والیدە دەستە و قەمە بێ
شێخ کە قودسییەتی پیرانی تەریقەت لە کنی
هەموو ئەفسانە و ئەفسوون هەموو گاڵتەو گەمە بێ
شێخ کە گەووادی وەکو خادمی سوججادە لەلای
سەیییدی حوڕ لە سولالەی عەلی و فاتیمە بێ
شێخ کە قەسری حەرەمی گەیییە مەقامی ئەعلا
سەر بڵند کات و بڵێ شێخ ئەمە قەسری ئەمە بێ
شێخ ئەوا گۆی هونەری بردەوە کەشکەک سەڵەوات
شێخ ئەوا جێی پدەری گرتەوە دەستی بەمە بێ

١٩٥

### حەوشەکەم

حەوشەیەکم هەیە بەقەدەر لەپێ
ڕۆژ عیلاجی دەکەم، بەشەو دەتەپێ
مەنفەز و درز و ئاودزی هەرچەند
دەیگرم، دەیکوتم، بەدەست و بە پێ
شەو کە هات دەم دەکاتەوە وەک هار
وا ئەزانم سەگە و بە من ئەحەپێ
سەروریشم لە تۆز و قسڵ و گەچا
وەک پەلاسێکە پڕ لە ڕشک و ئەسپێ



خەمی شاگردەکان زیاتر ئەخۆم
گەورە هەر چاکە ئاخ لە دەس دەسوپێ
ژنی وەستاکە بۆ چ نەگێم توخوا
ساق و سمت لووس و کوز پڕی دەرپێ

١٩٦

### شەڕی جەباری و داودە و کاکەیی لەگەڵ تاڵەبانی

عەشایر بوون بەیەک تا ڕیشەمان دەرکەن بەیەکجاری
جەباری و داودە و کاکەییەکانی دایە ڕێزواری
قەسەمیان خوارد بەڕۆحی سەی براکەو گۆڕی خان ئەحمەد
بەکەللەی خووگ و شاخی گاوی حۆل و گۆشتی مرداری
دەبێ ئەمڕۆ بەجارێ قەتعی نەسلی تاڵەبانی کەین
تەق و تۆقیان کە هەستا گوللە هەروەک تەرزە داباری
سوارەی تاڵەبانی دەرپەڕین وەک ڕۆستەمی دەستان
فیراریان ئیختیار کرد سەیدەکانی باوە یادگاری
فیراری کاکەیی هەر نەیسە، ئەمما گوێی فەلەک کەڕ بوو
لە جرت و فرتی ئاغای داوودە و ساداتی جەباری

١٩٧

### برازا ئەزیزەکەم

ڕووم کردە بەزمی خاسی برازا ئەزیزەکەم
ئەمشەو بەسەد تەوازوع و ئیخلاس و سەرکزی
ڕوانیم لە درزی قاپییەوە خۆی و تابیعان
دانیشتبوون دوو ڕیزە لە دەوری خلەی کزی
دەتوت تەمێ کرابوو بەمەحسوسی قاپییەوان
خۆی کرد بەنێرەتورک و وتی: کیم بیلیر سزی؟

پێم وت منم فلانە کەسم، مامە شێخ ڕەزام
تانمزمیسن خەمیس ئەفەندی مگر بیزی؟
ئەم سەددی بابە بۆ منە ئیزهاری کە تا بڕۆم
یان مەرحەمەت کە حیزە لە سەرما گونم تەزی
ئەمجا بەکوردی هاتە تەکەللوم وتی بەڵێ
کە شێخە حیلەبازەکانی قومارباز و کەردزی
وەختێ کە لەم مەعامەلە زانیم غەرەز چییە
دەرحاڵ گەڕامە پاشەوە ئەمما بەعاجزی

## ١٩٨

### مایەنەکەی کوێخا عەلی

کێ چوزانێ کۆچەڵەی سمتی شکاوە یا ملی
وا لە حاڵی حەلوەلا مایەنەکەی کوێخا عەلی
چووم بزانم ماوە یاخۆ مردووە وەختێ کە دیم
شادەماری سستە نابزوێ ڕەگی قاچ و قولی
دام بەسەر خۆمدا گوتم وا حەسرەتا بۆ مایەنە کوێت
دەک بەمیراتم کەوێ دەسبەند و هەوسار و جلی
نەبز و قارورەی ئەگەر سەد جار تەماشاکا حەکیم
دەردی نازانێ چییە تاکو نەکا بۆنی سلی
گەر ئیمامی عەسکەری نوێژی لەسەر کا لایقە
چونکە موشتاقە بەوەسڵی ناڵەکانی چوارپەلی
کەسری ئەنفی دوژمنان و جەبری کەسری دۆستان
هەر بمێنێ چاکە بەخوا شێخ ڕەزا و کێری زلی



## ١٩٩

### بۆچی ئەترسم

دەرحەقی بۆچی ئەترسم بەخوا تا ئەمرێ
چی لەدەست نایێ مەگەر بێ گونی ئەسپم بگرێ
بەخەبیسی نییە میسلی کە وەکو جەوهەری گوو
مەگەر پێوە بنیشێ وەکو سەگ پێی دەوەڕێ
پێی بڵێن بەو تەرەسە گەر لەعەلەیهیم بدوێ
بەفوویێ عەزلی دەکەم نابێ لەوێدا بتڕێ
پدەری نێرەکەر و مادەری وەک ماچە خەرە
کێ دەڵێ ئامادە، کەربابە وەکو کەر دەزەڕێ
وەرە لادە لە شەڕی ئالەتی مەعهوودی ڕەزا
موقتەزای گرتنە تەبعی بەخوا پێت ئەکرێ

## ٢٠٠

### ئێستری زیندوو

شێخ ڕەزا داوای ئێسترێک لە خانمی وەسمان پاشا دەکات ئەویش بۆ گاڵتە و بزواندنی شێخ ڕەزا بەمیرزاکەی خۆیدا وەڵامێک بۆ شێخ ڕەزا دەنێرێت:

ئێستری مردووتە مەتڵەب یا موڕادت زیندووە
چاوەڕێی جوابم کەخواستت بۆت بنێرم تا زووە؟

ئەمە وەڵامی شێخ ڕەزایە کە لە چاپەکانی پێشوودا تەنیا سێ بەیت واتە شەش دێر بووە بەڵام لەم چاپەی ئێمەدا تەواوی قەسیدەکە تۆمار کراوە کە بریتییە لە حەوت بەیت واتا چواردە دێر. بەم جۆرەی خوارەوە:

## ٢٠١

ئێستری زیندوو بڵێم بۆم چاکە یا مردووم دەوێ
ئیحتیاجم زۆرە خانم با بڵێم هەردووم دەوێ

کـــاروباری خـــۆم و چەرمی دۆمی تیـــایە خـــانما
لەم سواری و یاری و جـووت، لەو، کە یاڵ و دووم دەوێ
با ئەوەی پێشینی خۆت بێ وەعدەیی حورِ دەینە خۆ
بانگی پێغەمبەر لە ڕوو خۆشە منیش هەردووم دەوێ
نامـــــەوێ خـــــانم بەڕووتی هەر دووانم پێ بدەی
بۆ سەفەر پێویستمە سەرباری پڕ تێشووم دەوێ
بێچووەکانم سەر لە سبحەینێ هەموو دەورم دەدەن
ئەو ئەڵێ پوولم نەماوە، ئەم دەڵێ بێچووم دەوێ
با وجودی ئەم هەموو تەکلیفە گێژیان کردووم
کوڕ خەیاڵی ژن ئەکات و کچ دەڵێ من شووم دەوێ
بێ ڕەزایە بۆ ڕەزای خوا چاکە نەیجووڵێنی چۆن
بۆ میانی هەردوو لا ئیخلاسەکەی پێشووم دەوێ

٢٠٢

**پێنج خشتەکی لەسەر غەزەلێکی مستەفا بەگی کوردی**

دڵی بردم بەناز و عیشوە دیسان شۆخی عەییارێ
فریبی دام بەسیحری چاوی خۆی مەحبووبی سەحرارێ
لە هیجرانا تەقم کرد ئەی ڕەفیقان کوا مەدەدکارێ
ئەمان مردم عیلاجێ سا لە ڕێی پێغەمبەرا چارێ
ویساڵ یا قەتڵ یا تەسکین لە هەرسێ بۆم بکەن کارێ
لە دەوری نێرگسی مەستی کەسێ نەیماوە مەیلی مەی
لە بۆ شەهدی لەبی لەعلی دەناڵێنێ دڵم وەک نەی
لە تابی ئاتەشی عەشقی بکەم داد و فیغان تا کەی
ئەوەند سووتاوم ئەسڵا تابی فەریادم نەما سا دەی
ڕەفیقان نیوە سووتن ئێوە، نامەرد عەرزە هاوارێ



لە ڕێگەی عەشقدا نایانە پێم زنجیری مەجنوونی
لە دەستم چوو ڕمووز و دانش و فەهمی فەلاتوونی
وەکو شەخسێ کە زاری کا لە جەوری دوژمنی خوونی
لەکونجی سینە دەنگی ئای و ئۆی دڵ دێ بەمەحزوونی
وێران بێ نەمدی ساتێ لێی نەیێ ناڵەی بریندارێ
کە چاوی ساحیری دەستی بەغەمزە و ناز و ئیما کرد
مەتاعی عەقڵ و هۆش و دەرکمی تاراج و یەغما کرد
کەسێ نەیگوت درێغا کێ ئەتۆی وا شێت و شەیدا کرد
ئەلای هەرکەس دەچم مەنعم دەکا خۆت بۆچی ڕیسواکرد
درێغ کووا حاڵزانێ ڕەببی تووشم بێنی بیمارێ
گوتم وەک سورمەیە بۆ چاوی عاشق خاکەکەی ژێر پێت
لە ئولکەی حوسندا گەر لافی شاهی لێ بدەی لێت دێت
گوتی مەیخانە بێ دایم بەیادی چاوی مەستم جێت
سەبا یارانی مەجلیس گەر هەواڵی من بپرسن لێت
بڵێ کێشایە مەیخانە دوو چاوی بێچووە عەییارێ
سەری جەنگی هەیە دایم لەگەڵ من چەرخی دوونپەروەر
نەبەختم یار نەچەرخم یاوەر و نەتالعم ڕەهبەر
ئەوەند بێ ڕەحم و ساحێب کینەیە دەرحەق بەمن دولبەر
لە نەزعا پێی ئەڵێم قوربان جەفا بەسیە دەڵێ کافر
ئەرێ چیت دیگە تۆ سەگ مەرگ کارم ماگە پێت جارێ
نەمـــاوە ڕەونەقی بازاڕی عـــەقڵ و دانش و وردی
بەپوولێ نایکڕن لەو عەسرەدا عیلمی ئەدەبی وەردی
لە ئەشعاری ڕەزا پەیدایە ئاساری جوانمەردی
دوڕ و یاقووت دەبارێ لەم کەلامی شیرینی کوردی
خوا ساکوا لە دنیادا قەدرزان و خریدارێ

٢٠٣

شۆخێ بەئینابەت چووە لای زوهد فرۆشێ
بۆ ئەخزی تەریقەت بەدڵی پڕ لە خرۆشێ
خۆش هاتە جەوابو، وتی تۆ حەقتە وەلێ من
ساڵێکە فرۆشتوومە ئیمانم بەقرۆشێ

٢٠٤

ئەم دەغڵە کە تەسلیمی دەکا شێخ بەهەجیجی
نوقسانی دەکات هەر لە تەغارێ دە کەویجی
ئەسڵ و نەسەبت دۆمە لە من بووی بە هەجیجی
بێ مروەت و ئینساف و حەرامزادە و بیجی

٢٠٥

بەبێ من سوێند بدەن سندوق ئەمینی
بەئاین و بەئەرکان و بەدینی
لە عەهدی طیفلییەوە هەتاکو ئێستا
بەهەردوو چاویخۆی چەندجاری بینی
لە سمتی پڕ بەرێ حەیتارە گەورەم
لە سنگی تێپەڕی تا گەییە بینی

٢٠٦

هەمین نانەوا و خەجێ ئاشپەز بێ
یابە لەگەڵمان وا بەغەرەز بێ
ئەبێ شێخ ڕەزا لە برسا بمرێ
لەگەڵ شێخ عەلی هەر بەدوغەز بێ



٢٠٧

وەعدەی من و تۆ ئەی ڕەمەزان ڕۆژی جەزابێ
شەرعی من و تۆ با لە حزوور باری خودا بێ
ئەم لالە ڕوخانە هەموو ڕەنگ زەردی دەستی تۆن
کێ دیویە شەقایق یەرەقانی بەسەرا بێ

٢٠٨

زوبدەی مەتاعی حیکمەتە ئەم شیعری کوردییە
هەرزانە بێ موبالەغە حەرفی بەگەوهەرێ
جامەی حەیاتی عارییەت کورتە زینهار
ئالوودە دامەنی مەکە بۆ پێچی مێزەرێ

٢٠٩

حاجی عەبدوڵڵا لە ئادەم فیلترە
با وجوودی مەرتەبەی پێغەمبەری
ئەم بەسەد شەیتان لە کۆیە دەرنەچوو
ئەو بەشەیتانێ لە جەننەت دەرپەڕی

٢١٠

بۆ نیشانەی کوز بچووکی بێت و دەم نیشانە بێ
ئەهلی ئەم شارە کوزی کچیان ئەبێ زەنگیانە بێ
چاوی مەهزووم کزە لەم سرە ناگا، عاجزە
بێت و گەروابێ نصیبی ئەم خرەی سەرپانە بێ

٢١١

خادیمی سوجادەیی پێغەمبەری
کەشتی جوود و سەخارا لەنگەری

(اغنیا خواهند از انعامی تو)
سینی شەکراو و پڵاو دوو لەنگەری
ئەوکەسەی خوانی لەبۆ دێ سوبح و شام
چی لە ئێمە زیاترە غەیرەز کەری

٢١٢

**بەیتەکان**

لام وابوو پیرم بووم عەشق دەستم لێ هەڵئەگرێ
نەمزانی داری وشک باشتر ئاگر ئەگرێ

٢١٣

خانەقا، تەوبە لەسەید ئەحمەد و نان و خوانی
لە تەعامی شەلەم و بامیە و باینجانی

٢١٤

قازی ڕەئیسی ئەووەڵ، تۆش موددەعی عومومی
ئەم کارە چۆن سەر ئەگرێ لەعنەت لە بابی ڕۆمی

٢١٥

مەکەن باوەڕ بەقەولی داکی خۆ گێکانی کەرکووکی
ئەگەر خەڵەتی بکەن وا بزانە گاقۆڕانی، کەر کۆکی

٢١٦

دوێنێ قەترەیێ خوێن بوویت و ئەمڕۆکە کەفی خاکی
بەنی ئادەم کەری، گەر کەر نەبی بۆ چ هێندە بێ باکی



٢١٧

لەسایەی دەهری دوون پەروەر ئەمێستە لەک لە لەک ئەدوێ
بەکۆڵێ کلکەوە ڕێوی لەگەڵ کەوڵی دەڵەک ئەدوێ

٢١٨

لە سوورەی سەرخڕم ئاگر دەباری
کوتامە ژێر گونی ئاغای جەباری

٢١٩

وەها مەشهوور بووە (بين الأهالي)
هەتیوی تەکیەکەی خۆمانە والی

٢٢٠

ساغ لە دنیادا نەماوە گەر قسەی ساغت دەوێ
بێ هەزارت پێ نیشان دەم گەر قوڕمساغت دەوێ

٢٢١

وەسمان حەبەش و حەمەشین و ئەحمەدی حاجی
دەم دەم دەوەڕن وەک سەگ و توولە و تانجی

٢٢٢

خواستم لە کوڕی حاجی بەکر کۆنە دووکانێ
بۆ تەجروبە نەیدا بە من دای بە دیانێ

٢٢٣

عومەرم دی عومەری پێشووتریش گەر وا بێ
گەردنی شیعە دوو سەد دەفعە لە سەب ئازابێ

٢٢٤

ڕەگی کێر ها لە گونا هەر گونە ئەی بزوێنێ
مەسەلەی کۆنە سەگ ئێسقان بەکلک ئەشکێنێ

٢٢٥

موسوڵمانان، موسوڵمانان، موسوڵمانی، موسوڵمانی
هەتیوێکم ئەوێ خەڵکی سولەیمانی، سولەیمانی

٢٢٦

سەیرکە زبڵ ئەسڵی گوە و گوڵ ئەڕوێنێ
باوکی وەک ئەمین بۆقە کوڕی وەک عەبە دێنێ

٢٢٧

گەر بێت و بەسەد دەریا بیشۆیەوە شێخ باقی
پاک نابێتەوە هێشتا پڕ گووی سەگە لوولاقی

٢٢٨

پەتیەی بەسرەیی و مێزەری هیندیی من و تۆ
وەکو ڕەخت و شەقە بەندێ کە لە گاجووتی بدەی

٢٢٩

ئاوازی تڕی، بۆنی تسی، هەمزە حیماری
ئافاقی هەموو گرتووە، وەک هەوری بەهاری

٢٣٠

درجهان هر کە میشود بابی
مەترەقی کەر بەمەقعەدی بابی



٢٣١

بەجێ ما کاکە جاف خۆی و کڵاوی
دەری کرد ئافەرین خدری گڵاوی

٢٣٢

سەرداری لەشکر ئەگەر باوەل بێ
کێرم بەقنگی دەسا با وەل بێ

٢٣٣

مەعدەنی گەوهەری سوخن دانی
مەنەمو فازیل مەریوانی

٢٣٤

چەرمی ڕووی هێند قایمە شمشێری میسری نایبڕێ
گەر بەکەوشی کەی دەمێنێ تا قیامەت نادڕێ

٢٣٥

نە تۆ هەر پێشی موریدان چو شەکەر شیرینی
بەخودا ئەی پسەری شێخ تۆ هەر جاشە کەری

٢٣٦

هەر لە تۆم بیستووە ئەی کوێری لە یەزدان عاسی
زیکر و تەهلیلە بەخورشید و ئەڵڵاوەیسی

٢٣٧

موخبیر خەبەری داوە لەسەر موفتی کۆیێ
حەسرەتکەشی شیری سەگە بۆ کەوچکە دۆیێ

٢٣٨

با جەردە بیبا کەوڵەکەی ناجی
بەهار هات جلی پێ ناوێ تانجی

٢٣٩

وام ئەزانی ئێوە ساداتن مەعاشتان نابڕن
داخی داخانم جەباری خۆ لە ئێوەشیان بڕی

٢٤٠

**شێخ ڕەزا هەجووی مەلا مارفی مەستی دەکات**

وتم ئەی شۆخی پەری چیهرە ئەمەت پێوە دەچێ
وتی یارایی جوابم نییە خۆت ئەیزانی
وتم هەر لێی ئەخەم و تێی ئەبڕم مەستی ژن
وتی هەر ئەزیەتی گیانم مەدە خۆت ئەیزانی

٢٤١

**وەڵامی مەلا مارف**

وتم ئەی شێخی درۆزن دەسی گاندانت هەیە
وتی ئەم پرسەتە هی غەیرەیە بۆ خۆت ئەیزانی
وتم ئەی دەستی گەوادیت هەیە بۆ گوڵچە؟ بەڵێ
وتی مانیع چییە بۆ دۆست؟ و ئەتۆ خۆت ئەیزانی

٢٤٢

**لەنێوان شێخ ڕەزای تاڵەبانی و شوکری فەزڵیدا**

**هەجووی شێخ ڕەزا بۆ شوکری فەزڵی**

پوورە شوکری بەسیە با نەتگێم و سمتت لەق نەکەم
دایکە کێر خۆرت هەواڵەی سووری سەر ئەبڵەق نەکەم



نیەتم بوو دەفعەیە خۆمت پیادەم باز وتم
نەقسە بۆ ئەمسالی من با گوێ لە هەر ئەحمەق نەکەم
من کە شاهبازی شکارەندازی شاهیم پێ دەڵێن
حەیفە با ئاهەنگی جەنگی سەرگەر و لەقلەق نەکەم
تۆ بەجارێ وەک ژنی فاحیشە پێت لێ هەڵبڕی
نەء، وتم، خەیری نییە، چاوێکی گەر لێ زەق نەکەم
حیزە سا خۆت بگرە تا بۆت بێمە مەیدانی مەصاف
شەرت بێ هیچت پێ نەڵێم تا بن گونت نەستەق نەکەم
کۆنە حیزی شاری بەغدا، لێم حەرام بێ شاعیری
گەر کوزی خوشکت وەکو ئەیوانی کیسرا شەق نەکەم
هەروەکو مەستیم بەفەردێ گا، خوا ڕۆحم نەبا
مولحیدی کافر مەزەب گەر تۆش بەئەو مولحەق نەکەم
من دەزانم کێ لە خشتەی بردووی ئەمما چ سوود
سەییدە، سەیید قسەی سووکی دەبێ دەرحەق نەکەم
پێی بلێ با مونتەبیە بێ تۆیش گەنوو گوو بەس بخۆ
با سلێمانی بەجارێ کافری موتلەق نەکەم
عەهدە کردوومە لە خزمەت شێخ ڕەزادا ورچە کوێر
نەیخەمە ناو لنگی دایکت تا لە تۆی ئیرەق نەکەم

٢٤٣

**وەڵامی شوکری فەزڵی بۆ شێخ ڕەزا**

گوو مەخۆ یا شێخ ئیتر با شۆڕشێ بەرپا نەکەم
خۆت و کەرکووکت بەجارێ سەربەسەر ئیفنا نەکەم
هێند حەرەمتم گاوە، بێزراوە لە چاوم بەسیەتی
با لە ناو لنگی ژنت پێچاڵی سەد جۆلا نەکەم

موددەتێکە نامەوێ بیگێم و تۆ لێم ناگەڕێی
با کوزی وەک قەلعەیی خەیبەر بەمەترەق وا نەکەم
دەستی چەوری خۆت بەسەر خەڵقا مەسوو بێ ئابڕوو
مەستی ئەلحەق گاتی ئەم سیرە ئەڵێم ئیفشا نەکەم
شوکری هێندە قودرەتی زۆرە لەگەڵتا بێتە جەنگ
ئەو ئەکا تەقیە و ئەڵێ تۆش شێخی هەجوت با نەکەم

٢٤٤

### شوکری نەزڵی لە هەجووی شێخ ڕەزادا

شێخ ڕەزا عەرزت بگێم خۆت بۆچی ئەحمەق کردووە
قەوچە وەک ماکەر ئەکەیت و هەردوو گوێت لەق کردووە
پانیی سمتت کاری خۆ پیادانی زۆرە کۆنەحیز
دیارە ئێشی نێشی سابیق چاوتی زەق کردووە
دوودەکی بووی تا ژنت هێنا و گەوادیی هاتە سەر
قەحبە گوڵچینیش ئەتۆی گەووادی موتڵەق کردووە
کەس نەما نەیگێ لە دەروێش و مورید و دۆستان
من بەمەترەق بارەها کوزیم شەق و پەق کردووە
چەند کەڕەت پارەی گەوادیت لێ ستاندووم هەی تەرەس
ئەلعەجەب وا خۆت بەشێخی تەکیە مولحەق کردووە
شاهێدی پێ ناوێ چەند جار جاشکی تێم بردوویی
تۆم نەوەک هەر جارێ هەتک و پەتک و نەستەق کردووە
شێخ ڕەزا مەعلوومە (ئەی شوکری) بەد و بەدخولقەتە
چەند کەڕەت کێرمی بەدەستی خۆی لە خۆی ڕەق کردووە



٢٤٥

### وەڵامی شێخ ڕەزا بۆ شوکری نەزڵی

شوکری لە داخی تۆ ئەمە ساڵێکە یا دووە
کێرم نەخۆشە حاڵی پەرێشانە کەوتووە
جارێ بپرسە موخلیصەکەت چۆنە چۆن نییە
مەحسووبە کۆنەکەت عەجەبا ماوە مردووە
کوشتەی فیراقی تۆیە عیلاجی ئەگەر نەکەی
ئۆباڵی بەو ملەت کە دەڵێی نێرکە کاردووە
عەمدەن دەڵێم نەخۆشە موراعاتی تۆ دەکەم
وەرنە دەمێکە ڕوحی بەجەننەت سپاردووە
گەر من درۆ دەکەم ئەوە دایکت بپرسە لێی
یایە بەدەستی خۆی کفن و دفنی کردووە
شانە و خەنە و حەمامی حەرام کردووە لە خۆی
پاش ڕەحمەتی حەرامە لەمن سوێندی خواردووە
ئێستەش کراسی چڵکنە ناو لنگی کوڵکنە
وەک دێوەڵوکە تووکی بەری بستێ هاتووە
یایە ئەگەر سەگرمە بەژێر کورکەیا بچێ
هەر وا دەزانێ لاقە مەلێکی پیا چووە
یایە کە مەعبەری دوبری و دەهلیزی کوزی
یاتاغی ئەشقیایە گوزەرگاهی ئۆردووە
شیعرێ کە تۆ بەچاکی دەزانی شیاکەیە
نەزمێ کە تۆ بەیانی دەفەرمووی گەن و گووە
هەروەک تسێ کە جەوهەری خۆی دەربخا بە با
نامووسی خۆت بەشیعری سەفیهانە بردووە
بەم شیعرە بێ فەڕانەوە نابی بەشێخ ڕەزا
زەحمەت مەکێشە ئایینە کاری ئەرەستووە

٢٤٦

**وەڵامی شوکری فەزڵی بۆ شێخ ڕەزا**

ڕێشانی کێری خۆم کە لە ژنتا ڕەتاندووە
سەر سمی داوە کەوتووە جەرگی پساندووە
هێند تەنکە قەحبەیە دەربەندی ناو کوزی گوڵێ
بێ چارەیەی خشاندووە پەراسووی شکاندووە
یاشێخ ئەتۆش تەماتە سواری ئەلەم ببی
حاڵی خراپە سست و سەقەت ماوە ماندووە
کەڵبەت نەماوە حیزە کە بێ سوودە عەفە عەفت
پیری دووتایی کردووی شانت خەفاندووە
هەجوت کە بەیتی کوردییە بۆ کێرمی دەکەی
ئەم قۆڕەقۆڕە هیچە ڕەزا تۆم تڕاندووە
لێشاوی کێری مەتڵەبە گوڵچین وەگەر نە بۆچ
وەک تاقی پردی خاسە کوزی داچەقاندووە
داماوە، دێی زەبەللاحی تسعینی بێتە پاڵ
بێ گانی تاوی داوە کوزی داوەشاندووە
شوکری بەگانی کونی کوزی بێرە نەزمەوە
زۆری نەداوە، سەد ملە کێری تەقاندووە

٢٤٧

**شێخ ڕەزا لە هەجووی شوکری فەزڵیدا**

حیزێ کە ئەگەر قسە ببەستێ بەڕەزاوە
بێ شک بەحەلاڵی لە کوزی دایکی نەزاوە
بێ حیکمەت و بێ قیمەت و بێ جێ نییە شیعری
عومری لە هەوەڵ تاکو ئەخیر تیا کە، ڕزاوە



شوکری گەن و گووخۆری سلێمانییە ئێستە
هەرچەندە کە ئەمدی وەکو لۆتی دەگەڕاوە

٢٤٨

**وەڵامی شوکری فەزڵی**

نابەستێ بەناحەق کەسێ حەرفێ بەڕەزاوە
ئیللا کە لەبەر تەبعی ڕەزایە لە خواوە
شیعرت کە بەخۆت مەدحی بکەی ئەلحەق میعرە
پێی ناگەیە ناو کۆمەڵ و ڕیزی شوعەراوە
خۆزگەت بەزڕە شایەرێ ئەی لۆتیی -لووطی-
عومرت لە بەدیدا کە ڕزاویش و زڕاوە

٢٤٩

**شێخ ڕەزا لە هەجووی شوکری فەزڵیدا**

چوومە خزمەت یایە مومتازم وتی لاچۆ دزی
پێم نیشاندا ئەسڵی مەقصەد نایە بەردەستم کوزی
چەندە هاوارم لە کێرم کرد نەکەی فیلە نەکەی
گوێی نەدامێ خۆی هەوادایە ناو قەعری کوزی
هەروەکو ماکەر فشی کرد و لە ژێرما قەوچەقەوچ
ئافەرین بۆ داکی شوکری و چاوی وەک کارمامزی

٢٥٠

**وەڵامی شوکری فەزڵی**

خۆت لە گوڵچین گێل ئەکەیت و کاتی ئاشکاری و دزی
هەروەکو دۆلکەی تەکێی لێ هاتووە دۆڵچەی قوزی
مێرمناڵی بەرتەکێ ئەو باڵقی کردوون هەموو
بارەها کێرم لە قوزیا بۆ قنگیشی هەڵخزی

ئەهلی کەرکووک کەس نەما لێی تێر نەبێ ئەی کۆنە حیز
عەیب و عارت زۆرە دای ناپۆشێ ئەشعاری گزی

٢٥١

**شێخ ڕەزا لە هەجووی شوکری فەزڵیدا**

من کە بەشوکری فێرم، هێندەم گاوە لێی تێرم
کاتێ کە لەوم لادا عایشەم خستە بەر کێرم
ئەویش ئەوەندە فلّقە، خۆمی لێ هەڵدەبوێرم
یایە نەیویست لەدەست چم زوو ڕابەی نایە ژێرم

٢٥٢

**شێخ ڕەزا بەیایەی دایکی شوکری فەزڵی دەڵێت:**

بەقوزێکی ڕەش و قنگێکی گوویین
یایە خۆی کردە هەناری شیرین

٢٥٣

**وەڵامی شوکری فەزڵی بۆ شێخ ڕەزا**

باسی قوز و قنگ ویردی ماڵتانە
بۆیە بابەتی شیعرت گاندانە

٢٥٤

**شێخ ڕەزا لە هەجووی شوکری فەزڵیدا**

نابەکاری وەکو ئەم جووتە لەعینە لێرە
نەبوو قەت ئەمە موددەیەکی مەدید و دێرە
ئەو بەتڕ گوێز ئەشکێنێت و ئەمیش قنگ ئەدرێ
هەردوو عاسین لە خودا کێری من و ئەم کوێرە



٢٥٥

**وەڵامی شوکری فەزڵی**

نابەکارە، ئەمە چەند وەختە بەسمتت فێرە
هێندە بێ شەرمی و سپڵەیت و دەڵێی بێ خێرە
گلەییم لێ مەکە وەک خۆت کە کورپشتم گاوە
زیز مەبە هەی قوزی گوڵچینی ژنت بەم کێرە

٢٥٦

**هەجووی شێخ ڕەزا بۆ شوکری فەزڵی**

عالەم و دنیا ئەزانێ شوکرییە کوێر خەرجی منە
شۆخ و شەنگە هەروەکو ڕەققاص ئەڵێی موتڵەق ژنە
دایکی حیزی خەڵکی بەغدا و باوکی گەووادی سنە
وەک بەدیعەی بنت بەکراوا بێ چاوو بێ بنە

٢٥٧

**وەڵامی شوکری فەزڵی**

لۆتی ڕەققاص من نیم نێرەگای پیرەبنە
ئەی لە گوڵچینی ژنت بەم (ئونوەر دیدەن بنە)
بۆچی نازانی لە کوێیە لۆتیاتی قۆرییە
هەموویان شێخ ژن ئەگێن ئەویش ئەڵێ تینم نەنە

٢٥٨

**هەجووی شێخ ڕەزا بۆ شوکری فەزڵی و جەمیل صدقی زەهاوی**

پێم مەڵێن ئەم دوو ژنەت تۆ بۆ چییە ئەی شێخ ڕەزا
شوکری بۆ تەسک و تروسکی و جەمیلە بۆ سک و زا

٢٥٩

**وەڵامی شوکری فەزڵی**

ئەو جەمیلەی تێی ئەبردی و لات جەمیل و لیێی ڕەزا
شوکری شوکرت بۆ ئەکرد گوڵچین لە باخەڵیا خزا
عەیبە هێندە سپڵەبی تۆ زاهیرەن شێخ و مەلای
شاپڵیتەی کێری من چەند جار بەدەرقوونتا خرا؟

٢٦٠

**شێخ ڕەزا لە هەجووی شوکری فەزڵی و جەمیل صدقی زەهاویدا**

ژن یەکێ بوو من هەر ئەمگوت ئاخ لە دەس ئەم جادووە
بۆچ قوڕی عالەم بەسەر خۆمدا نەکەم ئەمجا دووە

٢٦١

**وەڵامی شوکری فەزڵی**

شێخ ڕەزا وا دیارە ئەمڕۆ مەیلی گاندانت هەیە
حازرم تۆش ڕێ و شوێنی خاصی میوانت هەیە
شیعرەکەت مەزموونی عیجزی تیایە دیارە چاوەکەم
شەرتە نەیهێڵم هەرچی خارشتی بن ڕانت هەیە

٢٦٢

**شوکری فەزڵی بەم تەرجیع بەندە کە شەش بەشە هەجووی شێخ ڕەزا دەکات:**

شێخ ڕەزا عەرزت دەگێم خۆت بۆچی ئەحمەق کردووە
قەوچە وەک ماکەر ئەکەیت و گوێت وەها لەق کردووە
حیزە، ئێشی مێخی سابق چاوتی زەق کردووە
قەحبە گوڵچین تۆی کەوا گەووادی موتڵەق کردووە
من بەمەترەق بارەها کوزیم شەق و پەق کردووە
تۆم وەک ئەمجارە هەتک و پەتک و نەستەق کردووە



باوکی مەعلوومت نییە لەعنەت لە زاتت هەی تەرەس
گوو بەکوێی دایکت چوزانم دایە بەر کێ پێش و پەس

٢٦٣

ئێشی زۆر زۆر چاکە دەروێش و فەقیری بێ نەوا
لنگی شێخ ژن تەوقە بۆ درزی کوزی کەشکۆڵی وا
هەر کەسێ هەڵسێ بەخێری خۆی شتێکی تێ ئەخا
پەستە بازاڕی حەدیدی باز هەتا خانەی ڕەزا
تاڵەبانی چین هەموو گەوواد و بێ شەرم و حەیا
گەر مەکانیان بۆ نەبێ ژنیان لە تەکیەش هەر ئەدا
باوکی مەعلوومت نییە لەعنەت لە زاتت هەی تەرەس
گوو بەکوێی دایکت چوزانم دایە بەر کێ پێش و پەس

٢٦٤

وا لەسەر شێخی برات ئیسپاتی گەووادی کرا
وەقتێ لێ خەن تا بڵێن خەڵکی لە بۆ بابی ترا
بۆچ لە مەشاکی قەلەندەر کۆمی ژنتان دادڕا
کۆمەڵی کوڕ قیمەتی ئەعلای بە پوولێ دانرا
خانەدانی شێخی ئاخر خانی دانتان وەرگەڕا
کەس نەما بێ تۆ نەکا هەتا بەهێندیش درا
باوکی مەعلوومت نییە لەعنەت لە زاتت هەی تەرەس
گوو بەکوێی دایکت چوزانم دایە بەر کێ پێش و پەس

٢٦٥

گوو مەخۆ یا شێخ ئیتر با شۆڕشێ بەرپا نەکەم
خۆت و کەرکووکت بەجارێ سەربەسەر ئەفنا نەکەم
با لە ناو لنگی ژنت پێچاڵی سەد جۆڵا نەکەم

با کوزی وەک قەلعەیی خەیبەر بەمەترەق وا نەکەم
مەستی فیعلەن دایکی گای ئەم ڕازە با ئەفشا نەکەم
من ئەڵێم تۆ شێخی هەجوم مەکە با هەجوت نەکەم
باوکی مەعلوومت نییە لەعنەت لە زاتت هەی تەرەس
گوو بەکوێی دایکت چوزانم دایە بەر کێ پێش و پەس

٢٦٦

ناوی سەید بۆ چ ئەبەی دەیووسی بی نام و نیشان
گورگە بو دومبە سورینی کۆنە حیزی تاڵەبان
واقیعا ئەو پێی وتم یەک یەک بگێ دایکی ئەوان
هەر لەسەر قیتکەی ژنت سەد مێخی جافم داچەقان
چی بوو تەقصیرم لە خزمەتتا هەزارم لێ نەگان؟
لێرە دەتوت شێخ عەلی گەوادە چی بوو فەرقتان
باوکی مەعلوومت نییە لەعنەت لە زاتت هەی تەرەس
گوو بەکوێی دایکت چوزانم دایە بەر کێ پێش و پەس

٢٦٧

من بەئاشووبم بەجارێ خان و بانووتان ئەگێم
ئیبنی مەشهوورتان دەییوس و بەدخووتان ئەگێم
هەر لە کوڕ تا کچ لە ساڵێ سەد هەتا دووتان ئەگێم
حەوش و کۆڵان و بیر و دار و پەردووتان ئەگێم
شەرتە هیچی دەرنەکەم تا کووپە و کەندووتان ئەگێم
باوکی مەعلوومت نییە لەعنەت لە زاتت هەی تەرەس
گوو بەکوێی دایکت چوزانم دایە بەر کێ پێش و پەس



٢٦٨

**لە نێوان پیرۆزەی کچی حەسەن کەنۆش و شێخ ڕەزادا**

**١- هەجووی شێخ ڕەزا بۆ پیرۆزە**

حەسەن کەنۆشەن، حەسەن کەنۆشەن
ئینە کناچەی حەسەن کەنۆشەن
کەلەش، شڵەقیاو، ناوگەڵەش بۆشەن
کونای قیرینەش دایم وەجۆشەن
کورکەش دێوانەی کەڵپوس نەدۆشەن
بەلۆکەش، لۆلۆن، چۆن گەدەی مێشەن
هەر لوێێ جەوێش چل کێر نەتۆشەن
وێنەی هەر وەفاڵ هەر وەخرۆشەن
پەی کێر قەوی خەیلێ پەرۆشەن
بۆس و کەنار و خەڵوەتەش خۆشەن

٢٦٩

**٢- وەڵامی پیرۆزەی کچی حەسەن کەنۆش**

ڕەزا وەزەفتم ڕەزاوە زەفتم
هیچ کەس نەکەردەن تەعەدا زەفتم
دەمت وەمابەین چاڵی ئەشکەفتم
بچێ وەچاوتا تابکوکی چەفتم
ترم تەمیرەت، تسم سازت بۆ
کوسم بەفناوای دەست نمازت بۆ
ئانە چەند وەقتەن ئەحواڵت پرسم
لووتت وەکونم دەمت وەکوسم
وەی عابی دریاری لاشانتەوە
وەی ماینەشێ یاڵ پانتەوە

وێنەی چاوەشی دەهۆڵ وە دۆشی
عەیانەن لوسکەی حەسەن کەنۆشی
بێ تەقیە و حەیا بێ شەرم حوزوور
گانکەر ژنت مەکێشی وەژوور
خزمەتکارانت هان لە کنتەوە
مەوینی کە ڕۆن وە کوس ژنتەوە
هەر لە منداڵی تا ئێستە بوویتە
کەلەش خۆت وەبان چەن کێرێ دیتە
ئیسلامان بۆ خودا، ب ونە شایەت
شەرعمان بکەن وەڕەسم و عایەت
بزانن ئێمە دوشمن سابیق نین
سەبەب ئەی ئەشعار بەدفەڕەش پەی چین
یەقین جە شوبە دەرد هارییەن
ڕەوشت زوشت و مەرد ئازارییەن
بوینۆن وەحەق خەتا جە کامەن
مەعلووم ڕووسیای خەواص و عامەن
ئەومان پەساوپەس سواری هەر کەرکەن
خۆڵ و دۆڕێز و لە شار وەرکەن
ئەی شێخ دین خاس ئەی شێخ دین خاس
حەکاک دانا پسپۆڕی ئەجناس
سەگی دندان گێڕ ئاشنا نەناس
پەی چییەن دووری جە ڕا و ڕەسمی ڕاس
تایفەی شمری شومی ئەلخەناس
گەماڵی گەور، جە کێ دەکەی پاس
یازوخەن تۆ کوڕ شێ ئەوڕەحمانی
ڕیش چون گەندەمووی بەری سۆزانی



حەیات نەهێلا پەی تاڵەبانی
وە هەر چوار مەزەب لایق نەمانی
ئای بۆ دەلاکێ سەرت بتاشێ
ڕیشت قوت بکا چون کلکی جاشێ
ڕەزا لەی کارە پەشیمان بێوە
بزانی ڕەزای خوا ها وە کوێوە
بەخشمەت وەخوا وەرنە دەتوانم
کەللەت بنێمە نێو جفتەی ڕانم
وێنەی سەگ هار تا نەتخنکێنم
عەهدەن کەللەتی لێش دەرنەهێنم
ئەمن تەقیەی شێخ عەلی ئەمگرێ
ئەرنا عیلاجی ڕەزام پێ دەکرێ
مەعلوومەن ڕەزا کونای دەخورێ
هەر بەم ڕەوشە لە خشتە دەبرێ
دەستە لاوێکی دەنێرمە تەک
کونا و کیس گونەش بکەرۆن وەیەک
بوێتە پەند و لەی کارە لاچێ
پەی شێخ عەلییەم دەسم تێش ناچێ
شێخ عەلی تۆ شێخ ئەی شارەی چییە
ڕەزا نامووس و حەیای لا نییە
عالەم جە ڕەزا دەروون پڕ ئێشەن
تەحقیق تۆش جە ئەو دڵت وەڕێشەن
سەرەش پانکەرۆ چون مار ژاردار
پەند پێشینەن شەرع مار وەدار

### ٢٧٠

**هەجووی شێخ ڕەزا بۆ کناچەی حەسەن کەنۆش**

هەرکێ لە بەرەی حەسەن کەنۆشە
کونای قیرینی بۆ کێر بەجۆشە
بێتە حوجرەکەم لە تەکیەی خۆمان
ئەمەی تێ بڕم هەتا پێی خۆشە

### ٢٧١

**وەڵامی پیرۆزەی کچی حەسەن کەنۆشی**

لە دوورۆ هاتی وەمزانی پیاوی
نەمزانی بنچک سەگ پیا ڕیاوی
کونای قیرینەت گەر وەجۆش نییە
ئەم دەم درێژییەی تۆ لە پای چییە
مەعلووم ئەو شیعرەی بەتۆدا چریم
تێری نەکردووی هەی لە دەمت ڕیم

### ٢٧٢

**شێخ ڕەزا هەجووی شاعیری کاکەیی یەسوو ساوک دەکات**

یەسووگاوەکە یەسووگاوەکە
چیشتان کەرد چەنی سیاه گاوەکە
وەختێ بر ئاما چە زویلاوەکە
شەق و پەقیان کەرد جە کەلاوەکە



### ٢٧٣

**وەڵامی یەسووساوک بۆ شێخ ڕەزا**

کاک شێخ هەر کە کاک شێخ هەرەکە
دەم کوڵ و سم خڕ چەم سیاوەکە
خڕەوە بیتان ماڵدار و بێ ماڵ
دەورتان داچەنە وەک پیرە گەماڵ

هەموو ئەو نووسینانەی پیرەمێرد کە من بینیومە بەشانازی و پلەی بەرزی شاعیرانەوە باسی شێخ ڕەزا دەکات. تەنانەت لەو وەڵامەیدا بۆ شێخ ڕەزا لە بارەی شیعرەکەی شێخ ڕەزاوە بۆ خانمی وەسمان پاشا، هیچ ڕق و دڵگرانی و زویربوونێکی پیرەمێردی پێوە دیار نییە، لە لاپەڕەکانی دوای ئەم نووسینەمدا زیاتر ئەمە ڕوون ئەکەینەوە. ئەمە چەند نموونەیەکە لە نووسینی پیرەمێرد لە بارەی شێخ ڕەزاوە لە ڕۆژنامەی (ژین)ی ژمارە ٨٥٢- ٨ی کانوونی یەکەمی ١٩٤٦ بەبۆنەی چاپی دووەمی دیوانی شێخ ڕەزاوە نووسیویە:

«چەند جار نووسیومە لە ڕووسیاوە ئەهاتمەوە لە بەحری (سیا)دا لە (واپۆڕ)ا (ملک الشعراء)ی شیرازم دی بۆ کەعبە ئەچوو. لە گفتوگۆمدا لە وڵاتمی پرسی وتم سلێمانی بەشەوقێکەوە غەزەلی (زوڵفی یەڵدا)ی سالم و قەسیدەی (شاهو ماه)ی شێخ ڕەزای لەبەر خوێندەوە. ئەمەندەم لا خۆش بوو هەرگیز لە بیرم ناچێتەوە. ئینجا ئەو شێخ ڕەزایە کە لە جیهانی شیعردا نووری ئێمەیە و پێغەمبەری شیعرە، وا ئەمجارەیش دیوانەکەی دەرچوو».

هەروەها نووسیویە شێخ ڕەزایش کە من پێی ئەو لەسەر شانی شاعیرەکانمان دەبینم مەولەوی نەبێ کەوا بەشاهۆوە.

ڕۆژنامەی ژیان، ژمارە ٤٨١ ساڵی ١٩٣٥

بۆ بەگزادەی تان و پۆشاوریشم

حەسەن بەگی عەلی بەگی جاف

شێخ ڕەزا-یش کە من پێی ئەو لەسەر شانی شاعیرەکانمان دەبینم (مەولەوی نەبێ کەوا بەشاهۆ)وە هەجووی لەگەڵ مەدحی دەریای بەگزادەی جافی ئێوە بەراورد بکرێ خوێی چێشتە. من خۆم ساڵەها لە خزمەت مەحموود پاشا و وەسمان پاشادا بووم کە شێخ ڕەزا خێڵە و خوار و خێڵە و



ژوور دەهات. مووچەی خۆی وەردەگرت زۆر شیعری مەدحی مەحموود پاشا و وەسمان پاشای هەیە. کە لە دیوانەکەیدا نییە. حەتا جارێکیان کە مەلا محەمەدی سنەیی پێش خزمەتی خانمی ئەنگاوتبوو خانم جوابەکەی بەمن نووسییەوە. شێخ ڕەزاش هێشتا مووچەی بۆ نەچووبوو ئەمەی نووسیبوو:

٢٧٤

کجا شد ان عنایتها دیرین
کجا شد ان کرامتهای پیشین
نەگاهی پرسیدم خانم نەپاشا
نەیارم میکند خسرو نەشیرین
ازین جانب نمیدانم سبب چیست
ازین جانب مگر کلای بید بین
نترسد از زبان اتشینم
(جعلنا رجوماً للشیاطین)

٢٧٥

**منیش لەژێر کاغەزەکەی ئەودا نووسیومە:**

زچای تلخ کامت خواند شیرین
دهانش ریش بادان مرد کج بین
که کیخسرو بەکیخسرو شبیه است
کجا شیرین بود چون حوری عین
تو ان حوری که از پاداش خیرات
زجنت امدی باعزو تمکین
ملا محمل کش و نادر ندیمست
رضا نبود که خواندش شیاطین

ڕێکەوت وابوو شێخ ڕەزا خۆی ئەو ڕۆژە هاتە هەڵەبجە تاهیر بەگ دەم و دەست ئەو شیعرانەی گەیاند دەست بەجێ پەسەندی کرد. بڵند پایەی شێخ

ڕەزا لە شیعردا چۆن بوو شان و شکۆهـ و سەخا و سەرداریی عەشرەتی مەحموود پاشا و وەسمان پاشا و خانم سەد چەندانە نیسبەت بەهەموو عەشائر بوو. چەفائدە هەر خوا ئەتوانێ ئەمە بکا. لەم چەندانەدا هەوارگەی زەڵمی ماڵە گەورەی لەو شوێنە کە یازدە بارەگا و خەیمەی بەگزادەکان و جلوەی نەونەمامانی لێ بوو دڕک و داڵ و قەل و داڵ جێنشینی و خۆنوێنییان دەکرد. نوری دیدە لەباتی ئەوەی کە بەقەڵەم دەبدەبەی دێرینەتان یاد ئەکەن، لەگەڵ ئەوە هەوڵ بدەن ئەو ئاردەی لەناو دڕکی هەوارگەدا پەخش و بڵاوبۆتەوە کۆ بکرێتەوە. هیچ نەبێ دوو برا لێک نەبن بەدوو برا، ڕەشماڵتان بەوە خرا. ئاخ، برینی گەڵکەت کولاندمەوە ئەوانەی لەوێ نۆکەری و چایچێتییان ئەکرد ئێستا ڕێتان لێ ئەبەستن.

پیرەمێرد، ڕۆژنامەی ژیان، ژمارە ٤٨١ ساڵی ١٩٣٥

## سەرنجێکی پێویست

لەو ڕۆژگارەدا ساڵی **١٩٨٧** کە سەرگەرمی ساغکردنەوەی شیعرەکانی پیرەمێرد بووم ئەم شیعرەی شێخ ڕەزا و پیرەمێردم لەبەر دەستا بوو بۆ لێکدانەوەی ماناکانیان مامۆستای ئەدیب و فارسی زانی شارەزا عبدالقادری دەباغی یارمەتیی دام و ئەمەی نووسی:

«شێخ ڕەزا نامەیەک بۆ وەسمان پاشای جاف دەنووسێ گلەیی لێ ئەکا کە نەخۆی و نەخانم واتا خانمی وەسمان پاشا هەواڵیان نەپرسیوە و پاشا و خانم بەخسرەو و شیرین دائەنێ و دەڵێ: من شێخ ڕەزا هیچ لە خۆمدا شک نابەم بەڵام ڕەنگە مەلای بێ دین شۆفاریی کردبێ و ئێوەی دەرحەق بەمن بێ لوتف کردبێ، مەگەر ناترسێ لە زمانی ئاگرینم کە وەک برووسکەی ئاسمان ڕەجمی شەیاتین دەکا.

شیعرەکانی زۆر ڕەوان و پڕ مەعنایە و دەسەڵاتی شاعیر بەسەر زمانی فارسیدا بەباشی دەگەیەنێ بەڵام پیرەمێرد (دوای فەوتی شێخ ڕەزا)[١] وەڵامی دەداتەوە خانمی وەسمان پاشا هەڵدەکێشێ و دەڵێ: ڕەزا کە دەمی



تاڵ بووە لەبەر نەناردنی دیاری، تۆی لە جێگەی شیرین داناوە کە دەم بریندار بێ چونکە کەیخوسرەو بەکەیخسرو دەشوبهێنێ، بەڵام کەی شیرین دەبێتە حۆری بەهەشت تۆ ئەو فریشتەی کە لە جەزای کردەوەی پڕ خێرت کە لە بەهەشتەوە کەوتوویە سەر زەوی، مەلا کەژاوەت ڕادەکێشێ و نادر لەبەردەستتایە و ڕازی نابێ کە پێیان بێژن شەیتان و ناویان لێ بنێن.

پیرەمێرد هەڵەیەکی کردووە کە لە باری مێژووییەوە جێگای سەرنجە چونکە مەبەستی شێخ ڕەزا لە خوسرەو خەسرەو پەروێزی بەناوبانگە بەڵام کەی خوسرەو لە مێژووی ئێراندا کەی خوسرەوی پێشدادیە کە دوای کەیکاوس بووە بەشای ئێران بەداخەوە شێخ ڕەزا نەمابوو دەنا خۆی وەڵامی دەدایەوە».

لێرەدا بەپێویستی دەزانم ئەم کێشەیە بەم چەند خاڵە یەکلایی بکەمەوە:

١- هەتا ئێستا هەموو ئەو سەرچاوانەی باسی ئەم شیعرەی شێخ ڕەزا و پیرەمێردیان کردووە. ئەو نووسینەی پیرەمێردیان نەدیوە کە من لە لاپەڕەکانی پێش ئەم باسەدا نووسیومەوە و ڕاستەقینەی مەسەلەکە پیرەمێرد خۆی باسی دەکات.

٢- وەک پیرەمێرد نووسیویە شێخ ڕەزا وەڵامەکەی پیرەمێردی بینیوە و بەدڵی بووە. پێشتریش پیرەمێرد پێش ڕۆیشتنی بۆ تورکیا واتە پێش ساڵی ١٩٠٠ چەندین جار شێخ ڕەزای بینیوە کە هاتووە بۆ لای مەحموود پاشای جاف و خانمی وەسمان پاشا و بەگزادەکانی جاف. تەنانەت مامۆستا عەبدولقادری دەباغی پێی وابووە کە لە ژیاندا نەماوە، لێرەدا ئەو هەڵەیەمان ڕاست کردەوە بەپشت بەستن بەنووسینەکەی پیرەمێرد خۆی.

٣- مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵ دیسان لای وابووە کە پیرەمێرد شێخ ڕەزای نەبینیوە و شێخ ڕەزا بەم وەڵامەی پیرەمێردی نەزانیوە و دوای کۆچی دوایی ئەو واتە دوای ساڵی ١٩١٠ نووسراوە. چونکە مامۆستا خاڵ ئەم نووسینەی پیرەمێردی نەبینیوە.

٤- شایانی باسە پیرەمێرد هەموو بینینەکانی و هاتوچۆکردنی بۆ لای

پاشا و خانم و وەسمان پاشا پێش ڕۆیشتنی بووە بۆ تورکیا چونکە کاتێک کە پیرەمێرد لە تورکیا گەڕایەوە واتا ساڵی ١٩٢٥ کەس لەو زاتانە لە ژیاندا نەمابوو. وەسمان پاشا ١٩٠٩، مەحموود پاشا ١٩٢١ خانمی وەسمان پاشا -عادلە خان- ١٩٢٤ کۆچی دواییيان کردبوو.

### بەتەنقیدێکی ئەدەبیات هەندێ لە دیوانی شێخ ڕەزا ئەدوێین

نووسینی: پیرەمێرد

شیعر و شاعیری وەک بیستوومە زۆر کۆنە، ئێمە شارەزای یۆنانی قەدیم و ئەورووپا نین، تەنها ئەوەندە ئەزانین کە لە ئێراندا ئەڵێن شیعر لە (بارام گۆر)ەوە هاتووە کە وتوویە (منم ئەو شیرە ژیانە و منم ئەو فیلەیە) گوایە هەر واتەیەک کە بەپێوانە لە ئەندازەی یەکا دواییشیان یەک ئاهەنگ بووبێ ئەوە شیعر بووە. تا دەوڵەتی ساسانی کە (رودەکی) بەستەی شیعری خستۆتە تەرزێکی جوانەوە لەو ساوە شیعر لە برەودا بووە و هەموو پادشاهان زۆریان پێ خۆش بووە. عەرەبیش بەجاهیلییەوە تا پێغەمبەری خۆمان (دروودی پاکی یەزدانی لەسەر بێ) خەرقەی موبارەکی خۆی پێ بەخشیوە. چەندێک شیعریان کردۆتە سەرمایەی پارە پێ پچڕین و بەدگۆیی و بەزبان درێژی پیاوی گەورەیان ترساندن. ئەمەشیان ناو ناوە (هەجوو) -بەدگۆیی- لە ئێراندا هەجوو گەیشتە پایەیەک بۆ دەماخی خەڵک دەربارەی ژن و برا و کەسوکاری خۆیان ناساز و ناڕەوایان ئەگوت. لە سێ پێغەمبەرانی شوعەرای ئێران یەکێکیان ئەنوەرییە کە وتوویە:

انوری را زنیست زانیه
که ازو هەر که در جهان زانست
تاجهانست کیر در کس او
ای دریغا مە این جهان فانیست

ئەمە بەژنەکەی، دوای ئەوەیش بەکوڕ و کچەکەی ئەڵێ:

انور براست دختر و پسری
هر یکی بر خلاف اهل دعا



این یکی دست خود نهد بەزمین
وان دیگر پای خود کند بەهوا

ئینجا کە پێغەمبەری شیعر ئەمە بێ و پەیڕەوی بکرێ ئەبێ ئومەتەکەی چە بی؟! ئەم نەریتە ناهەموارە لە ئێراندا زۆر کاری کردە سەر پەروەش و ئەدەبیش و ئەو پەیڕەوییە زیاتر بۆ شێخ ڕەزای شاعیری وەهبی و ئیرتجالی مایەوە. ماڵی مایەی هونەری شێخ ڕەزای بەقوڕ گرت، شێخ ڕەزا گەوهەرێک و جەوهەرێکی هەبوو ئەتوانم بێ پەروا بڵێم نەک لە خاکی کوردستاندا سایەی ئەو لە جیهاندا بوو لە جیهاندا مانەندی نەبوو. جارێ هەرچی وتووە هی خۆیەتی، لە کەسی نەدزیوە. لە فارسیشدا شێوەیەکی بۆ خۆی داناوە دوای ئەو کەس نایگاتێ. بەڵام ئاخ هەمووی بەکەلکی (دنیا لەگیری) ئەنوەریدا خەرج کردووتەوە لە زیندەگانیشدا لەبەر ئەمە ڕەنجەڕۆ و سەرەڕۆ بووە. ئێستا لە بەختی ئەو ئەورووپایی شیعریان کردە فەن و ئەدەب و ناویان نا ئەدەبیات. لە کوڕەی زەمیندا لەناو هیچ میللەتێکدا ناوی دوو سەرەکاف لە هیچ لاپەڕەیەکدا نانووسرێ (حەتتا ئادابی موعاشەرەتی ئیجتماعی) شێوەی هەڵکردنی کۆمەڵە قانوونێکی وای داناوە هەر کەس لەکەیەکی ئاشکرای لەنگی و بەدنامیی پێوەبێ! تۆ پێی بڵێ ئەو خوەت هەیە باڕاستیش بێ، جەزایەکی قورسی هەیە. لەم دەوری ئەدەبەدا وەرن تەماشای دیوانی بکەن لە لاپەڕەی چوارەوە چەند ناموسی خانەدانی گەورە پایەماڵ کراوە یەکجار بەکۆمەڵ بۆ سەر کەرکووک و سلێمانی چی بێژراوە چە جای مام و برازا، فیچقەیەکی پیس کە بەهەموو سەوروچاوا هەڵپژابوو کەوتبووە ژێر پەردەی فەرامۆشییەوە. نازانم خزمانی بە چە هۆش و هەوەسێکەوە بەڵێنی چاپکردنیان دا.

وا چەند کەسێکی وەک من کە بەچاویلکەی کۆنە شایەری جوانی ئەبینن. ئەوانەی جوێنی پیس بەباوک و باپیریان دراوە بۆ ئەمەی بڵێن شیعرە چۆنیان لا خۆش ئەبێ. دریغ بۆ دەبدەبەی بڵندی شاعیریی شێخ ڕەزا کە ڕەوش و گەردشی زەمان شێواندی و ئەمەیش نەواندی باز شێخ ڕەزا هەر

لەو دیوانەدا شیعری وای هەیە ئەمەندە بڵندە پایەی شاعیری ئەو نانەوێنێ و هەمموو جنێوێکی پێ دەبەخشرێ. ئەمە ئەوا! ئەی لە چاپەکەی کە هەموو سەر و گوێلاکی شیعرە جوانەکانی شکاندووە. چی بڵێین، قەی ناکا، خوا حسابە، ڕادێین.

پیرەمێرد، ڕۆژنامەی ژیان، ژمارە ٤٤١ مایسی ١٩٣٥

٢٧٦

**شیعری شێخ ڕەزا بۆ شێخ سەعیدی حەفید و براکانی کاتێ چوون بۆ کەرکووک**

ئەم شیعرە پیرەمێرد لە فارسییەوە کردوویە بەکوردی:

مانگی ڕەمەزان تێپەڕی ئەوسا دەمی عیدە
هێشتا ڕەمەزانە کەچی عیدێکی سەعیدە
مەقسەد لەمە من وا کە دەڵێم جەژنە لەلامان
تەشریفی حەفیدێکی سەید شێخ سەعیدە
کەرکووک بەمە نازی هەیە ئەمڕۆ لە جیهانا
ئارامگەهی پڕ شەرەفی چوار حەفیدە[1]
سەد شوکر لە ڕۆژی دەوڵەتی دیداری عەزیزان
ساڵان دوو جەژنمان دەبوو ئەمساڵ سێ عیدە
جەبهە و جەبەیان نوور و سەعادەت ئەنوێنێ
نوورێکی سەعادەت لە سیادەتدا بەدیدە
ئێمە هەموومان خادمی ئەولادی نەبی بووین
چی بکەین ئەمە تەقدیری خوداوەندی مەجیدە
نیسبەتی دەردی ئالوودەیی ڕەزا ئێستا نییە[2]
هەر لە ڕۆژی ئەزەلەوە عاشق و دەروێش و موریدە

١- لە فارسییەکەدا سی حەفیدە.

٢- دوا بەیتم کرد بەکوردی بۆ تەواوکردنی شیعرەکە.



٢٧٧

**پێنج خشتەکیی پیرەمێرد لەسەر بەیتە شیعرێکی شێخ ڕەزا**

شێخێ بوو ڕەزا تیری قەزا بوو کەچی زوو مرد
عومرێکی لەگەڵ هەجووی کەسوکاری بەسەربرد
شعرێکی جناسی هەیە زۆر لایق و زۆر ورد
قوربانی پەلێکم کە پەلی هەمپەلی پەل کرد
خۆی و سەگەکەی هەردوو بەجارێ شەق و شەل کرد

٢٧٨

**لەنێوان شێخ ڕەزای تاڵەبانی و ئەمین فەیزی بەگدا**

**شیعرەکانی شێخ ڕەزا بۆ ئەمین فەیزی بەگ**

کە تەشریفی شەریفی هات ئەمین فەیزی بەمێوانی
لە عوهدەی شوکری دەرناچم مەگەر خۆم کەم بەقوربانی
بەخاتەم گەر سولەیمانی دەکرد وەک من ئەمین کەی بوو
نگینی من ئەمینیشە لە سای فەیزی سلێمانی

٢٧٩

**ئەم شیعرانەی خوارەوە لەلایەن مامۆستا محەمەد مستەفا حەمە بۆرەوە کراون بەکوردی**

چ کەرامەت، چ -خارق العادة-
جقلە چاتر لە کەوڵ و سوججادە
وتەیی من کەلک و هەم کورتە
بۆ بتی سادە بابەتی سادە
گەرچی ناتوانم لە زەوی رابم
هێند لەجەرم و زەبوون و ئوفتادە
گەر بڵێن پێم هەیە لە بەغدادا
سادە روویی لەتیف و بەگزادە

وەکو گەردی ئەڤینی دیداری
من بەسەرسەر کە ڕووم لە بەغدادە
ڕوو بەمزگەوت نەشیم بەدوو هەنگاو
بچمە مەیخانە توندم و ئامادە
مەشرەبم مەشرەبی ئەمین فەیزی
لە دوو گێتی کە هەردوو ئازادە
ئەی ڕەزا تا بەمەرگ بکە ڕەندی
ئەمەیە دەوڵەتی خودا دادە

٢٨٠

لای دانا لە ناوی -ئەمین فەیزی-دا
ئاشکرایە لە هونەری هیجادا
نیشانەیە بۆ یەکێتیی من و تۆ
لە ناوی نامیتا زیاد و کەمی کوا؟
بەئەبجەد بیژمێری لەگەڵ ڕەزادا

٢٨١

چ عەجایب کە بەبوونی تۆ بنازێ بەغداد
هەر بەبوونی تۆیە ئاسۆی دوو جهان ئیستعداد
زەررە بەو ناچیزیە تاجی ئەڤین دەفڕێنێ
گەر لە ڕای ڕۆشنی تۆ بێتو بکا ئیستمداد

٢٨٢

یاری من وا بۆ سەفەر پێی نایە ناو ماڵی ڕیکاب
خانەیی زینی موزەییەن کرد و خانەی من خەراب
خەڵکی خۆریان کاتی ئێوارە کە لێ ئاوا ئەبێ
من بەیانی زوو لە چاوانم کە ون بوو ئافتاب



٢٨٣

وام لێ هاتووە لە دووریی کاکە ئەمین
چەپ و ڕاستم نەزانم کامەن و چین
وا دەکا بەخت کە هەر نەبینمەوە یار
تا بخەندم بە زەمان و بە زەمین
چەند ئەرێژم بەیادی دووریی تۆ ئەشک
چەند ئەبم من لە دەوری تۆوە غەمگین
تا غەمێکم بەفێڵ کە چارە دەکەم
هی ترم سەر دەدەن کە چوونە کەمین
مەستی بادەم بە جامی فەیزی تۆوە
وەکو عیسا لە فەیز -روح الامین-
ساڵەهای درێژ هەر باقی بێ
بەسەلامەت ئەمینی ئێمە ئامین

٢٨٤

نیشتەجێ مومتاز و بۆ گەشتیش تۆ مومتاز هاتیەوە
ئەوەڵ و ئاخر ئەمین فەیزی تۆ مومتاز هاتیەوە

٢٨٥

ئوستادی قسە، پیری وتە، میری سوخەن تۆی
واتاگەری و ڕاهنومای تۆی و پەسەن تۆی
تۆی کانی کەمالاتی ئەمین فەیزی ئەفەندی
کۆگای ڕووش و جوانی حوسەینیش و حەسەن تۆی

٢٨٦

مەشرەبت خۆش و لەهجەت شیرینە
گەوهەرین، دەمتە، کان و گەنجینە

فیکری بیکرت کە بەینی بەینەڵڵا
تۆتیا و شیلەیی نیگارینە
تەختی بەلقیس و ڕایەخی جوانی
هەردوو بۆی مارەیی نیهانینە
ئەمە شیعر نییە، بۆ ناووبانگ بێ
ئەمە شیعر نییە، عوقدەی پەروینە
نیوە باڵێکی بیری -عطار-ە
کە عەجەب ئاودار و ڕەنگینە
چ عەجەب، گەر بڵێم لە تضمین-ی
هونەرێکی شیعر کە -تضمین-ە
چ بەواتە گران و سووک هەڵبەست
ئەمەیە سەهلی مومتەنیع بینە
تا بە-ضرب المثل- کەوا دەیڵێن
کە سەرەنجام دوعا هەر -ئامین-ە
خاترت شادبێ ئەمین فەیزی
چونکە دەریایی دانش و دینە
دوشمنت خاکسار و توونا بێ
ئەوە، ژێرکەوتی لەعن و نەفرینە
فەزڵ زاتی -ڕەزا- لە یەزدانە
نە لەوان شاعیرانی خودبینە

۲۸۷

ئەرێ ئەی هونەرمەند تۆ یاری قەدیمی
تۆی لە بۆ خوسرەوان شایانی نەدیمی
بەحیکمەت نامەکەت ڕازاندۆتەوە
لەوێدا کە تۆ وا دادوەری حەکیمی



لەوەوە ناوی بۆتە هەوای نەسیمی
کە گەشەی گیان ئەدا هەوای نەسیمی
بەدانش چ هاوتای ئەتۆم هەر نەدیوە
مەگەر جەوری فەرد و دوڕی یەتیمی
دەتەوێ سەفەرێ لە یەمەن دوورتر کە
ئەی ئەمین فەیزی تۆ لە دڵما موقیمی

۲۸۸

لە تۆوی خامەت و لەناو هەناوی قیرتاس
ئاکامی هێند بەنرخە گرانترن لە ئەڵماس
لە ڕووپەڕەی موعجیزەدا زۆری وەک مەریەم
لە باوەشیان ناوە منداڵی عیسەوی ئەنفاس
کار گەییە جێیە کەوا من تۆ ئەی ئەمین فەیزی
بکەم بەجبرائیلی ئەمین لە ڕوویی قیاس
هەزار ساڵ گەر بمێنی، ئەوە کەی عاجباتییە
بۆ شەر نین کە ئایا خدری زیندە و ئیلیاس
ڕابورد لەم وڵاتە عومری ڕەزا بەهەرزەیی
دەریا خۆ گوناهی و بەگەردی پووچە ئیفلاس

۲۸۹

**ئەمین فەیزی لە یاد و بیرکردنی شێخ ڕەزادا ئەم شیعرەی وەک نامە بۆ ناردووە، شیعرەکە کوردییە:**

دڵ لە عەشق و دەردی دووریی تۆ خەریکی بیانووە
مەوسیمی بۆس و کەناری نێوچەوان و زانووە
عەینی داری گەندەڵە جەستەم لەبەر ناری فیراق
بۆ سەعاتی دیدەنیت پڕ سکڵە هەروەک کوانووە

با له کـەعــبـەش بم دڵم هەر مـائیلی بتـخـانەیە
بۆ بۆنی ڕووت مـــورغ ئاســـا چاوەچاوی دانووە
تەعنی ناهەق نارەوایە وام لەسـەر عـەهدی قـەدیم
وا لە کن تۆ و تۆی تیـا ، دڵ ئیکە نەم دۆڕاندووە
من لە فەیزی تۆوەیە بەم میحنەتەش هێشتا ڕەزام
بۆتە سـەربارم گلەت جــەرگ و دڵمی برژاندووە

٢٩٠

**چوارینەیەکی کوردی سێ دێڕیی ئەمین فەیزییە و**
**چوارەمی شێخ ڕەزا تەواوی کردووە**

مـەگـەر وەقـتێ مـورادی من بەجێ بێ
خــرینگەی پاوانەی زیوی خــەجێ بێ
ئەوەندەم گوت ڕەزا دەردەستکە فەرمووی
بلێ فــەیزی لە جێ بێت و لە جێ بێ

٢٩١

**شیعرێکی یەک بەیتیی تورکی**
**نیوەدێڕی یەکەمی شێخ ڕەزایە و نیوەی دووەمی ئەمین فەیزی**

دەوڵەتن سادقـەسی چوق یەشـە پاشـا
کیمسـە الماز سەنە مانند معادل حاشا

واتا: هەر بژی ئەی پاشا بۆ خۆت و ڕاستی و دڵسۆزیت بۆ دەوڵەت، کەس نییە کە ببێ بەوێنە و هاوتای نییە لەم دڵسۆزییەدا.

٢٩٢

**ئەم بەیتە فارسییەش بەهەمان شێوەی شیعری پێشوو**

انتظام همـه عـالم به انتظام العلمـاست
این سخن مظهر تصدیق جمیع حکماست

واتا: ڕێکی هەمـوو جیـهـانیـیـان بەجەنابی -نظام العلما- وەیە ئەم قسەیە جێی بڕوای هەموو تێگەیشتوویەکە.



٢٩٣

**چوارینەیەکی ئەمین فەیزی بەگ بەتورکی کە بۆ شێخ ڕەزای ناردووە سوپاسی ئەکات بۆ ئەو شیعرانەی بۆی ناردبوو**

واصل اولدی دستـمـه اشـعـارکـز
پک گـوزلدر طوغـریسی افکارکز
غـرق نور مـفـخرت اولدق اوگـون
چوق شکر بو عـبـد بی مـقـدارکـز

واتا: شیعرەکانتان گەیشتە دەستم. بیرەکانتان لە ڕاستیدا زۆر جوانن ئیـمـڕۆ نوقـمی ڕووناکـیی شـانازی بووین، زۆر سـوپاس لە بەندەوە سوپاسێکی بێ پایان.

**ڕوونکردنەوەیەکی پێویست**

بەشێوەیەکی گشتی هەتا ئێستا خوێنەرانی شیعری شێخ ڕەزا وا دەزانن موفتی لە شیعری شێخ ڕەزادا موفتی زەهاوییە، تەنانەت جیاوازیش ناکرێ لە نێوان موفتی زەهاوی و زەهاوی زادە و جەمیل صدقی زەهاوی، کە ئەم ناوانە لە شیعرەکانی شێخ ڕەزادا هاتوون. واتا هەرچی وتووە بۆ موفتی زەهاوی، جەمیل صدقی زەهاوی، موفتی، لێرەدا بەپێویستم زانی ئەمە ڕوون بکەمەوە چونکە ئەوەندەی مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵ کاری لە دیوانی شێخ ڕەزادا کردووە بەلای ئەمەدا نەچووە و سەرنجی لەبارەیەوە نەنووسیوە.

١- محەمەد فەیزی زەهاوی، واتا زەهاوی یا (أبو جەمیل) یا موفتی لە ساڵی ١٢٠٨ی کۆچی واتا ١٧٩٠ی زایینی لە زەهاو لەدایک بووە. دوای چەند ساڵێک بەخێزانەوە هاتوونەتە سلێمانی. محەمەد فەیزی زەهاوی لە سەرەتای خوێندندا (فقه) و (منطق) لای شێخ عەبدوڵڵای خرپانی و شێخ محەمەد سەعیدی نۆدێیی دەخوێنێ. لە پلەی خوێندندا زۆر زوو پێش دەکەوێ هەتا دەگاتە پلەی موفتیی بەغداد لە ساڵی ١٢٧٠ی کۆچی واتا

ساڵی ١٨٢٥ی زایینی. کە بەفەرمانی والیی دەوڵەتی عوسمانی نامق پاشا دەکرێت بەوالی بەغدا.

ساڵی ١٣٠٨ی کۆچی کە دەکاتە ساڵی ١٨٩٠ زاینی لە بەغدا کۆچی دواییی کردووە و سەد ساڵ ژیاوە. یازدە کوڕی هەبوون کە بەناوبانگترینیان جەمیل بووە واتا جەمیل صدقی زەهاوی ئەم وشەی صدقییە ناوی باوکی نییە بەڵکو نازناوە.

جەمیل ساڵی ١٨٦٣ی زایینی لە بەغدا لەدایک بووە، پلەی خوێندنی لەوێ تەواو کردووە و دوو جار چووە بۆ تورکیا و ئەستەموڵ لەوێوە سەردانی میسری کردووە، پلەوپایە و ناوبانگێکی مەزنی هەبووە، ساڵی ١٩٢٥ بووە بەئەندامی ئەنجوومەنی ئەعیانی بەغدا، لە ساڵی ١٩٣٥ لە تەمەنی ٧٢ ساڵیدا لە بەغدا کۆچی دواییی کردووە و لەوێ لە گۆڕستانی (الامام الاعظم) بەخاک سپێردراوە.

نابێ ئەوەشمان لە یاد بچێت کە بنەماڵەی جەمیل صدقی زەهاوی دەچێتەوە سەر فەقێ ئەحمەدی دارەشمانە ئەویش بەم جۆرە جەمیل صدقی کوڕی موفتی، محەمەدی فەیزی زەهاوی کوڕی ئەحمەد کوڕی حەسەن بەگی کوڕی ڕۆستەم بەگی کوڕی خەسرەو بەگی کوڕی میر بابا سلێمان کوڕی فەقێ ئەحمەدی دارەشمانە.

مایەوە سەر ئەوەی کە ناوی موفتییەکی تریش لە شیعرەکانی شێخ ڕەزادا هاتووە، ئەویش خەڵکی کەرکوک بووە و ناوی موفتی دەروێش ئەفەندیی کەرکووکە. کە شێخ ڕەزا پێش ئەوەی بچێ لە بەغدا دابنیشێ، واتا پێش ساڵی ١٩٠٠ی زایینی هەر لە سەرەتای تەمەنیەوە نزیکی و تێکەڵیی هەبووە لەگەڵ موفتی دەروێش ئەفەندیی کەرکووک. لە دیوانی شێخ ڕەزادا لە سەرجەم شیعرەکانی ئەم دیوانەدا تەنها دوو بەیت شیعرم دۆزییەوە کە شێخ ڕەزا هەجوی موفتی دەروێش ئەفەندیی کەرکووکیی کردووە. بەڵام بەداخەوە ساڵی لە دایکبوون و کۆچی دواییی ئەم موفتییە نەزانراوە و سەردەمەکەش ئەوەندە دوور نییە کە نەزانرێ، لێرەدا



بەپێویستی دەزانم کە نووسینێکی مامۆستا جەمال خەزنەدار نیشان بدەین کە سەبارەت بەموفتی دەروێش ئەفەندیی کەرکووک و شیعری (ماڵی موفتی لەم بەری)ە کە شێخ ڕەزا نووسیویە (شێخ ڕەزا لەسەر داوای شێخ عەلی کاکی لە ساڵی ١٣١٨ی کۆچی بەرامبەر بەساڵی ١٩٠٠ زایینی هاتە بەغدا، لە پێش هاتنی بۆ بەغدا ئاشنایی و دۆستایەتیی لەگەڵ موفتی زەهاویدا نەبووە. لە پێش ئەم هاتن بۆ بەغدایەی، هیچ شیعرێک لە شێخ ڕەزا نەبیستراوە دەربارەی موفتی زەهاوی، چ بەهەڵنان و چ بەداشۆرین نەکەوتۆتە سەر زمانی هاودەمەکانی و تەنها لە دوورەوە ناوبانگی بیستووە کە لە شیعری هەجووی کاکەیی ناوی لەگەڵ زانایان مەلای چاومار و شێخ عەلی تاڵەبانیدا هێناوە.

ئەم شیعرەی شێخ ڕەزا:

ماڵی موفتی لەم بەرە مەعلوومە قازیش لەوبەرە
من فەقیرم کێ دەزانێ لەم بەرم یا لەو بەرم

بەسەر زمانی دانیشتووانی گەڕەکەوە بووە.

شاری کەرکوک، ڕووباری خاسە دەیکات بەدوو بەرەوە، بەری قۆرییە کە دەکەوێتە دەستی ڕۆژئاوای ڕووبارەکە و بەری ئیمام قاسم کە دەکەوێتە دەستی ڕۆژهەڵاتییەوە (بەری قەڵا). ماڵی موفتی دەروێش ئەفەندی لە گەڕەکی حەلواچییەکانی بەری ئیمام قاسم بووە و ماڵی قازی و زۆربەی کاربەدەستەکانی حکومەتی دەوری عوسمانی دەکەونە بەری قۆرییە کە سەرا و دادگا و قشڵەی سەربازیی لێ بوو. ڕۆژێک لە دیوەخانی موفتی دەروێش ئەفەندی، موفتی و قازی باسی شێخانی تاڵەبانی دەکەن، کە لە دێی تاڵەبانییەوە هاتوونەتە کەرکوک، موفتی دەڵێ: بەدەفێک و کەوچکە شۆربایەک هەموو کەرکووکیان ڕاکێشاوەتە لای خۆیان، بەم قسەیە ڕقەبەری دەکەوێتە نێوان بنەماڵەی موفتی و شێخانی تاڵەبانی، لە کوڕەکانی شێخ عەلی، شێخ محەمەد عەلی و شێخ ڕەئوفیان بەدەسەڵات بوون و چەند کوتەک بەدەستی بەر تەکیە دەنێرن هەموویان تێ هەڵدەدەن و

دیوەخان بەموفتی هەڵدەگرن. شێخ ڕەزاش زمانی بۆیان دێنێتە کار و بەرامبەر بەو هێرشەی موفتی و قازی بەسەر شێخانی تاڵەبانی دەیەوێ لە یەکێکیان بەرێ و ئەم شیعرەی وتووە، لە پێش ئەوەی بێتە بەغدا بەسەر زمانی دەیان کەسەوە بووە.

شێخ ڕەزا لە چەند شیعرێکی تریدا هەجووی موفتی دەروێش ئەفەندی کردووە وەکو ئەو شیعرەی کە بەتەوسەوە لە بابەت گرتن و بەندکردنی موفتییەوە بەتورکی دەڵێ:

تحت توقيفه الندی قوی النسون کیرەته
خلقی ئەیچون چاهی قزان چاهه دوشر البته
................. هتد

واتە: خرایە بەندیخانەوە با بخرێ ئەو کەرەتەیە، ئەوەی چاڵ بۆ خەڵک هەڵکەنێ خۆی تێی دەکەوێ. دیارە دەروێش ئەفەندیی موفتی پیاوێکی دانا و زیرەک و دەستکراوە بوو. دەسەڵات و پێوەندیی شێخانی تاڵەبانی لە کەرکووکدا بەهۆی پێوەندیی ئایینی و نان و خوانیانەوەی داناوە. ئەمیش بۆ ڕقەبەری لەگەڵ ئەواندا سفرە و خوانی ڕێک خستووە و بەهەمەجۆر خواردەمەنی ڕازاندۆتەوە و خەڵکی لە خۆی کۆکردۆتەوە، شێخ ڕەزا لە مەبەستی موفتی گەیشتووە و دەڵێ:

یەکتری دەعوەت ئەکەن ئەهلی دیانەت بەقوزی
کوڕی موفتی بەقنگی، خانمی دایکی بەقوزی

ئەمە ڕاستییەکەی ئەم بەر و ئەوبەری شیعرەکەی شێخ ڕەزایە.

٢٩٤

**شیعرەکانی شێخ ڕەزا لە هەجوی موفتی دەروێش ئەفەندیی کەرکووک**

یەکتری دەعوەت ئەکەن ئەهلی دیانەت بەقوزی
کوڕی موفتی بەقنگی، خانمی دایکی بەقوزی



٢٩٥

ماڵی موفتی لەم بەرە، مەعلوومە قازیش لەوبەرە
من فەقیرم کێ دەزانێ لەم بەرم یا لەوبەرم

٢٩٦

تحتی توقیفە ئالندی قوی ئالونسون کێرەتە
خەلقی ئەیچون چاهی قزان چاهە دوشەر ئەلبەتە
حەبسە ئیقافە دیمەک بەصرەدەن سورمەک
بەصرەدەن بومبەیە مین بومبە ئیلا کەلکەتە
ناسە عیبرت ئولیور ئیتمەلیدر وقعە نویس
تەرەس تەرجەمەیی حالنی ثەبتی غەزەتە
ئاه چ خۆشە بەچەقۆ گوێی لە بنا خشت ببڕن
ریشی قوت کەن بەمەقەس بیکەنە مەیموونە قوتە
بەدەف و دائیرە و زەمزەمەوە دووی بکەون
لێ بدەن چەپڵە بڵێن بێنەوە کوڕگەل ئەمەتە

٢٩٧

**شیعری شێخ ڕەزا لە ستایشی موفتیی زەهاویدا**

ئەی مادەری گێتی تۆ هەتا ئێستا نەزاوی
زاتێکی وەکو فەیزی ئەفەندی زەهاوی

٢٩٨

مومکین نییە ئیدراکی حەقایق بەتەواوی
مومکین نییە ئیدراکی نەکا زیهنی زەهاوی

٢٩٩

**شیعری شێخ ڕەزا لە هەجوی جەمیل صدقی زەهاویی کوڕی موفتی زەهاوی**

حەیزی کوزی حیز و درزی فەیروزە گواوی
مەعجونی خەنە و وسمەیە بۆ ڕیشی زەهاوی

٣٠٠

پێم مەڵێن ئەم دوو ژنەت بۆ چییە ئەی شێخ ڕەزا
شوکری بۆ تەسک و تروسکی و جەمیل بۆ سک و زا

٣٠١

**هەجووی شێخ ڕەزا بەعەرەبی بۆ جەمیل صدقی زەهاوی**

اقول قولاً ليس فيه أفترا
أمّ جميل اولدته من ورا
ان لم تصدّق قولي أما ترا
في وجهه المصغّر آثار الخرا

٣٠٢

**شیعری شێخ ڕەزا بۆ ابو جەمیل**

**باوکی جەمیل صدقی زەهاوی واتا موفتی فەیزی زەهاوی**

قبل الموت قال (ابو جميل)
لزوجته اصبری صبرا جميلا
فلم تصبر على الفحشاء يوما
وقد جعلت سبيلها سبيلا

٣٠٣

**وەڵامی جەمیل صدقی زەهاوی بۆ شێخ ڕەزا**

هجانا رضا من غير داع لهجونا
كذاك كلاب الحي بالطبع تنبح



٣٠٤

**هەجووی موفتی زەهاوی بەکوردی بۆ شێخ ڕەزا**

بۆ خۆی موقەدیم، تاڵەبان تاڵی
ڕەفع و وەزعیان لە ئینتاج خاڵی
گەر ئەڵێی چییە ئەو کێرە سیسە
پێی باوەڕ مەکە ئەلفی تەئنیسە

لەم دیوانەدا ناوی چەند کەسایەتی ناسراو لە شیعرەکانی شێخ ڕەزادا گەلێ جار دووبارە دەبنەوە و گرنگی تایبەتی خۆیان هەیە لە ژیانی شێخ ڕەزا دا، ئەوانەش بریتین لە:

١- ئەمین فەیزی.

٢- شوکری فەزڵی.

٣- شێخ سەعیدی حەفید.

٤- مەحمود پاشای جاف.

٥- محەمەد پاشای جاف.

٦- موفتی زەهاوی.

٧- جەمیل صدقی زەهاوی.

٨- موفتی دەروێش ئەفەندیی کەرکووک.

٩- دکتۆر حوسێن ئەفەندیی باباجان.

١٠- سوڵتان عەبدولحەمید.

١١- ناسرەدین شا.

١٢- ڕەفیق ئەفەندیی خادیمولسەجادە.

١٣- حاجی عەبدوڵڵای جەلی زادە.

١٤- ئەحمەد پاشای بابان.

١٥- عادلە خانی خێزانی وەسمان پاشای جاف - خانمی وەسمان پاشا.

١٦- شێخانی نەقشبەندیی تەوێڵە و بیارە و هەورامان بەتایبەتی شێخ عومەر و شێخ حیسامەدین.

١٧- حەسەن کەنۆش.

١٨- تاڵەبان - لە هەندێ شوێنی ئەم دیوانەدا کەم و زۆر باسی هەندێک لەم ناوانەمان کردووە. ئەوەی پێویست بێت بەکورتی باسی چەند ناوێکیان ئەنووسین بەتایبەتی ئەمین فەیزی و شوکری فەزڵی.



## ئەمین فەیزی کێیە؟

### مامۆستا: ئەحمەد تاقانە

ئەمین فەیزی یان محەمەد ئەمین فەیزی بەگ کوڕی دەروێش عەبدولقادر ئاغای خەڵکی سلێمانییە، ساڵی ١٨٦٢ی زایینی لە شاری سلێمانی هاتۆتە دنیاوە. خۆی ناوی محەمەد ئەمینە، فەیزی نازناوە بۆ خۆی داناوە، بەگ لە ناوی سەربازی و پلەی بەرزی ئەوەوە هاتووە، ئەگینا بەگزادە نییە، باوکی ناوی قادر ئاغایە بەدەروێش قادر ناسراوە.

ئەمین فەیزی لە پێشدا سەرەتایی و ڕوشدییەی خوێندووە ئینجا نێرراوەتە بەغدا و لە ئامادەیی عەسکەریدا ناونووس کراوە. دوای وەرگرتنی بڕوانامە چووەتە ئەستەموڵ و لە بەشی هەندەسەی تۆپخانەدا وەرگیراوە. لە ٢٠ی حوزەیرانی ١٨٨٣ی زایینیدا بڕوانامەی پایەی مولازم ئەووەلی وەرگرتووە. لەو ماوەیەدا کە بۆ سەردان چۆتە بەغدا لە ڕوشدیەی مولکیدا بۆتە مامۆستای وانەی ژمارە و جوگرافیا. لە ٢ی مایسی ١٨٨٦ی زایینی بۆتە یوزباشی، ماوەیەک لە بەشی حەربیدا وەکو مامۆستایەک خزمەتی کردووە، ئینجا لە ئامادەیی قولەلیدا بووەتە مامۆستای خۆشنووسی. لەسەر داواکردنی پێشنیازی ڕەجەب پاشای سەرکردەی لەشکری شەشەم، لە ١٤ی نیسانی ١٨٩٢ بەپایەی قۆڵ ئاغاسی، لە ڕوشدییەی عەسکەری بەغدادا بۆتە بەڕێوەبەر و دیسان لەسەر داواکردنی ناوبراو کراوە بەبینباشی ئاڵای تۆپچی بەغدا خوێندنگەی ئامادەیی و ڕوشدییەی بۆ ماوەی ساڵێکی تریش بەڕێوەبرد و لە ٢٨ی تشرینی یەکەمی ١٩٠٤ی زایینیدا لە بەغداوە بەڕێی هندستانەوە بۆ حەجکردن بەرەو حیجاز ڕێی گرتۆتەبەر و حەجی کردووە.

لە ٣١ی ئابی ١٩٠٨ بووەتە قایمقام، بەینێکیش لە سلێمانی قوماندانی لیوا بووە. میر ئاڵایی تۆپچی بەرزترین پلە بووە لە لەشکری عوسمانیدا پێی گەیشتبێ. لە ئەنجامی ئەوەدا کە تاوانی خۆ بەئەدەبیات و ماتماتیکەوە خەریک کردن و کار و فەرمانی مووچەخۆریی پشتگوێ خستنی دراوەتە پاڵ، لە کار خراوە. لە ١١ی مایسی ١٩١٣ی زایینیدا خانەنشین کرا. بۆ دیتنی وڵاتە پێشکەوتووەکان و بۆ چارەسەری نەخۆشی چووەتە ڤیەننا و پاریس. لە بەرپابوونی جەنگی جیهانی یەکەمدا لە ١٣ی ئابی ١٩١٤ گەڕاوەتەوە ئەستەموڵ پاش ماوەیەک ڕێی حەڵەبی گرتۆتەبەر و چووە بۆ موسڵ. لە موسڵدا فەرمانی بۆ دەرچووە کە لەو کتێبخانەیە بکۆڵێتەوە کە هی پاپاسە فەرەنسییەکان بوو. پاپاسە واتە: پیاوە ئایینییە مەسیحییەکان لەگەڵ دوو سێ کەسی

تردا چوار مانگ کاری تیا کردووە. دوایی چۆتە حەڵەب، مامۆستا ڕەفیق حیلمی لە ساڵی ١٩١٥ لە حەڵەب دیویەتی. لە ٦ی مایسی ساڵی ١٩٢٩دا لە (پەککەوتنخانە)ی ئەستەموڵ مردووە. لە بەشی خوارووی ئۆک مەیدانەی قاسم پاشادا و لەلای تەکیە نێژراوە. ئەم شیعرەی لە بارەی ڕۆژانی ڕەشی دوایی ژیانی نووسیوە.

سینە سوزان، دلفروزان، کوچە کوچە دەربەدەر

کس مبادا همچو من اوراه از دار و دیار

واتە: سینە سووتاو و دڵ ئایساو کۆڵانە و کۆڵان دەربەدەرم کەس وەکو منی ئاوارە و دوور لە شوێن و خانەی خۆی لێ نەیەت.

**بەرهەمە چاپکراوەکانی ئەمین فەیزی بەگ**

١- هوای نەسیمی - باسی هەوا ئەکات لەلایەن کاریگەری کیمیایی و تەندروستی و هەندێک لایەنی دیکە.

٢- اجمال نتائج - کورتەی دە هونەری ماتماتیک دەگرێتەوە.

٣- شعاعات - کۆمەڵە شیعرە.

٤- ئەسەری حەیاتی فەیزی - ژیننامەی خۆیەتی.

٥- تفرقەی ریاضة - هەندێک دەستووری زانستی جەبر دەگرێتەوە.

**بەرهەمە چاپ نەکراوەکانی**

١- تۆپچو جزدانی - لە بارەی تەقاندن، ئاگرکردنەوە بەچەک و تاکتیکی جەنگەوە.

٢- حیوانات مائیة: لە بارەی هەندێک گیانداری ئاوییەوەیە.

٣- علم ارادە - لە بارەی بەڵگەی هونەری و ژیریی ڕێبازی ماتریالییەکان و بەرپەرچدانەوەیانە.

٤- ئەنجومەنی ئەدیبان - بەکوردییە. بەرهەمی پانزە شاعیری کوردی هەڵبژاردەی تیا کۆکردۆتەوە.

٥- شون کردستان -بەتورکییە- لە بارەی باری مێژوویی کوردستان و حوکمداریێتی بابانەوەیە.

سەرنجی من ئومێد لە بارەی ئەمین فەیزی ئەوەیە کە تەنیا کەسێک کە شێخ ڕەزا هیچ شیعرێکی یا بەیتێکی هەجووی بۆ نەوتووە تەنها ئەمین فەیزی بووە. تەنانەت لە هەندێ بەیت و شیعردا هەجووی بابان و سادات و گەلێ شێخ و مەلا و تیرە و بنەماڵەی ناوداری کردووە.



**شوکری فەزڵی**: شاعیر و ئەدیب و ڕۆژنامەنووسی کورد شوکری کوڕی مەحموود ئاغای کوڕی ئەحمەد ئاغایە، لە گەڕەکی فەزڵی شاری بەغدا لەدایک بووە، ساڵی ١٨٨٢ی زایینی خوێندنی سەرەتایی و باڵای بەقۆناغی قوتابخانەی خۆماڵی حوجرە و مزگەوت و قوتابخانە میرییەکاندا دابەش بووە. هاوتەمەنی خوێندنی شێخ مەحمودی حەفید بووە. شوکری فەزڵی یەکێکە لە شاعیرە بەناوبانگەکانی ئەدەبی کوردی، نووسەر و ئەدیبێکی سەرکەوتوو بووە و شیعر و نووسینی بەچوار زمان هەیە: کوردی، عەرەبی، فارسی، تورکی، لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ئەو سەردەمەدا بڵاوی کردوونەوە، سەرنووسەر و ڕاپەڕێنەری ڕۆژنامەی تێگەیشتنی ڕاستی بووە کە گیانی نەتەوایەتی و ئەدەب و ڕۆشنبیری کوردی بڵاو ئەکردەوە.

گەلێ بیروڕا هەیە سەبارەت بەکۆچی دوایی، بەڵام بەلای منەوە لە مانگی ٥ی ساڵی ١٩٢٦دا کۆچی دوایی کردووە. چونکە ڕۆژنامەی (الفضیلة) کە لە بەغدا دەرچووە لە ٢٧ی حوزەیرانی ١٩٢٦دا باسی چلەی کۆچی دواییەکەی ئەکات. بەم پێیە ئەگەر چل ڕۆژ پێش ٢٧ی حوزەیران کۆچی کردبێت، ئەبێ لە مانگی مایسی ساڵی ١٩٢٦دا کۆچی دوایی کردبێت. ناکۆکی و شەڕە شیعری شێخ ڕەزا و شوکری فەزڵی چەپکێ شیعری نەمری هەجووی بەخشییە ئەو لایەنە هەژارەی ئەدەبیاتی کوردی.

**شێخ سەعیدی حەفید**: کوڕی شێخ محەمەدی کوڕی حاجی کاک ئەحمەدی شێخ ١٧٩٢-١٨٨٩ کوڕی شێخ مارفی نۆدێییە ١٧٤٦-١٨٣٤، شێخ سەعید ساڵی ١٨٤٧ی زایینی لە گەڕەکی شێخانی شاری سلێمانی لەدایک بووە. سەرەتا لە مزگەوتی گەورەی سلێمانی دەست دەکات بەخوێندن. ساڵی ١٩٠١ی زایینی لەگەڵ هەندێ زانا و ناودارانی سلێمانی ڕێگەی حەج دەگرێتەبەر، لە ساڵی ١٩٠٨ی زایینی سەرلەنوێ لەسەر داخوازی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم کە تازە کۆمەڵی -اتحاد و تەرەقی-ی دامەزرابوو بۆ ئەستەموڵ بانگ ئەکرێتەوە و بۆ ئەوێ ئەڕواتەوە. هەر لەهەمان ساڵدا ١٩٠٨ ئەیەوێ بەڕێگای موسڵدا بگەڕێتەوە، شۆڤینییە عەرەبەکان پیلانێک ساز ئەکەن و شێخ سەعیدی حەفید و شێخ ئەحمەدی کوڕی و چەند هاوڕێیەکیان شەهید دەکرێن. شیعرە بەناوبانگەکەی بۆ شێخ مستەفای نەقیب و برای وتووە نموونەی بەرزی شاعیریەتی ئەون. شایانی باسە هونەرمەندی خوالێخۆشبوو -ڕەفیق چالاک- بەدەنگە بەسۆزەکەی ئەم شیعرەی وتووە و تۆمار کراوە.

**حەسەن کەنۆش**: شاعیرێکی بەبەهرە و ڕۆشنبیر و لە دەوروبەری سلێمانی ژیاوە. ڕا وایە لە تیرەی خانچییە. ئەم تیرەیەش بەبنەڕەت ڕەسەنی لە عەشیرەتی زەنگەنەیە. هەندێ

دەڵێن لە عێلی جافە و هەندێ دەڵێن لە عەشیرەتی دەلۆیە. شاعیر خۆی ئەمەی دووپات کردۆتەوە لە هەندێ لە هەڵبەستەکانیدا. نازناوی شیعری میرزا حەسەن جنونییە، بەم نازناوەش لەناو عەشیرەتەکەیدا ناسراوە. ئەوەی جێی داخە کە زۆر شارەزاییمان لە سەرگوزەشتەی ژیانی نییە بەڵام هاوچەرخی محەمەد پاشای جاف بووە و چەند هەڵبەستێکی پیاهەڵداوە. دیسانەوە لەگەڵ شاعیری داودە مەحاک شەڕە شیعریان بووە. مەحاک ناوی مەحمود و کوڕی ئەحمەدە و لە ڕەچەڵەکدا زەنگەنەیە بەڵام بەداودە بەناوبانگە، حەسەن کەنۆش لە ساڵی ١٣١٤ کۆچی دوایی کردووە، واتە لە دەوروبەری ساڵانی ١٨٩٥دا.

**تاڵەبان:** خۆی دێیەکی بچووکە ئەکەوێتە پشت ڕووباری باسەڕەوە لە ناوچەی چەمچەماڵدا شێخەکانی تاڵەبانی لەم دێیەوە هاتوون و بەرەگەز و بنەچە ئەچنەوە سەر مەلا مەحمودی زەنگەنە. ئێستا شێخەکانی تاڵەبانی لە ناوچەکانی کەرکوک و سلێمانی و هەولێر و کفری و خانەقین و قادرکەرەم و طاوغ و قەرەحەسەن و کۆیەدا هەن.

**کەمال بەگ:** مەبەستی لە نامیق کەماله شاعیری نیشتمانپەروەری گەورەی تورکە. لە ساڵی ١٨٤٠ی زایینی لە شاری تیکرداغ هاتۆتە دنیاوە. ئەم شاعیرە زۆر بەمەردانە و ئازایەتی دژی ڕژێمی دواکەوتووی عوسمانی ڕاوەستابوو. بۆیە زۆر جار دوورخرایەوە لە ئەستەمۆڵ بەڵام لە ڕێبازی نیشتمانپەروەری خۆی هەرگیز لای نەئەدا. نامیق کەمال جگە لەوەی شاعیر بوو خەریکی ڕۆژنامەگەریش بووە هەروەها دەستی کردووە بەنووسینی چیرۆک و شانۆگەری. لە ساڵی ١٨٨٢ی زایینیدا کۆچی دوایی کردووە و لەسەر وەسیەتی خۆی لە بۆلایر نێژراوە.

**کوردی:** ناوی مستەفا و کوڕی مەحمود بەگی کوڕی ئەحمەد بەگی ساحێبقڕانە - لە ساڵی ١٢٢٧ی کۆچی ١٨١٢ی زایینی لە شاری سلێمانی هاتۆتە دنیاوە، هەر لە سلێمانی خراوەتە بەرخوێندن و لە پاشا هەندێ خوێندنی زانیاری ئیسلامیشی لە حوجرەی فەقێیان خوێندووە. مستەفا بەگ ئەدیبێکی پایەبەرز و شاعیرێکی شیعر ڕەوان بووە. زمان و ئەدەبیاتی فارسی چاک زانیوە لە عەرەبی و تورکیشدا دەستی هەبووە. دوو نازناوی شیعری بۆ خۆی هەڵبژاردووە. یەکەمیان کوردی و دووەمیان هیجرییە. کوردی بەچاوێکی بەرزەوە سەیر کراوە لەلایەن شاعیرانی کوردەوە، حاجی قادری کۆیی کە باسی - کوردی دەکا دەڵێ:



شەهسواری بەلاغەتی کوردان
یەکە تازی فەصاحەتی بابان
مستەفایە تەخەللوسی کوردی
غەزەلی کردە بەربوتی کوردی

**شێخ عوسمانی تەوێڵە:** ناوبانگی بەشێخی (سیراجەدین) دەرکردووە، یەکێکە لە خەلیفەکانی مەولانا خالیدی نەقشبەندی ساڵی ١١٨٩ی کۆچی لە تەوێڵە هاتۆتە دنیاوە. زۆربەی ڕۆژگاری ژیانی لە ڕێگای نەقشبەندی و ئامۆژگاری و ڕێگا نانەبەر خەڵک ڕابواردووە. ساڵی ١٢٨٤ فەرمانی یەزدانی بەجێ هێناوە و هەر لە تەوێڵە نێژراوە.

**حافز:** ٧٢٦ک-٧٩١ک: خواجە شەمسەدین محەمەدی کوڕی بەهائەدین شیرازی، لە بنەڕەتا خەڵقی مەلایری لوڕستان بوون و چووبوونە شیراز و لای ئەتابەگەکان ڕێزیان هەبوو، گەرچی بەهائەدین لە سەرەتادا زۆر دەوڵەمەند بوو بەڵام پاشان هەژار کەوت و بەدەستەنگی حافزی پێگەیاند. حافزی بلیمەت لەبەرئەوەی قورئان و هەزار حەدیسی لەبەر بوو. نازناوی حافزی هەبوو. لەگەڵ ئەمیرانی ئینجو و ئال موزەفەر هاودەم بوو. هەڵبەستی زۆری دەربارەیان هەیە. گۆڕی لە شیرازە و لە باغێکی زۆر شیرین و ڕەنگیندا نێژراوە.

**خالصی:** محەمەد خالصی کوڕی شێخ ڕەزای تاڵەبانییە. شاعیرێکی بەهێز بووە. لە سەردەمی پادشایەتی شێخ مەحمودی حەفید قایمقامی ڕانیە بووە. پاش گەڕانەوەی بۆ کەرکوک ساڵی ١٩٢٠ی ز کۆچی دوایی کردووە. هەروەها باوکی شێخ ڕەزای تاڵەبانی شێخ عەبدوڕەحمان دیسان نازناوی خالص بووە.

**گردی سەیوان:** قەبرستانێکی بەناوبانگی سلێمانییە کە زۆربەی کەسایەتییە بەناوبانگەکانی لەوێ نێژراون.

**کانی ئاسکان:** ناوی یەکێ لە گەڕەکە دێرینەکانی سلێمانییە.

**عەجەم:** مەبەست لە ئێرانییەکانە.

**ئالی عوسمان:** عوسمانییەکان، دەوڵەتی عوسمانی.

**ڕۆم:** ڕۆمییان.

**قاپی سەرا:** دەرگای سەرای سلێمانی، سەرای ناوەڕاستی سلێمانی.

بەزەربە و حـەملەییـیـە بەغـدای تەخسـیـر کـرد و تێی هەڵدا
سلێـــمـــانی زەمـــان، ڕاســـتت دەوێ، بـاوکی سلێـــمـــان بوو

مەبەست لە باوکی سلێمان، عەبدولڕەحمان پاشای بابانە کە توانی بەهێرشی لەشکری کورد شاری بەغدا داگیر بکات و ماوەیەک تیایدا بمێنێتەوە.

**کەیوان:** ئەستێرەی زوحەل.

**پەلۆش:** گیایەکی کۆتەرە و وشک و بێ فەڕە.

**جەنجەلووت:** عیلمی جەنجەلووت هەندێ وتەی بێ فەڕ و بێ سەر و پایە، جادووگەرەکان بەکاری ئەهێنن وەک خەملیت و شەملیت و پەلیت یا خەبەرتوت و حەبەرتوت و شەپەلنووت!!

**عەنزەرووت:** قەتران.

**شێری نەڕ:** شێری گەورەی بەهێز.

**بلاغ:** کانییەکە لە کەرکووک.

**دایە ڕێزوار:** ئافرەتێکی بەناوبانگی کاکەییبیە.

**سێ براکە:** پیاوانی بەناوبانی کاکەییبیە.

**خلەکزی:** لاساییکارێکی بەناوبانگ بووە لە کەرکووک.



## قسەی خۆش و نوکتە لە بەسەرهاتەکانی ژیانی شێخ ڕەزادا

١

بەربەرەکانێ و یەک نەویستیی شێخ ڕەزا و شوکری فەزڵی لە سەردەمی خۆیاندا دەنگی دابووەوە، ڕۆژێک شێخ ڕەزا ئەیەوێ پلارێکی تەنگەبڕ بگرێتە شوکری فەزڵی و ئەڵێ: «میرزا شوکری، بەڕاستی باووباپیر و نەژادی تۆ بوون بەنەنگ و عار بەسەرتۆوە». شوکری فەزڵیش ئەڵێ: بەڕاستی تۆیش بووی بەعەیب و عار بەسەر نەژاد و باووباپیرانتەوە. شێخ ڕەزا هیچی پێ ناوترێ.

٢

شێخ ڕەزا زەمی هەموو کەسێکی کردووە. ڕۆژێک لەو بناری هەڵەبجەیە ماڵی وەسمان پاشا هەڵی دابوو. شێخ عومەری بیارە بەمیوانی دێت بۆ ئەوێ، شێخ ڕەزاش لەوێ ئەبێ، کوڕگەل ئەچنە بن دەستی شێخ ڕەزاوە کە زەمێکی شێخ عومەر بکا، شێخ ڕەزا هەرچەند ئەکا چەشەی نابزوێ بۆ ئەم زەمکردنە، ئیتر لەبەر هەر شتێک بووە، ئەمە شێخ ڕەزا و شێخ عومەر خۆیان ئەیزانن.

بەیانی شێخ عومەر ئەیەوێ بگەڕێتەوە بۆ تەوێڵە، وڵاخی بۆ دێنن سواری بێ، شێخ ڕەزا پەلاماری ئەدا ئەچێ ئاوزەنگی ماینەکەی ئەگرێ بۆ ئەوەی شێخ سواربێ، شێخ عومەر ئەڵێ: «یا شێخ لێ گەڕێ خۆم سوار ئەبم»، شێخ ڕەزاش ئەڵێ: قوربان لە دوێنێوە من هەر لە خەیاڵی تۆدام کەچی تۆ دەستی خۆت وەشاند، هەم سوار بوویت، هەم پێت گرتم.

٣

کابرایەکی قزڵجەیی ناوی خۆی نابوو شاعیر، بڕە شیعرێکی دانابوو بردی بۆ شێخ ڕەزای تاڵەبانی کە پەسەندێکی بۆ لەسەر بنووسێ وە پێشی وت کە -رەعد-م کردووە بەناوی شیعر بۆ خۆم، شێخ ڕەزا ئەم شیعرەی لە باتی پەسەند بەسەر بڕە شیعرەکەیەوە بۆ نووسی:

ئەی تڕت رەعـــد و وەی تست ڕەشـــەبا
هـکـذا ارثـکـم جــــــــداً وابـا

٤

لە دەوری شێخ ڕەزادا لە کۆڕێکا باسی قسەی کورتی پڕ مەعنا و شیعری جوان

ئەکرا، وتیان ئەم شیعرەی – فردەوسی– کە ئەڵێ:

**پی مشـورت مجلس اراسـتند**
**نشستند و گفتند و برخاستند**

زۆر جوان و کورت و پڕ مانایە، شێخ ڕەزاش وتی وا نییە، من لەوە کورت و جوانتر و پڕ مەعناترم وتووە، وتیان کامەیە؟

وتی:

**موختەسەر خۆشە قسە بردمە مەنزڵگەهی خۆم**
**گـرتم و خـستم و لێم برد و گـونم کـرد بەچوار**

### ٥

فەقێیەک هەوای شیعر وتن ئەکەوێتە سەری و چەند شیعرێک دائەنێ و ئەیبا بۆ شێخ ڕەزا کە تەماشای بکا و پەسەندی بکا.

شێخ کە سەیری ئەکا سەرێکی بۆ بائەدا و ناشیەوێ دڵی فەقێکە بشکێنێ پێی ئەڵێ خراپ نییە، فەقێ ئەمەی پێ خۆش ئەبێ ئەڵێ: دەسا قوربان ئەبێ ئەوەش بزانی کە ئەمە لەسەر ئاودەست داماناوە، شێخیش ئەڵێ، بەڵێ ڕاست ئەکەی هەر کە سەیرم کرد ئەو بۆنەی لێ ئەهات.

### ٦

شێخ ڕەزا جارێک ئەچێتە سلێمانی بەناو کۆڵانێکا تێ ئەپەڕێ، چەند ئافرەتێکی جوان و بەدیمەن لە پێشییەوە ئەبن. شێخ پێیان ئەڵێ: خۆتان لادەن با من بڕۆم چونکە بەناو ژنانا ڕۆیشتن کەراهەتی هەیە. یەکێ لە ئافرەتەکان سەر و سەودادار ئەبێ ئەڵێ: باشە یاشێخ، بەڵام ئایا وەختێ کە هاتییە دنیاوە لەناو ژنەوە نەهاتییت، شێخ ئەڵێ: بەڵێ بەڵام وەختێ کە من لەناو ژنەوە هاتمە دەرەوە وا بەم جۆرە گوشاد نەبوو.

### ٧

حەمەی نادر هەبوو لە سلێمانی. جارێک شێخ ڕەزا ئەچێتە ئەوێ، کوتوپڕ لەناو بازاڕدا تووشی حەمەی نادر ئەبێ کە سواری کەرێک بووە. چاوێکی لێ مۆڕ ئەکاتەوە و بەتوانجەوە پێی ئەڵێ: «تەماشاکە، کەر سواری کەر بووە». حەمەی نادریش کوتوپڕ پێی ئەڵێ: «بەخوا یاشێخ لام وایە وا نییە چونکە من قەت نەم دی ئەم کەرە سواری تۆ



ببێ» ئیتر شێخ ڕەزا بێدەنگ ئەبێ.

### ٨

شێخ ڕەزای تاڵەبانی لەگەڵ ژنێکی هەمەوەندا سەروسەودای شیعر پەیدا ئەکەن و لە پاشا سەر ئەکێشێتە لای قسە وتن بەیەک. ژنە لە ئاخرا شێخ ڕەزا ئەکاتە کون و هەر ئەیەوێ خۆی لێ بدزێتەوە. بەڵام ژنە هەر وازی لێ ناهێنێ. ئیش وای لێ دێ شێخ بۆڕ ئەخوا و ئیتر بەهیچ جۆر لە هیچ لایەک باسی ناکا. ئەوەندە هەیە ژنەکە هەر لە کۆڵی نابێتەوە: پێی ئەڵێن، یاشێخ ئەمە چییە لە بەینتانا وا بەم جۆرە درێژەی کێشا. شێخیش ئەڵێ: وەڵڵا بڵێم چی نازانم، خەڵکی تووشی گون ڕەشی خۆیان ئەبن کەچی من تووشی قوز ڕەشی خۆم بووم.

### ٩

شێخ ڕەزا جارێک ئەچێتە سلێمانی، هەندێ لە ناحەزەکان ئەیانەوێ ئیشێکی وای لەگەڵ بکەن کە لەناو خەڵکا بیشکێنن حەیای بەرن. هەتیوێکی لێ تاو ئەدەن کە شوێنی کەوێ. هەتیوە ئەچێ لەناو کۆڕێکا ئەیگری و ئەڵێ: یاشێخ لەبیرتە کە پێرێ شەوێ بەخەت گرتبووم ئەتویست خراپم بکەیت و من هەڵاتم؟ شێخ ئەڵێ، بەڵێ لەبیرمە کە بەخەتم گرتبوو و بەڵام لەبیرم نییە کە هەڵاتبوویت...

### ١٠

شێخ ڕەزا جارێک لە سلێمانی تەماشا ئەکا وا ژنێک کچێکی داوەتە پێش خۆی و ڕێ ئەکەن. لێی ئەپرسێ: خوشکم وا دیارە ئەو جوانومایەنەت داوەتە پێش بەتەڵەبە؟ بۆ لە منی چاک ناکەی؟ ژنەکەش ئەڵێ: «باوکی پێی نەوتووم لە کەری چاک بکەم».

### ١١

شێخ ڕەزا جارێک هەر لە سلێمانی لە کۆڵانێکا تووشی کچێک ئەبێت بەگورجی ئەڕوا، پێی ئەڵێ: کچم هێواش بڕۆ با مقەسەکەت کول نەبێ، کچەش خێرا ئەڵێ: مامە ئەگەر کولیش ببێ بەشی بەرسمێڵی تۆی هەر ئەمێنێتەوە.

### ١٢

شێخ ڕەزای تاڵەبانی لە دیوەخانی سەید عەبدوڕەحمان نەقیب لە بەغدادا ئەبێ و نان دائەنێن، بەدەم نان خواردنەوە قسە ئەکەن، دکتۆرێکی هیندیش لەوێ ئەبێ لەسەر

سینییەکە ئەبێ، قسە لەوە ئەکا کە گیا و دار و دەوەن ڕۆنی لێ ئەگیرێت و ڕۆن زەیت هەیە؛ شێخ ڕەزا ئەڵێ: من بڕوا بەم قسەیە ناکەم، دکتۆرەکە ئەڵێ: چۆن بڕوا ناکەی؟ ئەمە بەتاقیکردنەوە دەرکەوتووە کە وایە. شێخ ڕەزاش ئەڵێ: منیش بەتاقیکردنەوە بۆم دەرکەوتووە کە وا نییە. ئەگەر ئەم قسەیە ڕاست بووایە ئێستە ئەم برنجەی ماڵی نەقیب ڕۆنی تیا ئەبوو.

## ١٣

شێخ ڕەزا سواری ئێسترێک ئەبێ و ئەچێ بۆ کۆیە بۆ لای ئەمین ئاغای کۆیە. پیاوەکەی ئەمین ئاغا دێت ئێسترەکەی لێ بگرێت. لەو کاتەدا ئێستر لەقەیەک ئەهاوێژێ، کابرا ئەسڵەمێتەوە.

شێخ ڕەزا پێی ئەڵێ: مەترسە، ئەمینە، وا ئەمین ئاغاش ڕاوەستاوە، ئەمین ئاغا گورج هەڵئەداتێ ئەڵێ: بەڵێ ئەگەر بیشیگێێت ڕەزایە.

## ١٤

شێخ ڕەزا جارێک زەمی حاجی مستەفای قیرپدار ئەکا ئەڵێ: ئەبێ لەگەڵ دانیاله گاورا دەستیان بەستم بەدەستی یەکەوە و بیانخەمە بیرێکی پیسایییەوە. حاجی مستەفا ئەمە ئەبیستێتەوە ئەچێتە لای شێخ عەلی براگەورەی شێخ ڕەزا شکات لە شێخ ڕەزا ئەکا ئەڵێ: لەگەڵ دانیال گاورا منی کردووە بەیەک.

شێخ ڕەزا ئەچێ بۆ تەکیە و شێخ عەلی تووڕە ئەبێ، ئەڵێ: ئەرێ شێخ ڕەزا تۆ بۆ چ ئەوەندە بێ دەرەتانی؟ ئاخر نازانی حاجی مستەفا سەر بەئێمەیە و دۆستایەتی لە بەینمانا هەیە؟ تۆ چۆن دێنی لەگەڵ دانیال گاورا ئەیانکەی بەیەک و زەمی ئەکەی؟

شێخ ڕەزاش ئەڵێ: کاکە زۆر سەیرە ئێستە کە هاتم بۆ ئێرە و دانیال گاور خۆی گرتبوو لە قوڕ و سەری ڕێی پێ گرتبووم، ئەیوت من ئەوەم پێ ناخۆش نییە کە زەمت کردووم، بەڵام کەسی ترت دەست نەکەوت وا لەگەڵ حاجی مستەفادا منت کردووە بەیەک.

## ١٥

شێخ ڕەزا لە دیوەخانی وەسمان پاشادا دائەنیشێ و پێکەوە نان ئەخۆن، کوتوپڕ موویەکی لەناو چێشتەکەدا بەردەست ئەکەوێ، ڕوو ئەکاتە وەسمان پاشا و ئەڵێ: پاشا ئێوە کە بزنەکانتان ئەبڕنەوە مووەکانیان چی لێ ئەکەن؟ پاشا تێ ئەگا کە چ باسە،



ئەڵێ: «یاشێخ ئەیکەین وە هۆڕ و گوریس و وە چێشتیشەوە ئەیخۆین»

شێخ ڕەزاش ئەڵێ: بەخوا پاشا تڕت بریم.

## ١٦

شێخ ڕەزا و وەسمان پاشای جاف ئەکەونە شەڕە شیعر، شێخ ڕەزا بەشیعر دەست ئەکا بەقسە وتن بەوەسمان پاشا، پاشایش ئەڵێ، شێخ ڕەزا: من شیعر و میعر نازانم وە کوردی هەردوو گونم وەقنگت.

## ١٧

شێخ ڕەزای تاڵەبانی لەگەڵ وەسمان پاشای جافدا سەروسەودای هەبوو، هەموو جار هاتوچۆی ئەکرد هەروەها لەگەڵ خانمی وەسمان پاشادا ئەو ناسراوییەی هەبوو. ڕۆژێک شێخ ڕەزا بەوەسمان پاشا ئەڵێ: پاشام تۆ ئەرکێکی زۆری عەشرەتی جافت بەسەرەوەیە، ئەم عەشیرەتە گەورەیە ئیدارەی ئەوێ. ئەم دیوەخان و دەواری دوانزە هەستوونییە ئیدارەیەکی تری ئەوێ تۆ خۆتت کەنار گرتووە، خانم ئیدارەی عەشیرەتەکە ئەکا، حەقیقەت سەروکاری دیوەخان و میوان و میوانداریش ئەکا بەڵام ئەمە بۆ ئەو ئەرکێکە زیاد لە تاقەت، خواش قبووڵی نییە. خانەدان و بنەماڵەی بەناوبانگ زۆرە لەو کوردەوارییە. ئەتوانی ژنێکی تر لەو خانەدانانەدا بێنیت، ئەو سەروکاری دیوەخان و میوان بکا. خانمیش یەکچاو ببێتەوە بۆ عەشرەتدارییەکە و ئیدارەی ئەم تۆپی جافە.

شێخ بەم جۆرە دڵی وەسمان پاشا کرمێ ئەکا. ئەم قسە ئەگاتەوە بەخانم، خانم لە شێخ ڕەزا تووڕە ئەبێ و ئەنێرێ ئەیهێنێ. پێی ئەڵێ: شێخ ڕەزا تۆ چۆن قسەی وەهات لەلای پاشا کردووە؟ گوایە من کە -عادلە-بم و لە بنەماڵە گەورەکانی سنە بم وەکو ئیدارەی عەشیرەتداریم پێ ئەکرێ، ئیدارەی دیوەخان و میوانداریم پێ ناکرێ؟ شێخ ڕەزا ئەڵێ: خانم من قسەی وام نەکردووە و بەدرۆ ئەمەیان بۆ هەڵبەستووم. خانم ئەڵێ چۆن؟ لەوانەیە من ئەمەم لەناو چاوی پاشاوە خوێندۆتەوە. شێخ ڕەزا ئەڵێ: ئەمەی پێ ناوێ لەگەڵ پاشا ڕووبەڕوومان بکەرەوە ئەگەر من قسەی وام کردبوو ئەو وەختە تۆ هەقی گلەییت هەیە و ئەتوانی ئەوی لە دەستت دێ بەرامبەر بەمن بیکەی، خانم ئەڵێ: باشە.

خانم بۆ سبەینێ کۆڕێکی سێ قۆڵی بۆ خۆی و شێخ ڕەزا و وەسمان پاشا ڕێک ئەخا و سێ بەسێ دائەنیشن. خانم ئەڵێ: شێخ ڕەزا ئەوە تۆ و ئەوە وەسمان پاشا فەرموو قسەکانی خۆت بگێڕەوە. ئەڵێ قسەی چی؟ ئەو قسانە کە هانی پاشا ئەدەی ژنی تر

بێنی! ئەڵێ: خانم ژنی تری چی؟ ئەوا پاشا خۆی بەڕووەوەیە ئەوا تۆیش دانیشتووی، پاشا وەکو لەناو چاویا خوێندبوومەوە لەبەرئەوە کە تۆ ئەرکێکی زۆرت بەسەرەوەیە ژنێکی تر بێنی، ئەو خەریکی دیوەخانان و میوانداری بێ تۆیش سەروکاری عەشیرەتەکە بکەی. منیش وتم: پاشا شتی وا مەکە، هەوێ لە بەینی یەکا ڕێک ناکەون، ئەوی بەخانم ئەکرێ بەکەسی تر ناکرێ، ئەگەر ژنێکی تر دێنیت وەکو تۆپی منداڵانت لێ دێ بەدەستیانەوە. ئەو فڕێت ئەدا بۆ ئەو و ئەو بۆ ئەو! ئەگەر دوو ژنی تر دێنیت وەکو مەنجەڵی سێ کوچکەی ئاگردانت لێ دێ، هەر ئەبێ دەست بکەی بەکوڵان و جۆشدان بەسەریانەوە و هیچیشت لە دەست نایە. ئەگەر سێ ژنی تر دێنیت وەکو چوار گوریسی دەوارت لێ دێ، هەریەکە بەلایەکا ڕات ئەکێشن و تۆیش لەو ناوەدا پرزەت ئەبڕێت، خانم من ئەمەم وتووە!

خانم ڕەنگێکی سوور و گەشی هەڵێنایەوە و هەر لەو وەختەدا بانگی کرد خەڵاتێکی باشیان بۆ شێخ ڕەزا هێنا و وتی لە برۆیش و کەشک و دۆینەش بار بکەن با شێخ ڕەزا بینێرێتەوە بۆ منداڵەکانی. وتی: یا شێخ هەموو جار هەر قسەی وا بکە. وتی: چۆنی ناکەم خانم! ئەمە لەم لاوە خانم وا لەو لاوە وەسمان پاشا ڕەنگ لە ڕوویا پەڕی و وتی، وەسمان پاشا تۆ هیچت لە دەست نابێتەوە. هەموو شت هەر لایەقی خانمن، بەخوا سا هەموو جار هەر قسەی وای بۆ ئەکەم، جا تۆیش کەیفی خۆتە!

## ١٨

لە نوکتەی ژمارە ٣دا ئەم بەسەرهاتەمان نووسی. لێرەدا بەجۆرێکی جیاواز باسی ئەکەین و ڕەنگە هەردووکیان ڕوویان دابێت. وە هەردووکیان لە ڕشتەی مرواریی خوالێخۆشبوو مامۆستا عەلائەدین سەجادیدا تۆمار کراون! شێخ ڕەزای تاڵەبانی شێخ ڕەزا بوو، بۆ شاعیریی ناوی لە هەموو لایەک دەرکردبوو. گەلێ جار شاعیرانی ئەو سەردەمە شیعریان دائەنا بۆیان ئەبرد بۆ ئەوە پەسەندی لەسەر بنووسی. ئەویش ئەو شتانەی کە بەدڵی نەبوایە یەک شیعری دانابوو بۆی لەسەر ئەنووسین وەکو لەگەڵ شاعیرێکی -قزڵجی-یشدا ئەمەی کردبوو.

یەکێک هەبوو لە وڵاتی کۆیە، مەلا تەماتەیان پێ ئەوت، هەندێ شیعری دانابوو، بردبووی بۆ شێخ ڕەزا پەسەندی بۆ لەسەر بنووسی، کابراش ناوی شیعری خۆی نابوو ڕەعد شیعرەکانیش ئەمانە بوون:

شـــاعـــیـــری بڵندی هەردوو ویلایەت
خـوا بتـهـێـڵـێ بۆ فـەیز و کـەرامـەت



یاخـــوا بەخـــێـــربێی بۆ وڵاتی کـــۆیە
دایم بەخـــزمـــەتتـــان وەک من بۆ تۆیە
تۆ شـێـخ ڕەزایتو تەخـەلوصی من رەعـد
با بیـــزانی من شـاعـــیـــرێکی پڕ ئاوازم
ئێـمـە شـاعـــیـر بووین لە باوک و باپیـر
دوعـا گـۆی شیـعـرین شـاعـیـری ئیـعـزازم
نـاومـــــان لە دنیـــــا وەک نـاوی تۆیە
زەمـــانێک بوو بۆ دیداریت ئاواتەخـــوازم
تەقـدیمتـــان ئەکـەم ئەم غـــەزەلە جـوانەم
تەقـریظ-ی بفـەرمـوون بۆ سـەرفـرازم
ئومـــــێـــــدەوارم بـەلوتفـی باری
بۆ مـن بـن دایم مــــەعـــــدەنی رازم

ئەمە ئەنووسێ و ئەینێرێ بۆ شێخ ڕەزا، شێخ ڕەزاش بەم شیعرەی خوارەوە پەسەندی ئەکا و بۆی ئەنێرێتەوە:

ئەی تڕت ڕەعـد و وەی تست ڕەشـەبا
هـكـذا أرثـكـم جــــــدا وأبـا

## ١٩

شێخ ڕەزا جارێک تووشی ژنێک ئەبێ لە سلێمانی زۆر بەلەنجە و نازەوە ئەڕوات، پێی ئەڵێ: ئا بووکێ وەرە تۆزێ پێکەوە بنووین بزانم تۆ خۆشتری یا ژنەکەی خۆم؟ ژنەکەش بەبێ پشوو پێی ئەڵێ: یاشێخ ئەمەی پێ ناوێ، ئەم پرسیارە لە مێردەکەم بکە و ئەو لەگەڵ منیش نوستووە و لەگەڵ ژنەکەی تۆیش نوستووە. شێخ ئەڵێ: خوا بتانگرێ خەڵکی سلێمانی!

## ٢٠

شێخ ڕەزا لە کۆیە ئەبێ، جارێک ئافرەتێکی جوان بەناو کۆڵانێکا ئەڕوا، شێخ ڕەزا زۆر بەسۆز سەیری ئەکا. ئافرەتەکە ئەڵێ: بۆ چ سەیر ئەکەی؟ ئەڵێ سەیری ئەو ناوچاوانە جوانە ئەکەم. ژنە ئەڵێ: سەیری چی ئەکەی تۆ کێرت هەڵئەستێ و یەکێکی تر ئەو ئیشە ئەکا!

## ٢١

شێخ ڕەزا بەینی زۆر خۆش بووە لەگەڵ بەگزادەکانی جافا بەتایبەتی لەگەڵ خانم و وەسمان پاشادا. زۆر جار چووە بۆ هەڵەبجە بۆ لایان، میوانی خانم و پاشا بووە. جارێکیان ئەچێ بۆ ماڵی وەسمان پاشا، لەگەڵ دائەبەزێ خانم ئەچێ بۆ لای، بەخێرهاتنێکی زۆر گەرم و گوڕی ئەکات، شێخ ڕەزاش لەبەر خانم هەڵئەستێ و ئەم شیعرەی بۆ ئەڵێت:

قامەتت بێ شک نەمامی عەرعەرە یا سۆسنە
دەک فیدای نازو گریشمەت بم پەریزادەی سنە

خانم شیعرەکەی زۆر پێ خۆش ئەبێت کە ئەچێتە ژوورەکەی خۆی پاڵتۆیەکی شاڵی تورمەی بۆ ئەخاتە ناو بوخچەیەکەوە لەگەڵ دوو سەد قڕانا کە بۆی بنێرێ، لەو دەمەدا تاهیر بەگی کوڕی ئەڵێ: دایە ئەوە چییە؟ ئەویش ئەڵێ: بەخوا ڕۆڵە شێخ ڕەزا ئەم شیعرەی بۆ وتووم، منیش ئەم دیارییەی بۆ ئەنێرم، تایەر بەگیش ئەڵێ: دایە ئەم شیعرە جنێوە!! هەر کەس پێی بڵێن سنەیی خۆی ئەکوژێ!!

## ٢٢

ئەگێڕنەوە جارێکیان مەحمود بەگی دەلۆیی بەخۆی و نۆ سوارەوە ئەچێ بۆ کەرکووک، ئەیەوێ ئەو جارە میوانی شێخ ڕەزا بێ. هەر بۆ ئەوەی نەختێک پارەی پێ خەرج بکا و کەمێک تووڕەی بکات، کە ئەگەنە کەرکووک یەکسەر ئەچن بۆ ماڵی شێخ ڕەزا. شێخ ڕەزاش بەخێرهاتنێکی گەرم و گوڕیان ئەکات، مەحمود بەگ پێی ئەڵێ: یا شێخ میوانی تۆین، تەویلەی گەورەمان ئەوێ بۆ وڵاخەکان و جێگا و پێخەفی پاک و تەمیزمان ئەوێ بۆ خۆمان و لەگەڵ خواردن و کردنی زۆردا.

شێخ ڕەزاش کوتوپڕ پێی ئەڵێ: یاخوا بەخێربێن بەخوا تەویلەی چاکمان هەیە بۆ وڵاخەکانتان، جێگاوڕێگا و نوێنی پاک و تەمیزمان هەیە بەخواردنی چاکەوە. ئەمێنێتەوە کردن بۆ ئەوەش کارەکەرێکی دەلۆییمان هەیە، بۆتان ئەنێرم، لۆیەکی بۆ خۆت و نۆ لۆکەی تریش بۆ پیاوەکانت.

## ٢٣

شێخ ڕەزا ئاشنای هەموو بەگزادەکانی جاف بووە، بەتایبەتی وەسمان پاشا، هەموو ساڵێ سەری لێ داون، چەند ڕۆژێ لەلایان ماوەتەوە، ئەو چەند ڕۆژە بووە بەکۆبوونەوە



و ڕابواردن و شیعر خوێندنەوە و قسەی نەستەق. لە هەموو لایەکەوە دیاریی بۆ براوە، لە پاش چەند ڕۆژێ گەڕاوەتەوە و بەکیسەی پڕ و خورجی پڕ و هەگبەی هەڵئاوساو و ناوچەوانی ڕوون و دەمی بەپێکەنین و دڵی پڕ لە کەیف و خۆشییەوە. هەر بەو ڕوانگە ساڵێک لە بەهارا شێخ ڕەزا ئەچێ بۆ هەڵەبجە بۆ ماڵی پاشا، بەڵام وەسمان پاشا لەو کاتە لە پێنجوین ئەبێ، خانم سێ چوار ڕۆژ گلی ئەداتەوە، خزمەتێکی زۆر چاکی ئەکات، لەپاشا شێخ ڕەزا ئەیەوێ بچێت بۆ لای پاشا لە پێنجوین. سێ وڵاخی بۆ زین ئەکەن. یەکێکیان بۆ شێخ ڕەزا و دووانەکەی تر بۆ دوو پیاو کە لەگەڵی بچن بۆ پێنجوین. لەکاتی ڕۆین و بەڕێکردنیشا خانم سێ سەد قرانی بۆ ئەنێرێ، شێخ ڕەزا کە ئەگاتە پێنجوین وەسمان پاشا زۆری پێ خۆش ئەبێ، بەشێخ ڕەزا ئەڵێ: هیوادارم کە لە هەڵەبجە خزمەتی باش کرابیت و هیچ گلەییەکت نەبێ، شێخ ڕەزاش ئەڵێ: بەخوا پاشا هیچ گلەییەکم نییە. تەنانەت لە کاتی سواربوونیشا خانم خەڵاتێکی باشی کردم.

## ٢٤

جارێکیان شێخ ڕەزا لە کۆڕی شێخ عەلیی کاکیا دائەنیشێ لە بەغدا کە پڕ ئەبێ لە مەلا و خوێندەواری بەرز، بەڕێکەوت شێخ عەلی ئەم فەرموودەی پێغەمبەرە ئەخوێنێتەوە:

«دع ما یریبک الی مالا یریبک»

واتە کارێک مەکە کە گومانت تیابێ کارێک بکە گومانت تیا نەبێ.

یەکێک لە مەلاکانی بەغدا ئەڵێ: یاشێخ (یرب) بخوێنەرەوە بەسەر نەک بەبۆر چونکە (ثلاثی مجردە) لە بابی دووەم. شێخ ڕەزاش کوتوپڕ قسەکەی ئەباتەوە دواوە، لە وەڵامیا ئەم ئایەتە ئەخوێنێتەوە:

«أنكم لفي شك مريب» واتە ئێوە لە گومانان کە ئەڵێن «اراب-یریب» نەهاتووە، بەڵکو هاتووە، وەک لە وتەی (مریب) دەرئەکەوێ لەم ئایەتەدا کە «أسمی فاعلی اراب-یرب»ە.

## ٢٥

شێخ ستاری تاڵەبانی کۆنەژنێکی شێخ ڕەزا مارە ئەکات، لەسەر ئەوە شێخ ڕەزا لێی زویر و دڵگیر ئەبێ. وە ئەو قەسیدە بەناوبانگەی لە هەجوی شێخ ستاردا نووسیویە لەبەر ئەم هۆیە بووە. لە پاشا کە شێخ ستار ئەمرێ، شێخ ڕەزا ئەچێ بۆ پرسەکەی و سەرەخۆشی لە شێخ قادری کوڕی ئەکات. نیوەڕۆ شێخ ڕەزا ئەیەوێ دەستنوێژ بشوا،

دێیەکەی شێخ ستاریش ئاودەستی تیا نابێ. شێخ ڕەزا لە شێخ قادر ئەپرسێ ئاودەستخانە لە کوێیە، شێخ قادریش وا دەردەکەوێ لەسەر ئەو قەسیدەیەی شێخ ڕەزا لە زەمی باوکیا وتوویەتی بەدڵ لێی دڵگیر بووە. لەبەر ئەوە بەساردێکەوە پێی ئەڵێ: ئێرە ئاودەستخانەی تیا نییە بچۆ ئەو دەشتە بۆ کۆرە شیوێک. شێخ ڕەزاش ئەڵێ: من خۆم کۆرە شیوێکم لێرە هەیە، بەڵام جێگایەکی پەنام ئەوێ!

مەبەستی شێخ ڕەزا کۆنە ژنەکەی خۆیەتی کە لە ماڵی شێخ ستارە.

## ٢٦

ئەگێڕنەوە شێخ ڕەزا یەکەم جار ئەچێ بۆ ئەستەمولّ، چەند مەلایەکیش هەر لە کەرکووکەوە ئەچن بۆ ئەستەمولّ، لەوێ یەک ئەگرن بۆ داوای زیارەتی سولّتان عەبدولحەمید کۆ ئەبنەوە، بەیەکەوە ئەچنە ژوورەوە. شێخ ڕەزا لە خوار هەموویانەوە دائەنیشێ، بەڕێکەوت لە سەرەی قسەدا ترشییاتی کەرکووک دێتە پێشەوە. یەکێکیان لە مەلاکان باسی گێزەری ناو ترشییات ئەکات کە زۆر خۆشە، عەبدولحەمیدیش ئەپرسێ گێزەر چییە؟ ئەوانیش هەریەکە تەعریفێکی بۆ ئەکەن، بەڵام عەبدولحەمید لە هیچیان تێ ناگات. شێخ ڕەزا زەردەخەنەیەک ئەکات عەبدولحەمید ئەڵێ: ها -قۆجە- تۆ چی دەڵێیت؟ ئەویش هەڵئەستێتە سەرپێیان ئەڵێ: پاشام گێزەر شتێکی وایە لە ڕووی ئێوەدا تەعریف ناکرێ، کە وا ئەڵێ عەبدولحەمید ئەڵێ: ئافەرین قۆجە ئەوا تێگەیشتم.

## ٢٧

شێخ ڕەسوڵی پڵاوخۆر لای مەحمود پاشا ئەبێ لە هەڵەبجە، دوای چەند ڕۆژێ ئەڵێ: ئەبێ بگەڕێمەوە بۆ سلێمانی لەوێوە بچم بۆ کەرکووک، مەحمود پاشا ئەڵێ: کەواتە ئەم حەوت سەد لیرەیەی منیش لەگەڵ ئەم کاغەزەدا ببە بۆ شێخ عەلی تاڵەبانی. بۆم ئەدا بەموڵک، شێخ ڕەسووڵ پارەکە و کاغەزەکە وەرئەگرێ و ئەگەڕێتەوە بۆ سلێمانی، لەوێوە ئەچێ بۆ کەرکووک کە ئەچێتە تەکیە تەماشا ئەکات هێشتا شێخ عەلی نەهاتووە بۆ تەکیە. بەڵام شێخ ڕەزا بەتەنیا لە ژوورەکەی خۆی دانیشتووە، ئەمیش ئەچێتە لای شێخ ڕەزا دائەنیشێ لە پاش کەمێ کە چاو ئەکاتەوە شتێک ئەبینێ کە کراوە بەسنگێکا، ئەڵێ: شێخ ڕەزا ئەوە چییە؟ ئەویش ئەڵێ: ئەوە چەتری ماتلییە لە ئەستەموڵەوە بۆیان ناردووم بەدیاری و هێشتا ئەمە نەهاتووە بەعێراقا. ئەمیش ئەڵێ: ئا کامەتا؟ شێخ ڕەزاش هەڵئەستێ و چەترەکەی بۆ دائەگرێ و نیشانی ئەدا کە چۆن هەڵئەدرێ و چۆن دادەدرێتەوە، شێخ ڕەسوڵ زۆری حەز لێ ئەکات، ئەڵێ یاشێخ ئەمە با



بۆ من بێ، شێخ ڕەزاش لە ڕووی دائەمێنێ و ئەڵێ: پیرۆزت بێ. لە پاش تۆزێکی تر شێخ ڕەسوڵ ورد دەبێتەوە تەماشا ئەکات شتێک لە سووچێکی ژوورەکە دانراوە، ئەڵێ: ئەوە چییە یاشێخ؟ ئەویش ئەڵێ ئەوە جاخێک تووتنی بێشەمەیە بەدیاری بۆم هاتووە، ئەمیش ئەڵێ: ئا کامەتا؟ ئەویش ناچار ئەچێ بۆی ئەهێنێ، ئەمیش سەبیلێکی لێ تێ ئەکات کە مژێکی لێ ئەدا مەستی ئەکات بەبۆن و بەرامەی خۆش. شێخ ڕەسوڵ ئەڵێ: بەخوا شێخ تۆ ئەم جۆرە شتانەت زۆر بۆ دێ، ئەوەشیان با بۆ من بێ، شێخ ڕەزاش ئەڵێ: یا شێخ تۆ تا ئەمڕۆ مەشهووریت بەشێخ ڕەسوڵی پڵاوخۆر بەڵام بەخوا تۆ پیاوخۆریت، ئەم خەڵکە لە ترسی شیعر و زمانم لە هەموو لایەکەوە دیاریم بۆ ئەنێرن کەچی تۆ بەهەناسەیەک ماڵت وێران کردم و کردەی ساڵێکت بردم. شێخ ڕەسوڵیش دەست ئەکا بەپێکەنین و تووتنەکەش لای چەترەکە دائەنێ. ئینجا شێخ ڕەسوڵ بەشێخ ڕەزا ئەڵێ: مەحمود پاشای جاف حەوت سەد لیرەی بەمنا ناردووە بۆ شێخ عەلی کە بۆی بدا بەموڵک، بەخوا ئەو موڵکەی بەحەوت سەد لیرە بکڕێ بەشەش سەد و نەوەدیش ئەکڕێ، کەواتە با دە لیرەی لێ دەربێنین پێنجی بۆ تۆ و پێنجی بۆ من، شێخ ڕەزاش شتی وای لە خوا ئەوێ، هیچیان نازانن کە مەحمود پاشا لە کاغەزەکەیا ژمارەی لیرەکانی نووسیوە بۆ شێخ عەلی، شێخ ڕەسوڵ پارەکە و کاغەزەکە لە بەردەمیا دائەنێ، شێخ عەلی کە کاغەزەکە ئەخوێنێتەوە بەحەمەی وەستا فەتاح ئەڵێ: «کە سندوقداری ئەبێ» ئەم لیرانە بژمێرە، کە ئەیانژمێرێ تەماشا ئەکا شەش سەد و نەوەد لیرەیە، شێخ عەلی ئەڵێ، مەحمود پاشا لە کاغەزەکەیا نووسیویە حەوت سەد لیرەیە. شێخ ڕەسوڵ بەشەرمەوە تەماشای شێخ ڕەزا ئەکات و شێخ ڕەزاش هەروەها، دانیشتووانیش هەموو بەزەردەخەنەوە تەماشایان ئەکەن، شێخ عەلی تێ ئەگات و بەسندوقدارەکەی ئەڵێ – قەی ناکا، پارەکە هەڵگرە، لە پارەی من دە لیرەی بخەرە سەر، شێخ ڕەزاش ئەڵێ: لە عومری خۆم ئەوەندە شەرمەزار نەبووم.

## ٢٨

مەلا سەعیدی مەلا قادر کە مامی جەلال صائب و جەمیل صائب بووە، ئەیگێڕێتەوە ئەڵێ: شێخ ڕەزا دەستووری وا بووە هەرچەند لە ژووری خۆیا بووایە بەتەنها لەسەر گازی پشت ئەکەوت، زۆر جار قاچیشی هەڵ ئەنا بەدیوارا و بەمنی ئەوت: سەعە ئینجا قسەی قۆڕم بۆ بکە، مەلا سەعید ئەڵێ: منیش هەر جارەی باسێکم بۆ ئەکرد. ڕۆژێک باسی یەکێکم بۆ ئەکرد لە پیاوانی سلێمانی، وتم قوربان ئەم کابرایە کێری ئەوەندە زلە هەرچەند لە ئاودەستخانەکانی مزگەوتی خۆیان میز بکات تارات ناگرێ بەڵکو کێری

ئەگرێ و ئەیکا بەحەوزی ئاودەستخانەکەدا– مەلا سەعید ئەڵێ: شێخ ڕەزا دایە قاقای پێکەنین وە لە خۆشی قسەکە هەردوو قاچی بەرزکردەوە و شڵپ ماڵی بەزەویدا. منیش وتم: یاشێخ تۆ هەر بەباسی کێری کابرا هاتیتە تەڵەب. مەلا سەعید ئەڵێ: کە وام پێ وت هەستایە سەر قنگ وتی: سەعە ئەوەتەی من هەم کەس قسەی وا قورس و لەباری پێ نەوتووم، هەتا لە سلێمانیم ئەم قسەیە نەگێڕیتەوە بۆ کەس، مەلا سەعید ئەڵێ: تا شێخ ڕەزا نەگەڕایەوە ئەم قسەیەم نەگێڕایەوە.

## ٢٩

لە ئەستەموڵ بەیانییەک شێخ ڕەزا ژنێکی زۆر جوان ئەبینێ پێی ئەڵێ: ئیمانم، بۆ کوێ ئەچیت؟ ئەویش ئەڵێ: ئیمانتیان گاوە و ئەچێ بۆ حەمام!

## ٣٠

جارێ شێخ ڕەزا چەند میوانێکی ئەبێ، باسی زیرەکی خەڵکی سلێمانییان بۆ ئەکا، ئەوانیش ئەڵێن: بەڵێ زیرەکییان هەیە بەڵام نەک بەم ڕەنگەی جەنابتان ئەڵێی، ئەویش ئەڵێ: بەڵێ لەوەش زیاترە، بەڕێکەوت لەو کاتەدا گێزەر فرۆشێک بەکۆڵانەکەی تەکیەدا ئەڕوا و هەر ئەڵێ «های گێزەر» شێخ ڕەزا ئەڵێ: ئەوە خەڵکی سلێمانییە، ئا بانگی کەن. کە دێت شێخ ڕەزا ئەڵێ: گێزەر بەچی ئەفرۆشیت، کابرا ئەڵێ: بەهەموو شتێک ئەفرۆشم، بەپارە، بەنان، بەپێڵاوە کۆن... هتد شێخ ڕەزاش ئەڵێ: ئەی بەگووی ئەدەیت؟ ئەویش سەر دائەخا و بێدەنگ ئەبێ؟ شێخ ڕەزا پێی ئەڵێ: بۆ هیچ وەڵامت نییە؟ ئەویش سەر بەرز ئەکاتەوە و بەشێخ ڕەزا ئەڵێ: بەگووشی ئەدەم ئەگەر خۆم دەری بێنم! شێخ ڕەزاش ڕوو ئەکاتە میوانەکانی و ئەڵێ نەموت خەڵکی سلێمانی بەتوورفرۆش و کەوەرفرۆش و گێزەرفرۆشەوە زیرەکن!

## ٣١

لە سەفەرێکی ئەستەموڵدا شێخ ڕەزا ئەچێ بۆ لای نامیق کەمالی شاعیری گەورەی ئەو سەردەمەی تورکی عوسمانی، دیارە شێخ ڕەزا بەجلوبەرگێکی مەلایانەی کوردەواری لای خۆمان و نامیق کەمالیش لە یەکێ لە کۆشک و سەرا جوان و ڕازاوەکانی ئەو شارەدا ئەبێ، شێخ ڕەزا لە هۆڵی چاوەڕوانیدا ئەبێ، نامیق کەمال لە یەکێ لە خزمەتکارەکانی ئەپرسێ، ئەمە کێیە لەوێ دانیشتووە؟ شێخ ڕەزا گوێی لە پرسیارەکەی ئەبێ لەبەرچاوی دانیشتووانی دیوەخاندا ئەڵێ: «فحول أهل کمالکم» نامیق کەمال کە



ئەم وەڵامە ئەبیستێ دێتە خوارەوە و ئەڵێ شێخ ڕەزا بەخێربێی.

## ٣٢

جارێک لە شێخ ڕەزا ئەپرسن بۆچی هەجوی هەندێکت کردووە و بەرامبەر هەندێکی تر بێ دەنگ بووی؟ لە وەڵامدا وتوویە: «ئەو کەسەی دیار نەبێ من هەجووی ناکەم».

## ٣٣

شێخ ڕەزا جارێک ئەچێتە دێی بادەوا کە سەر بەناحیەی لەیلانە ئەبێ بەمیوانی خزمێکی کە کۆنەژنی تەڵاقدراوی شێخ ڕەزای مارە کردبووەوە. خانەخوێیەکەی پێێ ئەڵێ: شێخ ڕەزا ئاگاداربە حەوشەکە چاڵی عارەب قوزی لێیە تاریکە شەوە نەکەویە ناویەوە. ئەویش یەکسەر ئەڵێ: قەی ناکا بیشکەومە ناوی ناترسم، کۆنە چاڵی خۆمە!

## ٣٤

شێخ ڕەزا ئەچوو بۆ تەکیە، چەند هەرزەکاری خەڵکی گەڕەکی تەکیە ڕێی لێ ئەگرن و داوای لێ ئەکەن شیعرێکیان بەسەرا بڵێ ئەویش ناچار پێی وتوون:

حەرامزادە و دایکی خۆگێی بەر تەکیەیی زۆرە
خلە وبلە و فشەگاڵتە و عەزە دەم بۆرە

## ٣٥

شێخ ڕەزا بەسواری کەرە سپییەکەی دێت و ئەگاتە خانەقای عەبدولقادری ئەسیری، لەوێ شێخ ڕەزا دائەبەزێ. ڕەفیق ئەفەندی لە بازاڕەوە دێ چاوی بەگوێدرێژە سپییەکەی ئەکەوێ و لائەداتە خانەقاکە، کە ئەچێتە ژوورەوە و شێخ ڕەزا ئەڵێ: ڕەفیق چۆنت زانی من لێرەم وا هاتیت؟ ڕەفیق ئەفەندی ئەڵێ: کە کەرەکەم دیت زانیم تۆیت!!

## ٣٦

شێخ ڕەزا جارێک لە ماڵی مەحمود پاشای جاف ئەبێ لە کانی چەقەڵ ئەچێ بۆ سەر سیروان بۆ مەلەکردن. ژن و بووک و کچی پیاوێکی پشت ماڵە لەسەر ڕووبارەکە جلیان ئەشت، بەڵام ئەمانەش قۆشمە بوون، شێخ ڕەزاش خۆت ئەزانی چاوی کز بوو. ژنەکە دەست ئەخاتە سەر قوزی خۆی و ئەڵێ: شێخ ڕەزا ئەمە چییە؟ شێخ ڕەزا ئەڵێ: ئەوە تەویلەخانەیە. ئەمجا بووکەکەی دەست ئەخاتە سەر هینەکەی خۆی و ئەڵێ: ئەی ئەمە چییە؟ شێخ ئەڵێ ئەوە کانی پانەیە. پاشان کچەکە ڕووی تێ ئەکا و دەست ئەخاتە سەر

هینەکەی خۆی و ئەڵێ: توخوا شێخ ڕەزا ئەی ئەمە چییە؟ یاشێخ ئەڵێ: ئەوە مێرگە جوانە، ئەمجا ئەمیش دەست ئەخاتە سەر حەیتەکەی خۆی و ئەڵێ: دەی کچینە ئەمە چییە؟ ئەڵێن نازانین. ئەڵێ بۆچی نازانن، ئەمە جوانووی جوانە، لە مێرگ جوان لەوەڕانم لە کانی پان ئاوم دا، لە تەویلەخانە بەستمەوە.

## ٣٧

دەماودەم بیستراوە، ئافرەتێکی قۆشمە دەچێت بۆ لای شێخ ڕەزای تاڵەبانی پێی دەڵێ: مامە شێخ هاتوومە سەر بەڕەکەت بەڵکو دەرزێکم پێ بڵێی!

شێخ ڕەزایش لە وەڵامدا دەڵێ: باجی فلان بەخێرهاتی تکای لێبوردنم هەیە، چونکە نە توانای دەرز وتنەوەم هەیە، نە توانای درز گرتنم هەیە...



# پەراوێزەکان

**شیعری ژمارە ١**

١- لوقمان کوڕی باعوراو و خوشکەزای ئەیوب پێغەمبەرە، بەشی زۆری زانایان لەسەر ئەوەن کە پێغەمبەر نەبووە. بەڵکو زانایەکی دانا بووە و خوا ئامۆژگارییەکانی پەسند کردووە بۆیە لە قورئانا بۆمان ئەگێڕێتەوە لوقمانی ویصالت واتە وەصڵت وەک لوقمانی حەکیم و ویصاڵی هەموو دەردێکە.

٢- ئاوی بەقا: جاران دەنگ بڵاوبووە کە لەوپەڕی جیهانەوە تاریکستانییەک هەیە. کانییەک ئاوی سازگاری تیایە پێی ئەڵێن ئاوی بەقا، واتە هەر کەسێک لێی بخواتەوە هەرگیز نامرێ و هەر ئەمێنێ. هەر وا بڵاوە کە ئەسکەندەر زۆر گەڕاوە بەدوای ئەو ئاوەدا و نەیدۆزیوەتەوە. وە هەر کەسێک لەسەر لێوی دلبەرا – کە ئەڵێی لەعلی بەدەخشانە – تالیبی ئاوی بەقابێ شێتە. ئەگینا عەوداڵی ئەویان ئەبوو نەک ئەمیان.

٣- ئاتەشکەدە: جێگای ئاگرە لە عیبادەتخانەی ئاگرپەرستا.

ڕەهرەوی: لە چاپی پێشوودا واردی. سەحرای: لە چاپی پێشوودا سەحرائییە.

واتا تاو و گڕی کوورەی هیجرانی نزیکە منیش وەک مۆم بسووتێنێ و بمبا بۆ دەشتی نەبوونی.

٤- تقدیری: لە چاپی پێشوودا -تقدیری-یە. ڕەقیب: جاسووسی ناپاک.

٥- هەرسێ: لە چاپی پێشوودا -هەسیە. بەزل: بەخت کردن. نثار: شاباش کردن.

**شیعری ژمارە ٢**

١- جاف: ئەم تیرەی جافە دووسەد و پەنجا ساڵ لەمەوپێش باپیریان زاهیر بەگ لە جوانڕۆوە هاتووە بۆ ناوچەی وارماواوە لەوێوە لە نزیک دێی چەمەرگەوە کۆچی دوایی کردووە و سلێمان بەگی کوڕی لە جێی دانیشتووە. دوای سلێمان بەگ کەیخوسرەو بەگی کوڕی چۆتە هەڵەبجە و حەمەد پاشای کوڕی لەوێ لەدایک بووە.

حەمەد پاشا دوو کوڕی بووە. مەحمود پاشا و وەسمان پاشا. مەحمود پاشا لە قزرابات مردووە. لە مزگەوتەکەی خۆی لەوێ نێژراوە و ئەوقافێکی یەکجار زۆری بۆ داناوە. وەسمان پاشاش لە هەڵەبجە کۆچی دوایی کردووە و لە خانەقای تەوێڵە لە خزمەت شێخی سیراجەدینا نێژراوە.

٢- زەمانە: لە چاپی پێشوودا عەشایر-ە.

قەزا- لەچاپی پێشوودا- ئەجەل-ە ناف- ناوکە.
٣- گەندیان هەموو وەکو یەک - لە چاپی پێشوودا- کامیان کەگەنە.
مەصاف: جێی ڕیزبەستنە لە کاتی جەنگا.
٤- چونکە بەڕەسەن: لە چاپی پێشوودا: چونکە ڕەسەنی.
درشتیان: لە چاپی پێشوودا: درەشتیان. سارییە: لە چاپی پێشوودا: ساریە-یە.
دوورد: خڵتەی شەرابە کە ساف نەبووبێ، لە چاپی پێشوودا: دلدایە.
٥- هەیجا: جەنگێکە کە خوێنی تیا ڕژابێ.
٦- یاتون: لە چاپی پێشوودا -یبغون-ەیە. ثقالا: واتە بەسواری. خفافا واتە بەسووکی و چالاکی.
٧- ئەم نیوە شیعرە فارسییە: واتە داواکارم لە خوا کە دوژمنت پەت کات. خودا: لە چاپی پێشوودا خوایە -کە ئەمە لەنگە.
٨- واتە بەرامبەر ئەم غەزەلە دیارییەکی باش بنێرە بۆ شێخ ڕەزا با بکەوێتە شیعر وتن. غیلاف: کێلان. ڕەحمی بکە با شێخ ڕەزا: لە چاپی پێشوودا لوتفێ بکە با شێخ ڕەزا-یە.

**شیعری ژمارە ٤**

١- قیامەت: لە چاپی پێشوودا: قیامەتە-ە.
٢- بێشەمە و شاور و شێتن: ناوی سێ شوێنن لە قەزای قەڵادزە کە تووتنی بۆنداریان هەیە.
ڕەشبێ: -لە چاپی پێشوودا- دەرچێ-یە.
٣- نە لەجافا: لە چاپی پێشوودا- نە بەجاخا-یە.
٤- ڕێی نەوتەکە: واتە ئەگەر بڵێین- بابەگوڕگوڕ باجگری زۆرە و ناوێرم لەوێوە بێم.
ڕێی خاسەش بەشەو چۆڵە ئەترسم ڕووتم کەن منیش ئەڵێم با لەڕێی بلاغەوە بێ.
٥- کردوە: لە چاپی پێشوودا -کردووە- کە ئەمە لەنگە.
٦- چەمەن: لە چاپی پێشوودا- چمەند.

**شیعری ژمارە ٥**

١- قرب الخاقان: لە چاپی پێشوودا- مقربی الخاقان-ە.
٢- بەکۆدەکی: وتەیەکی فارسییە واتە بەمناڵی.
٣- دوودەمان: وتەیەکی فارسییە بەمانای خانەوادەیە.



بنم دگل: ئەو دوو وتەیە تورکییە واتە لەم قەباحەتەدا من دەخلم بەسەرەوە نییە.
هەبابە: وتەیەکە بۆ سەرسوڕمان بەکاردێنرێ. وەک وتەی هەی بابە.
٤- کوێرش: لە چاپی پێشوودا- کوێریش.
٥- لە ئەبانت: جەمعی ئەبی بەمەعنا -باوک-ە لەسەر ئاهەنگی جەمعی کوردی وەک -کوڕان و کچان. واتە لە باووباپیرانت حاشا مەکە و ئەم نەخۆشییە بەکەلەپوور لەوانەوە بۆت ماوەتەوە.

**شیعری ژمارە ٦**

١- بەڕۆمو دوو: لە چاپی پێشوودا -بەرۆم داوە-یە.
٢- بەکوزی دایکیا چووبوو: لە چاپی پێشوودا -بەکوزیا چووە دایکی-یە. شەکەم: وتەیەکی فارسییە بەمەعنا سکە.
٣- ڕەحەم: منداڵدان.

**شیعری ژمارە ٧**

١- مەشنەوە: مەبیستە.

**شیعری ژمارە ٨**

١- شێخ حەمە عەلی کەرە: گەورەی حاجی شێخ عەلی تاڵەبانییە گوێی سەنگین و زبانی لاڵ بووە هەروەک نەخوێندەواریش بوو لە دوای جەنگی تێکڕایی جیهان. هەرچەند لە بەینی کەرکووک و بەغدادا شەمەندەفەر و ئۆتۆمبێل هەبوو بەڵام ئەم هەر بەسواری ماین و ئەسپ هاتوچۆی ئەکرد. شێخ حەمە عەلی دوو ژنی هەبوو یەکێکیان فاتیمەخان کە خەڵکی سابڵاغ بوو وە دایکی شێخ جەمیل و شێخ جەمالە ئەوی تریان زێباخانە کە خەڵکی زەهاوە.

**شیعری ژمارە ١٤**

ئەم شیعرە پەندێکی پێشینانی گرتۆتە خۆی کە ئەڵێ: «سەگی کونەماسییە و پاسی جرتاوا ئەکات» کونە ماسی ناوی دێیەکە لە ناوچەی شاربازێڕ، هەروەک جرتاوا ناوی دێیەکە لە ناوچەی ناوبراو. ئەم پەندە بەیەکێک ئەبرێ کە لە شوێنێک بەهرەیەکی دیبێ کە خزمەتی ئەو شوێنە نەکات وەخزمەتی شوێنێکی تر بکات کە هیچ بەهرەیەکی لێ نەدیبێ. واتە کێ ر لە کاتێکدا لەناو کوزدا هاتوچۆ ئەکات خۆشی وەرئەگرێ. یاساوڵێکی وەک گون لەبەر دەرگای قنگدا ڕائەگرێ و فەرمانی چاودێری و پاراستنی ئەوی پێ ئەدا.

**شیعری ژمارە ١٥- ١٦**

ئەگێڕنەوە کە مستەفا بەگی باوەجانی کە نەخوێندەوار بووە بەڵام شاعیرێکی کتوپڕی زۆر بەرز و بەمەعنا بووە. دەچێ بۆ لای وەسمان پاشای جاف کە ئەچێ شێخ ڕەزای تاڵەبانیش لەگەڵ چەند کەسێکی تردا لەوێ ئەبن. ئەوانەی کە لەوێ ئەبن زۆر تەعریفی شاعیریی مستەفا بەگ ئەکەن شێخ ڕەزاش دەمار ئەیگرێ.

**شیعری ژمارە ٢٦**

شەیپوور: شتێکی درێژکۆڵەی بۆشە لە جۆرە تەنەکەیەکی ئەستوور کە فووی پیا ئەکرێ دەنگێکی زۆر گەورەی لێ پەیدا ئەبێ کە پێی ئەڵێن بۆڕیە.

**شیعری ژمارە ٢٧**

وا دەرئەکەوێ چەند شاعیرێکی کورد کە پایەی شاعیرییان لە شێخ ڕەزا کەمتر بووە. بەرێکەوت کۆبوونەوە لە ژوورەکەی شێخ ڕەزا لە تەکیەدا وە کۆڕێکیان گرتووە بەشیعر وتن، شێخ ڕەزاش شیعرەکانیانی بەدڵ نەبووە، وە ئەم شیعرەی تیا وتووە. ڕادەی شاعیرییانی دەستنیشان کردووە.

**شیعری ژمارە ٣٠**

١- ڕەشحە: نم و دڵۆپە نەتەکێ، لە چاپی پێشوودا نەچکێ-یە.
٢- حەلق: گەروو. سروود: نەغمە و ئاواز. چەشمە: سەرچاوە.
٣- مەبەست لە سەفەر - مردنە.
٤- ساغر: وتەیەکی فارسییە بەپیاڵەی شەراب ئەڵێن.
مەزاقم: لە چاپی پێشوودا - موزاقم.

**شیعری ٣١**

١- فەتتان: فیتنەگەر. جادووگەر: سیحرگێڕ.
٢- عیشوە: ناز و خۆبادانێکی تایبەتییە.
٣- غەمزەدە: خەمبار.
٤- شەکیب: سەبر و دان بەخۆداگرتن. واتە ئەی دلبەری خۆشەویست ئەوەتەی دڵی خەفەتبارم لە تۆ دوور کەوتۆتەوە سەبرم لێ دوور کەوتۆتەوە بەقەد دوورکەوتنەوەی ڕۆژهەڵات لە ڕۆژئاوا.
٥- فراز: شوێنی بەرز.



٦- نەشیب: شوێنی نزم و پەست. واتە هیچ چاڵی و دەرەیەک بەبێ بەرزی و هەورازێک نەبووە. بەڵام بەخوا من لە عەشقی تۆدا هەر پەستی و نزمیم دیوە جارێک نەمدی بەخۆمەوە بەرزییەک.
٧- طینەت: سروشت
٨- طیب: بۆنی خۆش
٩- زیب: ئارایش
١٠- خەرقە: جۆرە پاڵتۆیەکی مەلایانەیە.
١١- سەبحە: تەزبیح
١٢- زوننار: جۆرە پشتێنێکە هەر گاور ئەی بەستێتە پشتی.
١٣- چەلیپا: بەشتێک ئەڵێن کە لەسەر شکڵی دوو خەت بن کە بەناوەڕاستی یەکا بچن.
١٤- صەلیب: موعەرەبی چەلیپایە کە ئەمیش هەر گاور ئەیکاتە ملی.

**شیعری ژمارە ٣٢**

١- شێخ سەعید و شێخ مەعروف دوو کوڕەزای کاک ئەحمەدی شێخن، کاک ئەحمەد لە ساڵی ١٣٥٠ کۆچی دوایی کردووە. تاقە کوڕێکی هەبووە، شێخ محەمەدە بچکۆڵە. ئەم کوڕە حەوت کوڕی لە پاش بەجێ ماوە. سەید ئەحمەد، شێخ سەعید، شێخ مارف، شێخ مستەفا، سەید حەسەن، سەید عومەر، سەید عیسا، ئینجا سەید ئەحمەد لە پێش کاک ئەحمەد بەشەش حەوت ساڵ کۆچی دوایی کردووە. شێخ مستەفاش بەسەرینی کاک ئەحمەد بووە بەنەقیبی سلێمانی، لە شوێنی سەید ئەحمەدی کوڕی میرەسوورە. ئەم شێخ مستەفایە لە ساڵی ١٢٤٧ی کۆچی لەدایک بووە، وە لە ساڵی ١٣٢٠ی کۆچی لە مەککە کۆچی دوایی کردووە واتە ساڵی ١٩٠٢ی زایینی دوای ئەم شێخ مارف بوو بەنەقیب (الاشراف) دوای ئەم شێخ مەحمود بوو بەنەقیب وەک لە خوالێخۆشبوو سەید براییم بیستووە. ئەوانەی کە بەینی شێخانی سلێمانی و تاڵەبانییان تێک دا وەک خۆیان ئەڵێن: چەند پیاوی خراپ بوو لە شێخانی کانیکەوە.

**شیعری ژمارە ٣٣**

١- عەنکەبووت: جاڵجاڵۆکە.
٢- پەڵوشە: بنەگیایەکی ئەستوور و درێژ و قژقژاوییە دەردێنرێ و بەدەستیشی

ئەکرێتەوە و ئەکرێ بەچاوگی ئاگر.

حووت: نەهەنگی گەورە.

٣- جەدەو: برینێکە لە پشتی گوێدرێژ پەیدا ئەبێ بەهۆی باری قورس و گرانەوە. گوێی: لە چاپی پێشوودا گوێ-یە.

٤- جەلجەلووت: دوعایەکە ئەخوێندرێ بەسەر یەکێکا کە شێت بووبێ.

**شیعری ژمارە ٣٤**

١- ئەگێڕنەوە کابرایەک لە خزمەکانی شێخ ڕەزا ئیشێکی ئەبێ لە دادگای هەولێر لە کاتێکا کە مەعروف ئەفەندی باشکاتبی بدایەت لەوێ ئەبێ. کابرا داوا لە شێخ ڕەزا ئەکا کە کاغەزێکی بۆ بنووسێ بۆ مەعروفەفەندی تا ئیشەکەی بۆ جێبەجێ بکات. شێخ ڕەزاش کاغەزەکەی بۆ ئەنووسێ بەڵام کابرا لە کاتێکا کاغەزەکەی ئەداتێ کە مەعروف ئەفەندی زۆر سەری قاڵ ئەبێ و کاغەزەکەی بۆ ناخوێندرێتەوە کابرا دەرئەکات. کابراش ئەگەڕێتەوە بۆ لای شێخ ڕەزا و ئەمەی بۆ ئەگێڕێتەوە. شێخ ڕەزاش ئەم تەخمیسەی بەکابرادا بۆ ئەنێرێ. مەعروف ئەفەندی کە شیعرەکان ئەخوێنێتەوە لە ئاستی خۆی وشک ئەبێ بەڵام دڵنەوایی کابرا ئەکات و ئیشەکەی بۆ جێبەجێ ئەکات. کابرا دێتەوە بۆ لای شێخ ڕەزا و قسەکانی مەعروف ئەفەندی بۆ ئەگێڕێتەوە. شێخ ڕەزاش ئەم شیعرەی بەکابرادا بۆ ئەنێرێ:

مەعروفی پڕ دیرایەت، گوڵی باخی هیدایەت
چیت پێ بڵێم چاوەکەم، ڕەحمەت لە باب و دایەت

٢- ئەکا دیعایەت: تا خۆی خێری لێ ببینێ.

٣- ڕانیم: واتە تاوم دا.

**شیعری ژمارە ٣٧**

١- واتە ناسرەدین شا، تا هاتی بوو دوو جار سی ئەکاتە شەست ساڵ بەئیستیسنای دوو ساڵ کە ئەمێنێتەوە پەنجا و هەشت ساڵ پاشا بوو. کەچی لەم ماوە دوور و درێژەدا کشێکی نەهاتە ڕێ، کە نیشانەی مردن و نەمانە، بەڵام کاتێک کە نەهاتی هات بەسەد پاسەوانی تایبەتی خۆیەوە لە بستێکی وەک بارەگای -عەبدولعەزیم- دا پیادەیەکی وەک میرزا ڕەزای کرمانی کوشتی. چەند جوانە کۆکردنەوەی کش - و- پەندێکی بەنرخە. ئەم چوارینەیە -ئایەتوڵلا مەردۆخی- لە جلدی دووەمی مێژووی ئەردەڵانا نووسیویەتی بەناوی شێخ ڕەزاوە لە باسی کوشتنی ناسرەدین شادا.



**شیعری ژمارە ٣٨**

١- ئەم چوارینەیەم لە کەشکۆڵێکی دەستنووسا دۆزییەوە.

**شیعری ژمارە ٣٩**

١- ئەم چوارینەیەش هەر وا.

**شیعری ژمارە ٤٠**

مەبەست لە قەڵغانی سیمین هەردوو سمتیەتی کە وەک زیو سپییە.

مارتین: ناوی جۆرە تفەنگێکە وەک بڕنەو.

تفەنگی لوولە چەرمین: بریتییە لە کونی قنگی.

**شیعری ژمارە ٤٦**

١- سنەکی کردم: واتە سمەندوکی کردم.

٢- لەجەر: چرچ و لاواز.

٣- لەسەرم کرد: واتە ناردنیە سەرم کە نەڕۆم.

٤- کارم تەڕ ئەبێ.

٥- ترم کرد: واتە ترەکە بەڕیشی.

**شیعری ژمارە ٤٧**

١- دوودەمان: فارسییە مانای خانەوادە، بنەماڵە.

٢- مەبەست لە نەتیجە: شێخ عەبدولڕەحمان-ە. مەبەست لە تاڵی: شێخ ئەحمەد-ە. مەبەست لە موقەدیم: مەلا مەحمود و، مەبەست لە ئەوان: مەلا مەحمود و شێخ ئەحمەدە. مەبەست لە ئەم: شێخ عەبدولڕەحمان-ە نەتیجە و تاڵی و موقەددیم: زاراوەی منطق-ین لە قەزیەی شەرتییەدا.

**شیعری ژمارە ٤٨**

شێخ ڕەزا لەگەڵ مستەفا بەگ ناوێکا یاری شەتڕەنج ئەکا. مستەفا بەگ وا ئەزانێ کە شێخ ڕەزا ماتە و واتە زەبوونە و کشی لێ ئەکا و لە پاشا کە وا ئەزانێ وا نییە ئینجا فشی ئەکا. کە ڕوانی ماتە خۆی لە چاپی پێشوودا -کە من هەستام ئەو-ە.

**شیعری ژمارە ٤٩**

١- نەی چین: جۆرە قامیشێکی چینییە بەتایبەتی ئەچێنرێ بۆ ئەوەی شەکری لێ دروست بکرێ. واتە ڕوونەیچین، ئەڵێن: شەکرت خوارد. واتە ناماقووڵیت کرد،

بەسەرویش ئەڵێن: سەرت دا لەبەرد.

٢- دەهەن: لە زبانی فارسیدا بەدەم ئەڵێن. واتە ئەی دلبەر ئەگەر دەمی تۆ نەبوایە کە لە بچووکی جوزئی لایتجزایە منیش وەک حوکەما ئینکاری جوزئی لایتجزام ئەکرد. بەڵام بڵێم چی ناتوانم ئینکاری بکەم چونکە دەمی تۆ بەدرۆم ئەخاتەوە.

٣- جەوهەری فەرد بەوردیلەیەک ئەڵێن کە لەبەر بچووکی خۆی قابیلی دابەشکردن نەبێ. زانایان لە زەڕڕەدا دوو بیریان هەیە یەکەمیان کە حوکەما ئەڵێن: زەڕڕەی وا کە قابیلی دابەشکردن نەبێ نییە واتە هەرچەند بچووک بێ قابیلی دابەشکردنە. بۆمبای زەڕڕە کە تەقێنرا قسەی زاناکانی جێگیر کرد چونکە لە دوولەت کردنی زەڕرە ئەو تین و تەوژم و گەرمییە پەیدا ئەبێ. قورئانیش لە ئایەتی ٦١ لە سورەتی (یونس)دا ئەگەیەنی کە زەڕرە قابیلی دابەشکردنە، ئەفەرموێ: (وما يعزب عن ربك من مثقال ذرة في الارض ولا في السماواة ولا اصغر من ذلك ولا في كتاب مبين) واتە پەنهان پۆشیدە نامینێ لە پەروەردگاری تۆ هاوسەنگی زەڕرەیەک نە لە ئاسمان و نە لە زەویدا وە نە بچووکتری لە زەڕرە و گەورەتر لەو مەگەر لە نامەیەکی ڕۆشنا هەیە کە عیلمی خوایە.

واتە ئەوی ئێوە بەجەوهەری فەردی دائەنێن قابیلی دابەشکردنە. ئینجا با بێینەوە سەر مانای شیعرەکە، واتە ئەگەر دەمی بچووکی تۆ نەبوایە ئەی دلبەر کە قابیلی دابەشکردن نییە لە بچووکیدا منیش وەک حوکەما ئەمووت: کە جەوهەری فەرد نییە بەڵام دەمی بچووکی تۆ چەسپانی کە جزئی لایتجزا هەیە.

**شیعری ژمارە ٥٣**

شێخ ڕەزا ئەم بەیتە شیعرەی بۆ -هەمپەڵ- دکتۆری کەرکووکی وتووە پیرەمێرد ئەم بەیتەی تەخمیس کردووە، لە بەشی -پیرەمێرد و شێخ ڕەزا-دا نووسیومانە. نەمانویست لێرەدا دووبارەبێتەوە.

**شیعری ژمارە ٥٥**

پازاڕ: جۆرە بەردێکی زەردباوی زۆر جوانە دانەی تەزبیحی لێ دروست دەکرێ. ئەم وتەیە بە-پ- نووسراوە وە هەموو کەسێک بە-پێ-ی ئەخوێنێتەوە کە لە ڕاستیدا بازارە بە-بێ- چونکە لەو ڕۆژەدا بازاڕ زۆر قەڵەباڵغە و موسوڵمانان و گاور و جوولەکە وەک یەک لەو ڕۆژەدا ئەچن بۆ بازاڕ. هەریەکە بۆ ئیشوکاری خۆی. بەڵام ڕۆژانی هەینی موسڵمان بەپێی فەرموودەی پێغەمبەر درووودی خوای لێ بێ کە ئەفەرموێ (الجمعه حج المساكين وعيد المؤمنين) کەمیان ئەچن بۆ بازاڕ بەڵکو



ئیسراحەتی تیا ئەکەن وە خۆیانی تیا ئەشۆن و هاتوچۆی یەکتری ئەکەن. وە ئەچن بۆ جومعەکردن بەجەماعەت. و هەموو بازاڕێک زۆر پڕوچڕە و هەموو کەسێک دوای کاری خۆی ئەکەوێ.

١- دومباڵ: وتەیەکی فارسییە بەمەعنای دوای یەکێک کەوتن.

٢- سورین: وتەیەکی فارسییە بەمەعنای سمت و کەفەڵە. تەڵای دەستەشار - ئەڵێن گوایە جۆرە زێڕێکی ساغی پاکی بێ خەوشی نەرم و شلە وەک گوتکە هەویر وایە، لە دەستا کە گوشرا لە بەینی پەنجەکانەوە دەرئەچێ. لەگەڵ پەنجەت لێ شل کرد ئەچێتەوە جێی خۆی.

٣- واتە داوێنم گرت و پێم وت: مەرحەمەتێکم لەگەڵ بکە ئەی ئەو کەسەی کە وەک ئەڵماس بەنرخی لە دڵما بەم ڕەنگە مەمسووتێنە، ئاگری عەشقم بکوژێنەوە.

٤- واتە پێی وتم: بابە حاجی برۆ بەلای ئیشی خۆتەوە بۆ تاڵان و برۆیی؟

٥- واتە قسەی هیچ و پووچ مەکە بێ کەڵکە. پارە بێنە، بێ پارە ئارەزووی ماچ و مووچ مەکە وریابە.

٦- واتە پێم وت ئەوەتە سەد دینارم لە کەمەردایە، پڕە لە پارە.

٧- واتە من کەسێکی بەڕێزم خواجەی کەلام هەموو شاوخونکارێک من ئەناسن.

٨- فسوون: جادوو

٩- جەمبوون: کۆبوونەوە.

١٠- سالووس شعار: هەتیوباز.

١١- چاک کردن: وتەیەکی فارسییە بەمەعنا درینە، واتە پەردەی ناموسی خۆی دڕی وتی: وای لێ کردووم پارەکەم ناداتێ ئەمەیە دەستووری پیاوان.

١٢- واتە وتیان: حاجی ئەفەندی حەقی ئەم منالە بدە. شتی نهێنی کە ئاشکرا بوو ئیتر ئینکاری بێ کەڵکە.

١٣- واتە پارەت ئەگەر نییە تا سێ ڕۆژ ماوەت بێ. لەم سێ ڕۆژەدا ئەبێ حەقەکەم بدەیت.

**شیعری ژمارە ٥٦**

١- فەرخوندە: وتەیەکی فارسییە بەمانا موبارەکە.

**شیعری ژمارە ٥٧**

کارزار: فارسییە واتا جەنگ.

١- هوزەبر: وتەیەکی فارسییە بەمانا شێرە.

٢- زولفەقار: ناوی شیرەکەی پێغەمبەرە کە دای بەئیمامی عەلی و تا مرد جەنگی پێ کرد.

ڕێزوار: ناو ژنێکی ناودارە لەناو کاکەییدا. هەروەک یادگار ناوی پیاوێکی بەناوبانگە لەناویاندا.

٤- ئەسفەندیار: کوڕی گوشتاسبی شای ئێرانە. یەکەمین کەسێکە کە بڕوای بەزەردەشت هێناوە وە نزای بۆ کردووە کە تیر و شیر کاری لێ نەکات. بەم بۆنەیەوە لە هەموو جەنگێکا زاڵ بووە.

٥- هورتەمانیش: هورتەمان وتەیەکی فارسییە بەمانا مرۆڕە.

**شیعری ژمارە ٦٠**

١- توولی داو توولێ بووە هەمیشە بەدەست داود پێغەمبەرەوە بوو بۆ هەموو شتێک بەکاری هێناوە. شێخ ڕەزا عەموودەکەی خۆی بەدەستەوەیە وەک ئەو توولە بۆ هەموو کەسێکی بەکار ئەهێنێ.

٢- عەقدی پەروین: کۆمەڵە ئەستێرەیەکە پێی ئەڵێن کۆ.

٣- مالۆسی مەرحووم: مەبەست گەورەی کاکەییەکانە کە گۆشتی بەرازی بۆ حەلاڵ کردوون.

٤- بەریش دا: واتە بەریشی ئیمامەکەیانا کە ئەم ئامۆژگارییانەیان ئەکا.

٥- حلوولی: دەستەیەکن لایان وایە ئەگەر بەپێی ڕێباز و مەزهەبەکەی ئەوانە بڕۆن دوای مردن گیانیان ئەچێ بەبەر ئادەمییەکی تری جوان و ڕێکوپێکا ئەگینا ئەچێ بەبەر سەگێکا وەک لە شیعرەکانی دواوەدا دەردەکەوێ.

٦- عومدەتر: واتە گرنگتر.

٧- پەشم: خوری، واتە ئەم سیانە زۆر گرنگ نین بەڵکو ئەوی گرنگ بێ ئەم چوارەن.

٨- شکستەی جەوز: واتە حورمەتی ئەمانە بگرن بەم ڕەنگە داری گوێز و توولی سەوزە مەشکێننەوە و سەڵکی بەرازی مردارەوە بوو بەکەڵبەکەیەوە فرێ مەدەن.

٩- زەربەفت: قوماشێکی تایبەتە بەبافتە و سورمەدا دووراوێ. غارا: خامەکی شەبەندە بەرۆژ.

١٠- مەزدەک: مرۆڤێکی ئیباحی و هاوچەرخی قوبادی باوکی نەوشیروان بووە کاتێک کە تەماشای کرد هەرچی ئاژاوە و ناکۆکی هەیە هەمووی یا لەسەر ماڵی دنیایە یا



لەسەر ژنە، لەبەرئەوە هەردووکی مەباح کرد، قوبادی بانگ کرد بۆ سەر ڕێبازەکەی خۆی و بەقسەی کرد کە قوباد مرد و نەوشیروان لە جێی دانیشت مەزدەکی کوشت. بابەکیش یەکێک بوو وەک مەزدەک ئیباحی.

١١- هاوار: ناوی دێیەکە لە پشتی عەبابەیلێوە لە ناوەڕاستی دوو باسکدایە لە ڕاست و چەپییەوە.

١٢- خەپلە: بریتییە لە بانگا کە وەک خەپلە نەرم و شل هەڵپناوە.

١٣- پەیکان: نووکی تیر و نێزەیە.

**شیعری ژمارە ٦٣**

ئەڵێن زستانێک زۆر سارد و سەرما و تەڕ و تووش بووە لە کەرکووک لە پاشا بەهار هاتووە بەخۆی و هەموو خێر و بێرێکەوە ئەو بەهارە بەقەد بەهار دومەڵان بووە. لە هەموو لایەکەوە وەک خەرمان هەڵدراوەتەوە و، خواردنیان هەر دومەڵان بووە بەکاڵی، بەکوڵاوی، بەبرژاوی، بەسوورەوەکراوی، بەچێشتی ئینجا بەم بۆنەیەوە ئەم شیعرەی وتووە: تەشبیهی سەرما تەڕ و تووشی ئەو زستانەی کردووە بەهەمەوەند کەتیرەیەکی ئازا و جەنگاوەر بوون.

**شیعری ژمارە ٦٤**

ئەگێڕنەوە کە کوێخا فەتاحی مەشهوور بەسەرپەرشتی دێی قوڵەڕەشی بووە لەگەڵ چواریەکی دێی (موان) وەسمان پاشای جاف پێی ئەڵێ چواریەکەکەی -موان-م پێ بفرۆشە و بەپارەکەی دێی قوڵەڕەشی پێ ئاوا بکەرەوە. کوێخا فەتاحیش ئەڵێ، باشە، بەڵام با جارێ بچم بۆ مووسڵ بۆ ساغکردنەوەی قوڵەڕەش. کە ئەچێ بۆ مووسڵ هەرچەند ئەکا قەیدی تاپۆی قوڵەڕەشی بۆ نادۆزرێتەوە. بەنائومێدی ئەگەڕێتەوە بۆ لای وەسمان پاشا ئەڵێ: لە سای تۆوە قوڵەڕەشیش و موانیشم لە کیس چوو. تکا ئەکەم کاتێک کە چوون بۆ موسڵ هەوڵێکم بۆ بدە بەڵکو قەیدی قوڵەڕەشم بۆ بدۆزنەوە ئینجا بەم بۆنەیەوە شێخ ڕەزا ئەم شیعرە ئەڵێ.

**شیعری ژمارە ٨٣**

لە بارەی ئەم بەیتە شیعرەی شێخ ڕەزا وەکو زۆر بلاوە لەناو خەڵکدا دوو باس هەیە لە باسی یەکەمدا شێخ ڕەزا ئەم شیعرەی بەو هۆیەوە وتووە:

١- ئەگێڕنەوە کە ڕۆژێک شێخ ڕەزا لە محەمەدئەمینی کوڕی تووڕە ئەبێ و دەست ئەداتە دارێک و ڕاوی ئەنێ. محەمەد ئەمین بەهەردوو دەستی بەردەمی ئەگرێ و

ئەڵێ: «یاشێخ سەڵەوات دە، ئەولادتە» شێخ ڕەزا لەسەر ئەو توورەییەوە یەکسەر ئەم شیعرەی بۆ هاتووە.

سەرچاوە جەمال خەزنەدار گۆڤاری ڕەنگین ژمارە ٥٣ - ساڵی ١٩٩٣

٢- باسی دووەم: دکتۆر نوری تاڵەبانی لەم بارەیەوە ئەڵێت: مامۆستا تۆفیق وەهبی بۆی گێڕامەوە وتی لە ساڵی ١٩٥٦دا یەکێ لە کۆنە وەزیرەکانی ئەو سەردەمە مردبوو لە گۆڕستانەکەدا ئەسووڕامەوە گەیشتمە سەر گۆڕی خوالێخۆشبوو شێخ ڕەزا، تەماشام کرد گۆڕ و کێلەکانی تێک شکاون، کە گەڕامەوە ناو خەڵکەکە چاوم بەشێخ حەسەنی کوڕەزای شێخ ڕەزا کەوت، چووم دەستم گرت و بردمە سەر گۆڕەکەی باپیری، وتم باپیرت ناهەقی نەبووە کە ئەو شیعرەی پێ وتوون و شیعرەکەم بەسەردا خوێندەوە. مامۆستا تۆفیق وەهبی وتی وا دیاربوو قسەکەم بێ سوود نەبوو چونکە پاش چەند هەفتەیەک ڕۆژێکیان شێخ حەسەن تەلەفۆنی بۆ کردم و ئاگاداری کردم کە گۆڕەکەی شێخ ڕەزای هەڵبەستووە.

**شیعری ژمارە ٩٥**

١- فەرەیدوون: پیاوێکی زۆر دادپەروەر، لە نەوەی جەمشیدە، کاتێک کاوەی ئاسنگەر زوحاکی کوشت گەلەکەی داوایان لێ کرد کە ببێ بەشا بەسەریانەوە، بەڵام گفتی نەدانێ، لە پاشا وایان لێ کرد کە یەکێکی باشیان بۆ بکا بە شا، کاوەش فەرەیدوونی بۆ کردن بەپاشا. فەرەیدوونیش کاوەی کرد بەسوپاسالاری خۆی (ڕەئیس ئەرکانی جەیش).

**شیعری ژمارە ٩٦**

١- صەفا و مەروە: ناوی دوو گردن لە مەککە، بەرامبەری یەکن، لە تەنیشت کەعبەوەن، حەوت سەد مەتر لەیەکەوە دوورن حاجی یا ئەو کەسەی عەمرە ئەکا لە پاش تەوافکردن ئەبێ حەوت جار لە ناوەندی ئەم دوو گردەدا بێت و بچێ کە ئەمە پێی ئەڵێن -سعي- واتە ئەم دەروێشانی تەکیەیە بۆ خواردن و تیکە گلاندن وەک یونس و حووت وانە واتە چۆن حووت یونس پێغەمبەری قووت دا لە دەریای سپیدا ئەوانیش ئاوا چاوەڕێی خواردنن هەڵی لووشن.

**شیعری ژمارە ١١١**

١- شێخ ڕەزا نزیکی و هاتوچۆ و هاودەمییەکی زۆری هەبووە لەگەڵ خوا لێخۆشبوو دکتۆر حوسەین ئەفەندی - باباجان، لە شیعرەکانیا چەند جار باسی کردووە و ناوی



هێناوە. دکتۆر حوسەین ئەفەندی باباجان پاش گەڕانەوەی لە تورکیا لە کەرکووک دانیشتووە و دکتۆرێکی باش بووە، خزمەتێکی خەڵکی زۆر کردووە و شاعیریش بووە، نازناوی شیعری - شەهید- بووە.

**شیعری ژمارە ١١٣**

١- ڕێسمان: بەگوریس ئەڵێن، ئەم لێکچواندنە بەدوو شت ئەڵێن کە لەیەکەوە هێجگار دوورن. وە موناسەبە لە ناوەندیانا نەبێ (ئاسمان و ڕێسمان) هەر لە وتنا موناسەبەتیان هەیە ئەگینا ئاسمان لە کوێ و گوریس لە کوێ؟

٢- کەیومەرس: مرۆڤێکی زۆر دادپەروەر و بەڕەحم و دڵنەرم بووە، هەندێک لە زانایان ئەڵێن، حەزرەتی ئادەمە، بەڵام ئیمامی غەزالی لە کتێبی -نصيحة الملوك-دا ئەڵێ: کیومەرس برای شیت پێغەمبەرە.

جەمشید یەکێکە لە پاشایانی زۆر کۆنی ئێران. کە بەزۆردار و دەستدرێژ ناوبانگی دەرکردووە.

٣- دەیجوور: شەوی زۆر تاریک. یەڵدا: دوا شەوی پایزە کە درێژترین شەوە لە ساڵدا. واتە ئەو شەوەی کە مراد ئاغای تیا شەهید کرا لەگەڵ شەوی دەیجوور و یەڵدادا وا بزانە دووانەن و بەسکێک لەدایک بوون.

٤- فتح الله ئەسعەد لە چاپی دووەم: لێرەدا نووسیویەتی ئەڵێ ١٢٩٣ی کۆچی تقي‌الدين و عومەر پاشای دیاربەکری عەشیرەتی ئاکۆیان تاڵان کرد و موراد ئاغای حارس ئاغا و عەبدوڵڵا ئاغای گرت، لە بەندیخانەی کەرکووک مراد ئاغا مرد ئینجا لەسەر داواکردنی شێخ قادری و وەستا خدر شێخ ڕەزا ئەم شیعرەی وتووە.

**شیعری ژمارە ١١٧**

١- بۆ تەواوی باسی مێژوویی کوژرانی حەمە پاشای جاف و هێرشی مەحموود پاشای جاف بۆ سەر جوامێر هەمەوەند و کەرەم وەیسییەکان تکایە تەماشای کتێبی محەمەد پاشای جاف بکە. نووسینی ئومێد ئاشنا.

٢- مەحموود بەگ واتە مەحموود پاشای جاف بۆ تەواوی زانیاری لە بارەی ژیانی سیاسی و عەشایری و ئەدەبی مەحموود پاشاوە تەماشای کتێبی مەحموود پاشای جاف بکە نووسینی ئومێد ئاشنا.

**شیعری ژمارە ١٢٠**

١- نۆدێ: دێیەکە نزیک بەشاری سلێمانی کەوتۆتە پشت چیای گۆیژە و ئەزمڕەوە

پیاوی گەورەی تیا هەڵکەوتووە، وەک شێخ مارفی نۆدێ کە مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵ بەعەرەبی کتێبێکی تایبەتی لە بارەیەوە نووسیوە بەناوی (الشيخ معروف النودهي الكردي).

**شیعری ژمارە ١٢٢**

١- لەم نیو دێڕەدا شێخ ڕەزا جوانترین وێنەی شیعری نەخشاندووە.

**شیعری ژمارە ١٢٣**

شێخ ڕەزا ئەم شیعرەی بۆ کۆچی دوایی عەیشی شاعیر وتووە -عەیشی- کە شاعیر و نووسەر شوکری فەزڵی پێنج خشتەکییەکی فارسی لەسەر شیعرێکی فارسی عەیشی نووسیوە بەبێ ئەوەی بنووسرێ عەیشی کێیە؟ لێرەدا دەڵێین: عەیشی شاعیرێکی کوردە خەڵکی جوانڕۆ بووە، هەورامی بووە. من دڵنیام شیعری کوردی هەبووە بەڵام بەداخەوە ئەویش وەک زۆر بەرهەمی ئەدەبیمان ون بووە، شێخ ڕەزا بەسەلیقەی شاعیرانەی خۆی لە وشەی جوانڕۆدا وردەکارییەکی جوانی بەکارهێناوە بەشێوەی (جوانڕۆ) جوانڕۆ.

**شیعری ژمارە ١٤٣**

جارێک کۆمەڵێ مەکتەبلی ئەچنە لای شێخ ڕەزا پێی ئەڵێن (یاأحمق الحمار)مان بۆ ئیعراب بکە، ئەویش بەم چەند بەیتە شیعرە بۆیان ئیعراب دەکات.

**شیعری ژمارە ٢٠٩**

حاجی عەبدوڵڵا: مەبەست لە حاجی مەلا عەبدوڵڵای جەلی زادەیە کە کوڕی مەلا ئەسعەدی جەلی زادەی کۆییە و هاوڕێی نزیک و خۆشەویستی شێخ ڕەزا بووە. باوکی مامۆستا مەلا محەمەد بووە کە مەلا محەمەدی کۆیە باوکی مامۆستا مەسعود محەمەدە. حاجی مەلا عەبدوڵڵای جەلیزادە ساڵی ١٢٦٠ لەدایک بووە و ساڵی ١٣٢٦ کۆچی دوایی کردووە.

**شیعری ژمارە ٢١١**

خادمی سجادە: محەمەدی ڕەفیق کوڕی حاجی ئەمین کوڕی حاجی مەلا محەمەدی کوڕی مەلا ئەسعەدی خادیم سجادەیە لە ساڵی ١٢٨٥ی کۆچی بەرامبەر ١٨٦٦ی زایینی لە شارە خنجیلانەکەی کۆیە لەدایک بووە. گەلێ نزیک بووە لە شێخ ڕەزا بەتایبەتی ژیانی هەردووکیان لە شاری کەرکووکدا. ڕەفیق ئەفەندی خادیم سجادە پیاوێکی بەناوبانگ و شاعیرێکی باش بووە، گەلێ پلەی میری بەرزی بینیوە.



ساڵی ١٩٢٤ بووە بەنوێنەری کەرکووک لە پەرلەمانی عێراقدا. بەشێوەیەکی جوان تەکیە و خانەقای خادیم سجادەی بردووە بەڕێوە وەک حاجی ئەمینی باوکی و بگرە باشتر. ساڵی ١٩٦٣ی زایینی کۆچی دوایی کردووە.

**شیعری ژمارە ٢٣٣**

لەم بەیتە شیعرەدا مەبەست لە مەریوانی، مەلا عەبدوڵڵای مەریوانی ١٨٧١ - ١٩٣٨ کە خزمەتێکی زۆری کەلەپووری ئەدەبی کوردیی کردووە. شیعری هەورامیی مەولەوی هێنایە شاری سلێمانی و یارمەتی زۆری پیرەمێردی داوە لە وەرگێڕانی شیعرەکانی مەولەویدا لە هەورامییەوە بۆ شێوەی سلێمانی. کەشکۆڵە مەزن و پڕ بایەخەکەی عەبدوڵڵا مەریوانیی بەناوبانگ ئێستا لە لای مامۆستا محەمەد عەلی قەرەداغییە. مەلا عەبدوڵڵای مەریوانی لە دێی وڵەژێری مەریوان هاتۆتە دنیاوە و لە شاری سلێمانی کۆچی دوایی کردووە. مەلا عەبدوڵڵا کوڕی مەلا مەعروفی کوڕی سۆفی قادری کوڕی مەلا ئەحمەدی کوڕی سلێمان و دایکی ناوی خاتوو زبێدەی کچی شێخ محەمەدی هەرگێنە بووە.

## سەرچاوەکان


١- دیوانی شێخ ڕەزا، چاپی ١٩٤٦، ئامادەکردنی شێخ عەلی تاڵەبانی.
٢- دیوانی شێخ ڕەزا، چاپی ١٩٩٣، ستۆکهۆڵم، تەنها بەشی کوردی، کۆکردنەوەی: ناسری ئیبراهیمی.
٣- دەفتەرێکی دەستنووسی مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵ کە هەتا شیعری پیتی - واو- ڕووخاندنی گەردشی گەردوون-ی تێدا نووسرابوو.
٤- ئەنجومەنی ئەدیبان، ئەمین فەیزی بەگ، ساڵی ١٩٢٠ی ز، ئەستەمبوڵ چاپی دووەم بەلێکۆڵینەوەی لیژنەی کۆڕی زانیاری چاپی ساڵی ١٩٨٣ی ز.
٥- شێخ ڕەزای تاڵەبانی، نووسینی دکتۆر عزالدین مستەفا ڕەسوڵ، چاپی ١٩٧٩ بەغدا.
٦- ڕشتەی مرواری ژمارەکانی ١، ٢، ٣، ٤، ٥، ٦، ٧، ٨ کۆکردنەوە و نووسینەوەی مامۆستا عەلائەدین سەجادی.
٧- تۆمارێکی تایبەت بە -ئەمین فەیزی بەگ- گۆڤاری بەیان، بەغدا.
٨- گۆڤاری ڕەنگین ژ ٥٢
٩- گۆڤاری ڕەنگین ژ ٦٥
١٠- گۆڤاری ڕەنگین ژ ٥٠
١١- شیعری شێخ ڕەزا بۆ ئەحمەد پاشای بابان -کتێبی ئاوڕێکی پاشەوە- حسین حزنی موکریانی ساڵی ١٩٣١.
١٢- ڕۆژنامەی ژین ژمارە -٨٥٤- ساڵی ١٩٤٧.
١٣- شێخ سەعیدی حەفید، نووسینی سۆران مەحوی.
١٤- گۆڤاری کۆڕی زانیاری.
١٥- ڕۆژنامەی ژنان، ژمارە ٥١٧ ساڵی ١٩٣٧.
١٦- شوکری فەزلی -ئەستێرەیەکی گەش - غەفوری میرزاکەریم.
١٧- ناڤدارێت کورد، جەمیل صدقی زەهاوی - خالد محمد شریف.
١٨- ڕۆژنامەی ژیان، ژمارە ٤٨١، ساڵی ١٩٣٥، نووسینی پیرەمێرد لە بارەی شێخ ڕەزا - بەناونیشانی بۆ بەگزادەی تانوپۆ ئاوریشم- حەسەن بەگی عەلی بەگی جاف.
١٩- ڕۆژنامەی ژیان ژمارە -٤٤١- مایسی ١٩٣٥- نووسینی پیرەمێرد بەناوی تەنقیدێکی ئەدەبیات.





٢٠- ڕۆژنامەی ژین ژمارە ٨٥٢، کانوونی یەکەمی ١٩٤٦، نووسینی پیرەمێرد.
٢١- ڕۆژنامەی ژیان، ژمارە ٤٤٢ پیرەمێرد و تەخمیسی شیعری شێخ ڕەزا.
٢٢- ڕۆژنامەی ژیان ژمارە ٤٤٣ بەشێ شیعری پیرەمێرد بۆ شێخ ڕەزا.
٢٣- بەشێک لە دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی، نووسینی شێخ محەمەدی خاڵ چاپی کۆڕی زانیاری عێراق.
٢٤- ئەی بەرامبەرەکانی شێخ ڕەزا چییان وتووە؟ نووسینی مستەفا نەریمان.
٢٥- نووسەرانی ئینگلیز لەگەڵ شێخ ڕەزای تاڵەبانی، عمر عبدالله عزیز.
٢٦- کۆچی هونەرمەند بەدیع باباجان، نووسینی مامۆستا جەمیل ڕۆژبەیانی.
٢٧- سەرگوزەشتەیەکی کورتی دکتۆر حسین ئەفەندی باباجان، حسین بەرزنجی.
٢٨- ڕۆژنامەی (الرقیب) بەغدا خاوەنەکەی (عبداللطیف ثنیان) ژمارە ٨٢-٩ی مەحەرەمی ساڵی ١٣٢٨ کۆچی، ٧ی کانوونی دووەمی ١٩١٠ هەواڵی نەخۆشکەوتنی شێخ ڕەزای بڵاو کردۆتەوە.
٢٩- هەمان ڕۆژنامە ژمارە ٨٣-١٢ی مەحەرەمی ١٣٢٨، ٣٠ کانوونی دووەمی ١٩١٠ هەواڵی کۆچی دوایی شێخ ڕەزای بڵاوکردۆتەوە. وە ڕۆژی سپاردنی بەخاک ڕۆژی ٢١ی کانوونی دووەمی ١٩١٠ بووە ڕۆژی هەینی.
٣٠- گەشتێکی تر بەجیهانی شێخ ڕەزای تاڵەبانیدا دکتۆر نوری تاڵەبانی.
٣١- کەشکۆڵی مەلا عبدالله مەریوانی، محەمەد عەلی قەرەداغی کاروان ژ ٢٩ ساڵی ١٩٨٥.
٣٢- شێخ ڕەزای تاڵەبانی نووسینی عەلی خورشید، کاروان ژ ٦٤ ساڵی ١٩٨٨.
٣٣- دیسانەوە و لەم بەروەبەری موفتی زەهاوی و شێخ ڕەزای تاڵەبانیدا- ئەحمەد تاقانە، گۆڤاری ڕەنگین ژ ٦٥ ساڵی ١٩٩٤.
٣٤- موفتی زەهاوی و شێخ ڕەزای تاڵەبانی، محەمەد عەلی قەرەداغی، گۆڤاری ڕەنگین ژ ٥٠ ساڵی ١٩٩٢.
٣٥- بەرەو لێکۆڵینەوەی دیوانی شێخ ڕەزا، ڕەنگین ژ ٩٧، ساڵی ١٩٩٣.
٣٦- جارێکی تر موفتی زەهاوی و لەم بەروەبەرەدا، ڕەنگین ژ ٥٣ ساڵی ١٩٩٣.
٣٨- پاراستنی پاشماوەی کۆنمان لە کاری کۆڕدا، کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا ساڵی ١٩٧٣.